# دەروازەکانی ئاین
# لە نێوان زەوی و ئاسماندا

## پەیدابوون و گەشەسەندنی
## ئاین .. خودا .. پەرستن و قوربانی

نوسین و ئامادەکردنی

**مەریوان هەڵەبجەیی**

**بەرگی یەکەم و دووهەم**
**هیندۆسی و بوزی**

چاپی سێهەم
٢٠١١

www.xwdakan.com
www.xwdakan.net

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو  مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

**ناوی کتێب**

**دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا**

**بابەت :** توێژینەوەیەکی ئامادەکاریی مێژوویی لەبواری
زەمان و زەمینەی پەیدابوون و گەشەسەندنی
ئایین ، خودا ، پەرستن و قوربان

**نوسین و ئامادەکردنی :** **مەریوان هەڵەبجەیی**

**تایپ، هەڵەبڕی، بەرگ و نەخشەسازی :** پێشەوا

**ژمارەی بەرگەکان :** بەرگی یەکەم و دووهەم
**هیندۆسی و بوزی**

**ژمارەی چاپ :** چاپی سێهەم هاوینی ٢٠١١
**تیراژ :** ٣٠٠٠ دانە

www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

**پێشەکی** ............................................... ٦
سەرەتایەکی پێویست بۆ
شوێن و پێشینەی ئایینەکان لە هیندستاندا

١- ڕووبەری هیندستان، جوگرافیاو تۆبۆگرافیا............
٢- بنەچەو ڕەگەزی هیند.................. ................ .........
٣- زمانی هیند............... ................ ........................
٤- ئایین لە هندستانی کۆندا............... ................ ........
مانگاپەرستی و خواوەندەکان................. ................ ...

**بەرگی یەکەم ئایینی هیندۆسی**

**فەسڵی یەکەم**
١- سەرهەڵدانی ئایینی هیندۆسی......... ................. .......
٢- (ڤیدا)، کتێبی ئاسمانی.......... .................. ......... ........
٣- بەشەکانی (ڤیدا)......... ................ ................ .........
٤- چەند نموونەیەک لە کتێبی (ڤیدا)......... ....................
٥- کتێبەکانی دیکەی ئەم ئایینە:...... ................ ...........
أ- کتێبی مهابارتا.......... ................. ............... .... .........
ب- کتێبی گیتا................. ................ ......... ...............
ج- کتێبی یۆگاڤاسستها................ ........... ................
د- کتێبی ڕامایانا................. ..................... ...............

**فەسڵی دووهەم**
کۆسمۆلۆجیای هیندۆسی و یەکەم گیانلەبەر.................
١- خوا لە بۆچوونی هیندۆسیدا................. .................

٢- هیندۆسی و چینایەتی ئایینی.......................................
١- ( بەرهەمی )یەکان.................. ................. ................
٢- ( ئەکشتەری )یەکان............... ............................
٣- ( ڤیشی )یەکان................. .................... ................
٤- ( شودرا )کان.................. ....................... ................

**فەسڵی سێهەم**

گرنگترین عەقیدەی هیندۆسی.
١- کارما ( قانون الجزاء )........ .................... .......... .......
٢- دۆناودۆن ( تناسخ الرٍرواح )..................... ................
٣- دەرچوون ( الإنطلاق )................. .......... ................
٤- یەکێتی بوون ( وحدة الوجود )................... ............. ٠

**فەسڵی چوارهەم**

سی نموونە لە شەریعەتی هیندۆسی
١- دەسەڵات................ ................ ............. ................
٢- ئابووری................ ................ ............. ................
٣- ئافرەت................ ................ ................ ................

**فەسڵی پێنجهەم**

١- سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی هیندۆسی .......... ................
٢- پاشکۆی ئایینی هیندۆسی ...................... ................
٣- بەراوردکارییەکی خێرا................. .......... ................

**بەرگی دووهەم**

**ئاینی بوزی**

پێشینەیەک بۆ دەرکەوتەکانی
نێوان هیندۆسی و ئایینیەکانی دیکە...........................................

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

ئەفسانەی لەدایکبوونی بوزا..........................................................................
ژیانی بوزا..........................................................................................
داستانی مردن......................................................................................
(دامایادا) کتێبی پیرۆزی بوزییەکان...........................................................
پوختەی ئایینی بوزی...........................................................................
لە گوتەکانی بوزا...................................................................................
خودا لەبۆچوونی بوزیدا.........................................................................
مەزهەبەکانی بوزی.................................................................................
فەلسەفەی بوزا.......................................................................................
لە فەلسەفەکانی بوزا...............................................................................
ڕێسای سروشت....................................................................................
دۆناودۆن.............................................................................................
بەهەشت و دۆزەخ لە بۆچوونی بوزیدا......................................................
چۆنیەتی ڕزگار کردنی ڕۆح
یاسای دۆناودۆن ...................................................................................
لە نیرڤانا...............................................................................................
شتێک دەربارەی نیرڤانا.........................................................................
لەبارەی ئافرەتەوە....................................................................................
گۆڕانکاری و پێشکەوتنی فکریو فەلسەفی بوزا..........................................
بوزا، لەنێوان و ئایین و فەلسەفەدا..............................................................

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## پێشەکی

زانستی ئایینەکان دەروازەیەکی گرنگە بۆ توێژینەوە لەسەر ناسینەوەی مێژووی حەقیقی ئەو کۆمەڵگایانەی ئایینیان تێدا دروست بووە، خوێندنەوەیەکی مەیدانی ئەکادیمییە بۆ مێژووی فەسلەفەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵانەی کەپەیوەندییە ڕۆحیەکانیان وابەستە کرووە بەکۆمەڵێک ئاکارو ڕەفتاری هەندێک لەڕەهەندە میتافیزیکیەکان. ئەم زانستە لەئێستادا بەشێکی سەرەکی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زۆربەی هەرە زۆری زانکۆکانی جیهانە، جگە لە هەندێک لەدەوڵەتە ئیسلامییەکان، وڵاتیکی پێشکەوتووی شارستانی لەجیهاندا نابینین توێژینەوەی زانستی لەو بارەیەوە ئەنجام نەدابێت. چونکە مێژووی مرۆڤایەتی لەجیهاندا، بەتایبەت ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێگەیەکی سەرەکی بوون بۆ هەموو ئەو بیرو داهێنان و بیرۆکە فەلسەفییانەی کەلەبەرگی ئاییندا خۆیان نیشان دابوو.

ڕۆژهەڵاتیش, چەقی کۆنترین و گەورەترین ئایینە لە جیهاندا. کۆنترین هوشیاری لەڕۆژهەڵاتدا, بەتایبەت لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیستەمی دەسەڵات و دامەزراوە یاساییەکانیەوە, لەئاییندا سەریهەڵداوە. هەربۆیە کۆنترین ڕەخنەش لەو ناوچانەدا ڕووبەڕووی ئایین بووەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕێخۆشکەرە بۆ ئێمە کە چۆن خوێندنەوەیەکی بێلایەنانەو زانستیمان بۆ شێوەی سەرهەڵدان و ناساندنی ئایینەکانی مێژوو هەبێت, بەخوێندنەوەیەکی وردی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو ڕاستیانەی کەئایین دیاردەیەکی مێژووکردە، لەکۆمەڵ و کۆمەڵگاو ناوچە جیاجیاکانداو لەقۆناغێکی پێویستی مێژوویدا وەک زەروورەتێک سەریهەڵداوە، ئەو گەشەسەندنەی لەبوارەکانی فەرهەنگی, کۆمەڵایەتی,

سیاسی, ئابوری و شارستانی لەقۆناغەکانی مێژوودا ڕوویانداوە ئاڵوگۆڕیان بەسەر ئایینەکەدا داهێناوە، بۆ هەریەکێک لە قۆناغەکان و بۆ هەریەکێک لەناوچەکان مەزهەبێکی دیاریکراوی سەر بە ئایینەکە دروستبووەو ئاینزاکانیش توانیویانە زۆر شارەزاییانە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی حوکمڕان وەک پلەی یەکەم و خواست و ئامانجەکانی خۆیان بەپلەی دووهەم تێدا بپارێزن.

ڕەنگە تێڕوانینی هەمووومان بۆ ئایین، بەو شێوەیەی کەئێستا لەبەرچاوەو لەلایەن تاکەکانەوە پراکتیک دەکرێت تاڕادەیەک لەیەک نزیک نەبێت، چونکە هەبوونی دینی ئیسلام لەناو ژیانی ڕۆژانەماندا بەشێوەیەکی سەخت دەخالەتی لەتەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا کردووەو کاریگەریی بەسەر بیرکردنەوەو تێڕوانین هەموو لایەکمان دروست کردووە، بەڵام ئەم ڕامانە ناتوانێت ئەو حەقیقەتەمان لێ بشارێتەوە کە لە گوتارە هەمە چەشنەییەکانی ئاییندا هەن و ئاستو هەمە چەشنەییەکانی گەلێک، نەتەوەیەک، وڵاتێک، یان مێژوویەکی تێدا دیاری بکەین، هەروەها ناتوانێت ڕێگریمان لێ بکات کەلەپاشماوەکانی ئەو ئایینەوە بەڕوونی ئاستی ڕۆسنبیری سیاسی و دەستوری و تەنانەت ئەدەبی بۆ ئەو زەمەنە ببینین کەئایینەکە تێیدا سەریهەڵداوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستت یەکەم لێکۆڵینەوەیە لەکوردستانداو لەبواری زانستی ئایینەکاندا ئەنجام درابێت. پێش ئەم لێکۆڵینەوەیە هەندێک کەس هەوڵیان داوە بەم دەروازەیەدا تێپەڕ بن، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەنها لەئایینە یەکانەییەکاندا خۆیان نیشانداوە، ئیسلام، مەسیحی، هەندێک جاریش زەردەشتی، هەریەک لەمانە بەجیا، یاخود بەراوردکارییەکی ڕەخنەیی لەنێوانیاندا، لەوە بەدواوە نەتوانراوە چوارچێوەیەکی وەهای بۆ بخولقێنرێت کەلەو سنوورە دەرچن و هانگاو بۆ ئایینە کۆن و دوورەکان بهاون.

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئێستا، کە دوای ساڵانی دوو هەزارو دەیە، لەکتێبخانەی کوردیدا نموونەی ئەم کتێبە هەن بەڵام ئێمە لەساڵی دووهەزارو یەکدا ڕێچکەکەیمان شکاندو بۆ یەکەمینجار لەم بارەیەوە ئەم چەند بەرگەمان بە زمانی کوردی خستە کتێبخانەکانی کوردییەوەو یەکەمین کتێبێک بوو باس لەچەندین ئایینی مێژوویی و ناودارو گەورەی جیهانی بکات و بەلۆژیکی ئێستای مرۆڤایەتیان بناسێنێت. لەچەندین بەرگدا کۆکراونەتەوە. بەتەوابوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە خوێنەر وەڵامی زۆر لەپرسیارە دێرینەکانی مرۆڤایەتی دەربارەی ئایین دەست دەکەوێت: بیرۆکەی ئایین و خودا چۆن سەریانهەڵدا.؟؟ بت پەرستی، ئاکارەکانی پەرستن، دیاردەکانی پاڕانەوەو خۆبەخشین و قوربانیدان، بەهەشت و دۆزەخ، ڕۆح، مردن، حەقیقەتی زیندووبوونەوە، زۆرو زۆری تر لەم بەرگانەدا باس کراون وەڵامێکی لۆژیکانە دەدەنە ئەو کەسانەی کەبەشوێن حەقیقەتە نادیاردە شاراوەکانی ئاییندا دەگەڕێن.

ئەم توێژینەوەیە چەندین بەرگە، بەرگی یەکەم ئایینی هیندۆسییە. دووهەم بوزی یان بودا، سێهەم جینی، چوارهەم مەسیحی، پێنجەم داوی، شەشهەم شنتۆیی، حەوتەم کۆنفۆشیۆسی، هەشتەم زەردەشتی، نۆهەم یەهودی، دەهەم ئیسلام.

بە دە ئایین کۆتاییم پێ هێناوە چونکە ئەم دە ئایینە گەورەترین ئایینن کەلەسەردەمەکانی دێرین و نوێدا مومارەسەی ڕێوڕەسمەکانی بکرێن، هەر یەکێک لەم ئایینانە بەلایەنی کەمەوە نیو ملیار باوەڕدار شوێنکەوتەی هەیە.

دەستپیکردنی ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی نەوەدەکانەوە بووەو تا ئێستاش تەواو نەبووە، بەرگی یەکەمی وەک کتێبێک لەساڵی 2001 لە270 ی پەڕەی قەبارە گەورەدا لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ بووە، بەڵام بەداخەوە دواتر بەهۆی کۆمەڵێک کێشەی یاسایی و ئایینی و فتوای کۆنەپەرستانەوە ئەم پرۆژەیە لەکارکەوت.



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

یەکەم کۆمەڵە ئایینێک لەم بەرگەدا باسیان بکەین هەردوو ئایینی هیندۆسی و بوزیە. چونکە لەڕۆژهەڵاتدا کۆنترین ڕێورەسمی ئایین و کۆنترین ئاکاری ڕۆحی و پەنابردن بۆ تەفسیرکردنی دیوە سایکۆلۆژییەکەی ئینسان لەو ناوچە کۆنانەی هیندستانەوە سەریهەڵداوە کەتێیدا ئەم دوو ئایینە گەشەی سەند، ناوچەکانی هیندستان بوونەتە هۆی دروستبوونی گەورەترین ئایین لەمێژووی کۆن و نوێدا، کەئەویش ئایینی هیندۆسییەو دوای ئەویش هەردوو ئایینی بوزی. لێرەدا خۆمان بەناچار دەزانین پێش باسکردن لەم ئاینانە دەبێت هەندێک زانیاری پێویست و گرنگ دەربارەی ناوچەو کۆمەڵگای هیندی بەخوێنەر بناسێنین،، دواترو لەبەرگەکانی تردا باسی ئایینەکانی دیکە بکەین.

## سەرەتایەکی پێویست
## بۆ شوێن و پێشینەی ئایینەکانی هیندستان

### یەکەم

### رووبەری هیندستان، جوگرافیاو تۆبۆگرافیا

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

لەکاتی دەرکەوتنی ئایینەکاندا رووبەری هیندستان بە پاکستانی ئەمڕۆوە, نزیکەی ٣٦٢،٧٨٢،٣ کیلۆمەتری چوارگۆشە بووە.[1] هێندەی ئەورووپای ئێستا بووە. دەکەوێتە باشووری کیشوەری ئاسیاوە، بەم پێیە, هیندستان جێگاو شوێنێکی گرنگی لەسەر وشکانی داگیر کردووە.

زۆر لە کیشوەری ئەفریقیا دەچێت، سێ گۆشەیەکی خوارو خێچ کە لوتکەکەی کەوتووەتە خوارەوە، دوو لای ئاوەو لایەکی وشکانی . ئەگەرچی نەبوونی هۆکارەکانی هاتوچۆی دەریایی لەو سەردەمەدا بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم وڵاتە بەداخراو بزانرێت, بەڵام لەرووی جیۆپۆلەتیکییەوە ئێستا پێی دەگوترێت وڵاتێکی کراوە. هەردوو زنجیرە چیای سەخت و گەورەی (هیمالایا)و (سلێمان) وەک مەرزێکی سروشتی لەبەشی سەرەوەو زۆربەی لایەنە وشکانییەکەی ئەم وڵاتەدا قوت بوونەتەوە، وەک دوو مەمکی شیردار, دوو رووباری گەورە لە زنجیرە چیاکانی هیمالایا هەڵدەقوڵێن، رووباری (کنگا) کە دەرژێتە کەنداوی (بەنگال)، رووباری (ئیندۆس) یان (سیندۆس) کە دەڕژێتە زەریای ئارامەوە.

زنجیرە چیایەکی گەورەو چەند دارستانێکی چڕ هیندستانی کردووە بە دوو بەشەوە، بەشێوەیەک لەیەکی دابڕاندوون کە جیاوازییەکی تەواوی لە بوارەکانی کلتووری و کۆمەڵایەتی و دابونەریت و زمان و ئەدەب و کەلەپووری ئەم دووبەشەدا دروستکردووە.

ناوی ئەم وڵاتەو دانیشتوانی هیند، هیندی، هیندستان، هیندۆسی لەناوی روباری (ئیندۆس) یاخود (سندۆس)ەوە هاتوە. پیتی (س)ی هیندی, بەرامبەر بە (هـ)ی فارسییە، (سند) (هیند)، (ئیندۆسی )(هیندۆسی ).[2]

---

1 کرم, د. یوسف کرم, مع مدکور, د. ابراهیم المدکور: دروس في تاريخ الفلسفة, الطبعة الأولى 1971 بيروت, لبنان.ص(30)

2 حبيب سعيد محمود: اديان العالم الكبرى, الطبعة العاشرة 1980, مكتبة النهضة المصرية. ص (15)

شارستانییەتی هیند زۆر کۆنە، خۆڵی ئەم خاکە بەر لە (سوکرات) چەندین فەیلەسوف و دانای گەورەی دروستکردوە.

هیند وڵاتێکی سەرسورهێنەرە، لەهەندێک ناوچەدا گەرم گەرم دەڵێی چلەی هاوینە، هەر لەو کاتەداو لە شوێنێکی دیکەدا بەهارەو رێژنەی بارانە. چیا بەرزەکانی ئەم وڵاتە هەمیشەی بەفری پۆشیوە، لەهەندێک ناوچەدا وشکانی و بێ ئاویەکی سەخت، لەهەندێک ناوچەی دیکە دارستانی چڕو پڕو هەمیشە سەوز، ئەگەر کەسێک بیەوێت گەشتێک بۆ هیند بکات، هەر چوار وەرزەکە پێکەوە دەبینێت.

## دووهەم
## بنەچەو رەگەزی هیند

هیند سەنتەرێکی شارستانی دێرینە، شان بەشانی شارستانییەتە کۆنەکانی بابل و ئاشوورو میصرو چین دێت و دەچێت. ئەمە سەرباری ئەوەی کە زانیارییەکان سەبارەت ئەو شارستانیەتە هەرەکۆنەی لەم وڵاتەدا هەبووە –بەر لە داگیرکردنی لەلایەن ئارییەکانەوە- زۆر زۆر کەمە..! بەڵگەی بیناسازی گەورەیان دۆزیوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پ.ز. بەڵام مێژووی شارستانییەتی هیند پاش کۆچکردنی ئارییەکان بۆ ئەم وڵاتە ئاشکراترە. زەریای ئارام

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

باشووری هیندستانی بەڕووی هەموو هاتوچۆیەکدا داخستبوو، لەباکووریشەوە سەختی و بەرزی چیاکان بووبوونە هۆی ئەوەی کە تەنها دوو توولە ڕێگا, هیندستان ببەستێتەوە بەدەرەوەی خۆیەوە.

لەم دوو تولە ڕێگایەوە دوو ڕەگەزی سەرەکی دزەیان کردە ئەم وڵاتەو گۆڕانکاری گەورەیان لەمێژووی هینددا دروستکرد.

(تولە ڕێگای یەکەم، دەروازەی ڕۆژهەڵات، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چیای هیمالایا، نزیک دۆڵ و روباری براهما بوترا، لەم تولە ڕێگایەوە نەژادێکی زەردباوو تۆرانی دزەیان کردە ئەم وڵاتەو بەهۆی تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازییەوە سێ جۆر پێست و ڕەنگیان خستەوە. تولە ڕێگای دووەم، دەروازەی ڕۆژئاوا، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای چیای هیمالایا، ئارییەکان کەسپی پێست بوون, هاتنە ناوەوە و پاش چەند سەدەیەک بە تێکەڵ بوونیان لەگەڵ هیندییە ڕەسەنەکاندا, چەند پێست و ڕەنگێکی دیکەیان خستەوە، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە چەندین ڕەنگ و پێست و ڕەگەزی جیاواز جیاواز لەم وڵاتەدا هەبن. جگە لە چەند ڕەگەزێک کە لە ترسی تۆرانی و ئارییەکان روویان کردە چیا بەرزو دارستانە چڕەکان و تێکەڵی هیچ لایەکیان نەبوون).[3]

ئەو ئارییانەی لەناوچەکانی دەوروبەری دەریای قەزویندا –پێش چوار هەزار ساڵ بەر لەزایین- دەژیان، هەر ئەمانە بوون کە چوونەتە هیند و ئێران و ئەم دوو نەژادە بە ئامۆزای یەکتر دەزانرێن. وا دیارە کۆچی ئارییەکان بۆ هیندستان لە سێ هەزار ساڵ پێش زایینەوە دەستی پێکردووەو لە هەزارو پێنج سەد ساڵ پێش زاییندا بە تەواوی لەم وڵاتەدا بڵاوبوونەتەوە.[4]

جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوان هاتنی تۆرانییەکان و ئارییەکاندا هەیە:

---

3 الفالحي, د. هلال الفارحى: اساس الدين, الطبعة الثانية / 1985, مكتبة مدبولي, القاهرة. ص (75)

4 ايران فى عهد الساسانيين تاليف. كريستنسن. ترجمة :يحى الخشاب ص (24)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

تۆرانییەکان, داگیرکەرو جەنگاوەر بوون هەر بۆیە ژن و منداڵیان لەگەڵ نەبووەو پاش دەستدرێژییەکی زۆر هێندە لەو ناوچەیەدا نەماونەتەوەو تێکەڵاوییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ هیندییەکاندا نەبووە. بەڵام ئارییەکان, کۆچەربوون نەک جەنگاوەرو داگیرکەر، هەربۆیە لەبری چەک و پێداویستی جەنگ, هەموو موڵک و سامان و ئاژەڵ و خێزان و منداڵیان پێش خۆیان داوەو ئایین و کەلتورو دابونەریت و بیروباوەڕیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کە لەسەرەتاوە تا چەند سەدەیەکیش تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازییەکی ئەوتۆ لەگەڵ هیندییە رەسەنەکاندا نەکەن و ئەم تێکەڵکردنە لەسەدەکانی دواییدا روو بدات.[5] هەر لێرەوە دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی ئارییەکان کەمتر لە تۆرانییەکان کاریگەرییان لەسەر رەنگ و پێست و نەژادی هیندییە رەسەنەکان داناوە.

وەک (گوستاف لیبۆن) باشتر روونی دەکاتەوە, دەڵێت:

تۆرانییەکان, لەش و رەگەزو خوێنی هیندییەکانیان داگیرکردووەو خوێن و رەگەزی خۆیانیان ئاوێتە کردووە، بەڵام ئارییەکان کاریگەری زۆریان لەسەر زمان و یاسا و ژیان و ئایین و دابونەریت و ئەفسانەو ئەدەب و کلتوری هیندییەکان هەبووە.[6]

ئارییەکان لە هیندستاندا نیشتەجێ بوون و پەرەیان سەندوو ئێستا جێدەستیان بە ژیان و شارستانییەتی هیندەوە دیارە. بەڵام جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین کە سەربازی تیرو تەسەلی ئارییەکان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە, کە ئەمە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی لەسەرەتادا ژن و ژنخوازی لەگەڵ هیندییە رەسەنەکاندا نەکەن، ئاینی ئارییەکان هۆکارێکی گرنگی دیکە بووە لەبەردەم سستی و دواکەوتنی تێکەڵاوی نەژادیی نێوان خۆیان و هیندییەکاندا، چونکە ئارییەکان نە هیندی و نە تۆرانییان بە

---

5 اديان الهيند الكبرى – د.احمد شلبي –ص (7)

6 حضارة الهند، گوستاف ليبون، ص ٩٨



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

شایەنی ئەوە نەزانیوە کە نەژادی پاک و خوایی خۆیانیان ئاوێتە بکەن.
ئەم هۆکارە ئایینیەش لەم پاڕانەوەیەدا بە روونی دەردەکەوێت:

**(ئەی ئیندرا**
**خوای گەورەی ئاری**
**وەک دەزانی لەهەموو لایەکەوە**
**خێڵی (داسیو)[7] چواردەوریان لێتەنیوین و**
**قوربانی نادەن و لەنەوەی مرۆڤ نین**
**باوەڕیان بەهیچ شتێک نییە..**
**ئەی کاولکەری دوژمنان،**
**کاولیانکەو لەناویانبەرەو**
**خێڵی (داسیۆ) مەهێڵە).[8]**

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئارییەکان, هیندییە رەسەنەکانیان لەخۆیان دوور خستووەتەوە, یاخود وەک کۆیلە رایانگرتوون و هەمیشە بە کەمتر لەمرۆڤ سەیریان کردوون و بەهیچ شێوەیەک بەشایەنی ئەوەیان نەزانیون کە ژن و ژنخوازییان لەگەڵدا بکەن.

شایەنی باسە پاش چەند سەدەیەک و بەهۆی چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی و ماددی و شارستانییەوە وردە ئارییەکان تێکەڵ بە رەگەزەکانی دیکە دەبن و بە پێی هەندێک مەرج, کە دواتر باسیان لێوە دەکەین, ژن و ژنخوازیش دەکەوێتە نێوانیانەوەو هەر ئەمەشە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەو چینایەتییەیە کە لە ئایینی هیندۆسیدا دەرکەوێت.[9]

7 واتە کۆیلە و مەبەستی هیندییەکان و تۆرانییەکانە

8 فلسفة الهند القديمة /تأليف : محمد عبدالسلام الرامبوري ص (49)

9 دواتربەوردی باس لەم چەمکە دەکەین



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## سێهەم
## زمانی هیند

ئەگەر ئەو دوو توولە ڕێگایەو دزەکردنی دوو نەژادی دیکەی وەک ئاری و تۆرانی و چەند هۆکاری دیکە لە پشت فرە نەژادی و فرەرەنگی هیندییەکانەوە بوو بێت، ئەمجارەیان جگە لەمە چەندین هۆکاری سروشتی و کلتوری, وەک دژواری ڕێگاوبان و بەسەریەک و بەدەم یەک و بەتەنگ یەکەوە نەبوونی ئەم خێڵانە, هۆکاری هەرە سەرەکی بوون بۆ بڵاوبوونەوەو گەشەکردن و سەرهەڵدانی چەندین دیالیکتێکی جیاواز و لەیەک جودای ئەوتۆ کە وەک دوو زمان لەبەرامبەر یەکدا دەوەستانەوەو لەیەک تێگەیشتن لەنێوان خێڵ و ناوچە جیاوازەکاندا کارێکی زۆر سەخت بووە. (گوستاف لۆبۆن) دەڵێت:

(240) دیالێکتیکی سەرەکی و (300) شێوەی جیاوازی دیکەی قسەکردن لە هیندستاندا هەیە، ئەمە جگە لە زمانی فارسی ، هەر ئەمەش, واتە زۆری دیالێکتەکان و نەبوونی زمانێکی گشتی و هاوبەش بۆ لەیەک تێگەیشتن لە نێوانیاندا, ڕێخۆشکەرێکی سەرەکی بوو بۆ پەیدابوونن و بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی, بۆ ئەوەی لەم سەدانەی دواییدا پەرە بسێنێت و ببێتە زمانحاڵی گشت دانیشتوان).[10]

بەڵام زمانی (ئۆردوو) کە زمانی زۆربەی پاشاو سەرکردەو دەسەڵاتدارەکان بووە, هەر لەلایەن ئەوانەوە پشتیوانیان لە بڵاوبوونەوەی کردووەو بووەتە زمانێکی سەرەکی ناوچەکان. شایەنی باسە دوای

10 حضارة الهند، گوستاف لیبون، ص (98)

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

جیابوونەوەی پاکستان ئەم زمانە بوو بە زمانی ستانداری پاکستان و ئێستا لە هەندێک ناوچەی سنووری ئەم دەوڵەتەدا نەبێت لە هەندستان قسەی پێناکرێت.[11]

پاش ئەمانە, زمانی هیندی, وەک زمانێکی گشتی و رەسمی لە هیندستاندا پەرەی سەند، ئەم زمانە, هیندی, دەگەڕێتەوە سەر سەنسکریتی کە هەزار ساڵ بەر لە زایین بەکارهێنراوە. ئێستا زمانی ئینگلیزی بە پلەی یەکەم, زمانی هیندی بە پلەی دووەم و پاش ئەمانیش سیانزە زمانی دیکە لە تەواوی هیندستاندا بە شێوەیەکی رەسمی کاری پێدەکرێت و هەر یەک لەو زمانانەش ئەدەبیاتی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە.[12]

## چوارهەم
## ئایین لە هیندستانی کۆندا

ئەو هۆکارانەی کە هەست و غەریزەی ئایینی دەبەخشنە مرۆڤ , زۆرن. هەست و هۆشی مرۆڤ هەمیشە لە خولیای ئەوەدا بووە کە وەڵامێک بە پرسیارە ئەزەلی و هەمیشەییەکانی بداتەوە، مرۆڤ هەمیشە لەودیو سروشت و میتافیزیکا گەڕاوەو خولیای نەمری و ژیانی هەتا هەتایی هەرگیز لەخەیاڵی دەرنەچووە.

جوانی و ناوازەیی و سەرسوڕهێنەری سروشت، دەنگ و هاوارو نەعرەتەی هێزە سروشتیەکان، ململانێ گەورەکانی ئەم هێزانە لەنێوان خۆیانداو لەگەڵ مرۆڤدا, پرسیاری ئایینی گەورەو سەختیان هێناوەتە هزری ساکاری مرۆڤی کۆنەوە.

ئەم مرۆڤە خۆی چکۆڵەو تەنهاو بێ دەرەتان بینیوە، لەنێو ئەم هێزو ململانێیانەدا زۆر جار وا بیری کردووەتەوە, ئەم هێزو دیاردە سروشتیانە

11 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (99)

12 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (99)

بوونەوەری بەرزو باڵان و داخوازی لیان هەیە، بۆیە ئەمیش زۆر خێرا بە چەندین شێوە، لە ڕێگای پەرستن و قوربانیدان و کڕنووش و پاڕانەوەوە هەوڵیداوە قایلیان بکات و بەزەیی و سۆزی ئەم هێزو دیاردانە بەدەست بهێنێت و لە خۆیان نەڕەنجێنێت.

ولاتی هیندستان, وەک باسمان کرد, لەبەر ئەوەی ولاتێکی زۆر دەوڵەمەندە لەڕووی دیاردەو هێزو دیمەنە سروشتیەکانەوە. بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرزەمینەکەی لەیەک کاتدا و پێکەوە هەر چوار وەرزەکە بە باران و رەهێڵەو گەردەلوول و سەرماو گەرماو جوانی و ترسناکییەکانیەوە مرۆڤەکانی کەمەندکێش بکات و ئاسمانەکەی لەیەک کاتدا تورەیی و بەزەیی خۆی پێکەوە برێژێت, ئەم ولات و خاک و ئاوە, لەبارترین زەمینەیە بۆ سەرهەڵدانی چەندین شێوازی جیاجیاو جۆراوجۆر لە ئایین و پاڕانەوەو پەرستن و بیروباوەڕی میتافیزیکی کە هەر یەکەیان بەشێوەیەک و لە ڕوویەکەوە وەلامێک و ئارامییەک و سوکناییەک بۆ هزرو هۆش و دەروونی پڕ لە ئەندێشەی ئەو مرۆڤە سادەو ساکارانە فەراهەم بهێنێت کە لە ژێر سایەی ئەم هەموو دیمەن و دیاردەو نەهامەتیانەدا بە تەنهایی دەژین. بێگومان گەورەیی و سامناکی ئەم دیاردانە دواجار ئەم مرۆڤەیان بەرەو ترس و گۆشەگیری و هەستکردن بەکەمی و تاوانباری بردوەو خستیانە خولیای ئەوەی کە بە پاککردنەوەی دەروون و رەفتاری خۆیەوە سەرگەرم بێت و تا ڕادەیەکی زۆر پشت لە دنیا هەڵبکات.

ئەم گۆشەگیری و بیرکردنەوە قووڵە, توانای ئەوەی هەیە کە مرۆڤ بەرەو جۆرێک لە ئاسودەیی و حاڵەتێکی نائاسایی و ئاستێکی ئەوتۆ بەرێت کە وێنای دنیایەکی دیکەی بکات، دنیایەک کە لە هیچ کاتێک و لەهیچ شوێنێکدا نەیزانیوەو وێنای نەکردووە و نازانێت بەرەو کوێی دەبات. هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە لەڕووی ڕەهەندە ڕۆحیەکانەوە

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

قووڵ ببنەوەو لەم رووەوە بتوانن کاریگەری خۆیان لەسەر نەریت و ئایینی ئارییە کۆچەرییەکان دابنێن.

هیندییە کۆنەکان, خاوەنی ئاینێکی دیاریکراو نەبوون، هەروەها بیروباوەڕێکی میتافیزیکی زۆر ئاشکرا و تایبەتیان نەبووە، بەڵام رێچکە رۆحیەکان لەرێگەی گۆشەگیری و پشتگوێ خستنی دنیاوە، لەلای ئەمان گەشەیەکی زیاترو باشتری لی بینراوە.[13]

ئەمان گۆشتیان نەدەخوارد، گیانلەبەریان سەرنەدەبڕی، بەچەندین شێواز و چەندین جۆرەوە وەرزش و ستایشی رۆحییان ئەنجام دەدا، هەر ئەمەش بوو کە بوو بەهۆی ئەوەی لەدوای سەدەی یانزەهەمی بەر لەزایینەوە کاریگەری خۆیان لەسەر ئارییەکان دابنێن و زۆر گۆڕانکاری بکەویتە نێو دابونەریت و ئایین و پەیوەندی و باری کۆمەڵایەتی ئارییەکانەوەو وەک دەرئەنجامێک پەیوەندی بۆ ئەم گۆڕانگارییانە تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازی لەنێوان ئەم دوو رەگەزەدا, ئاری و هیندی, پەرە بسەنێت و ئارییەکانیش وەک ئەمان خۆیان لەسەربڕین و خواردنی گۆشت دوور بخەنەوەو شێوازێکی نوێ لەژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی بگرنەبەر.[14]

## پێنجەهەم
## مانگا پەرستی و خواوەندەکان

13 الحياة الاجتماعية في التفكير الديني ص (31)

14 فلسفة الهند القديمة ... ص (50)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

لەم بارودۆخەدا کە سەرنج و گۆشەگیری قووڵی هیندی ئاویتەی کەلتورو ئاینی ئاری بووە، بیرکردنەوە لەودیو سروشت و خواوەند, دەبێتە خولیای سەرەکی ئەم مرۆڤانە. گەڕان بەدوای حەقیقەتی هێزی گەورەی لەبننەهاتووی پشت دیاردە سروشتیەکان، بووە هۆی ئەوەی کە چەندین خواوەند بێتە ئاراوە, لە هیندستانی کۆندا کەسێکت نەدەدی کە چەند خوایەک نەپەرستێت.[15] یەکێک لە خواوەندە هەرە کۆنەکانی هیندی, مانگا بوو.

بێگومان ئەم دیاردەیە پاساوی قوڵی خۆی لە باوەڕی هیندییەکانەوە بە دۆناودۆن (رۆحگۆڕکێ, تناسخ الارواح) دەهێنێت، بەبڕوای ئەوان: دەکرێت جارێک لەجاران خوا لەم رێگایەوە لە جۆرێک لە جۆرەکانی ئاژەڵدا بتوێتەوە. نەک هەر ئەمە بەڵکو هیندییەکان باوەڕیان وابوو کە هەموو گیانلەبەران لە رێگای ئەم دۆناودۆنەوە دروستبوون.[16] لەلای ئەوانیش یەکەم گیانبەلەر لە رەوتی دروستبوونندا, مانگایە. هەر بۆیە هەتا ئێستاش پاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە ئەم ئاژەڵە پیرۆزیی خۆی لەدەست نەداوەو بەچاوێکی رێزەوە تەماشا دەکرێت.

ئەدەبیاتی هیندی لەم سەدەیەشدا ئەم رێزو پیرۆزییەی مانگای لەبەرچاو گرتووە، لە گۆڤاری (Bha ans Journal) ساڵی 1963 چاپی بۆمبایدا ئەم شیعرە بڵاوکراوەتەوە:

**ئەی مانگای پیرۆز**
**شکۆمەندی و پاڕانەوە هەر بۆ تۆیە**
**لەهەر شێوەیەکدا دەرکەویت**
**لەبەرچاوی ئێمەدا گەورەیت**
**بەیانیان زوو ماستمان دەدەیتێ**

15 اديان الهند الكبرى – د.احمد شلبي –ص (17)

16 فلسفة الهند القديمة ص (51)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

**ئێواران بەلێشاو شیرمان بۆ دەڕێژی**
**گوێرەکەمان بۆ دەخەیتەوەو..**
**.. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. ..**
**داوای هیچ شتێکیشمان لێناکەیت**
**بۆیە پێویستە شوێنی خۆش و**
**پاک و خاوێنت بۆ ئامادە بکەین..**
**کە لەگەڵ گەورەیی تۆدا بگونجێت و..**
**بەختەوەریمان بەسەردا بڕژێنیت.**[17]

لەهەمان گۆڤاردا (مهاتما غاندی) وتارێکی لەژێر ناونیشانی (دایکە مانگام) دا بڵاو کردووەتەوە:

..و..و..و.. پارێزگاری کردن لە مانگا وەک ئەرکێکی عەقیدەی ئایینەکەمان بۆمان ماوەتەوە، گەورەترین دیاری هیندە بۆ جیهان، هەستکردنێکە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەلڕ، لە فیکری هیندیدا مانگا دایکی مرۆڤە و بەراستیش وایە، چونکە مانگا چاکترین هاوڕێی هاوڵاتییەکی هیندییە، کاتێک مانگا دەبینم, پێتان سەیر نەبێت کە من ئاژەڵ نابینم, بەڵکو دایکم دەبینم. لەبەر ئەوە دەیپەرستم و پارێزگاری لەو پەرستنەم دەکەم، ئەگەر لەبەردەم هەموو جیهانیشدا بێت. مانگا لەزۆر کاتدا لە دایکی راستیم باشترە، بۆ نموونە: دایکی راستیم بۆ ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ شیرم دەداتێ و لەبری ئەو شیرە هەتا مردن داوای خزمەتم لی دەکات، بەڵام مانگای دایکم پڕ بەتەمەنی خۆی شیرم دەداتآ و بێجگە لە خواردنێکی کەم هیچی تری لەمن ناوێت، کە دایکی راستیم نەخۆش دەکەوێت, کات و پارەیەکی زۆری لێم دەوێت, بەڵام مانگا شتێکی وای پێویست نییە، کە دایکی راستیم دەمرێت, بەرێوەچوونی شاردنەوەو پرسەکەی کاتی زۆرو پارەی زۆری تێدەچێت، بەڵام مردنی مانگای دایکم بەسوود بۆمان دەگەڕێتەوەو هەموو ئەندام و شوێنێکی لەشی پڕ سوود دەبێت بۆمان، من

17 اساس الدين / د. هلال فارحی / ص (86)



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

لە نرخی دایکی راستەقینەم کەم ناکەمەوە، بەڵکو پیرۆزی و گەورەیی مانگا باس دەکەم.[18]

سەرباری مانگا, ئەمە ناوو ئەرکی پیرۆزی چەند خواوەندێکی سروشتیی دیکەی هیندییەکانە:

**ڤارۆنا: خوای ئاسمان.**

**پوشان: خوای گژوگیا**

**ئەغنی: خوای ئاگر**

**ئەوشا: خوای سپێدە**

**رودرا: خوای رەهێڵەو زریان و گێژەڵوکە**

**بارجانیا: خوای باران و ئاو**

**وایۆ: خوای رەشەبا**

**ئیندرا: خوای بروسکە**

**خۆر بەتەنها لە پێنج شێوەو ناودا دەپەرسترا:**

**سوریا: خوای خۆر وەک ئەوەی کە هەیە.**

**ساوتر: خوای خۆر لەڕووی وزە بەخشیەوە**

**مترا: خوای خۆر وەک بوکی ئاسمان.**[19]

لە کۆندا ئەوەندە خوا زۆر بوو لە ژماردن نەدەهاتن، بەشێوەیەک کە هەر ناوچەیەک بۆخۆی جگە لە خواوەندە سروشتیەکان خوایەکی تایبەتی خۆیانیان هەبێت.[20] د.محمد عبدالسلام الرامبوری دەڵێت:

(کۆمەڵگای هیندی, ئەوەندە لێبوردە بووە, نەیتوانیوە هیچ خوایەک ڕەت بکاتەوە و ئەگەر لە کاتێکیشدا خواوەندەکان لەگەل عەقیدەیاندا نەگونجابێت, هەر ڕێزیان لێناوە.[21]

18 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (89)

19 1ـ اديان العالم الكبرى / تأليف : حبيب سعيد ص (37)

20 اديان العالم الكبرى ص (39)

21 فلسفة الهند القديمة /تأليف : محمد عبدالسلام الرامبوري ص (52)



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org



## بەرگی یەکەم

## ئایینی هیندۆسی

### دەرگای یەکەم

### سەرهەڵدانی ئایینی هیندۆسی

گەورەترین و بەرفراوانترین ئایین لە هیندستانی کۆن و نوێدا (هیندۆسی)یە. بنەماکانی ئەم ئایینە, بە پێی کتێبی (ڤیدا) کە بەپێزترین و گرنگترین سەرچاوەی ئەم ئایینە دەژمێردرێت, داڕێژراوە. هەر لە ڕێگای ئەم کتێبەوە ئەفسانەو ڕێبازە ڕۆحیە جیاوازەکان و نەریتە دێرینەکانی ئەم ناوچە بەربڵاوە زانراون و پەرەیان پێدراوە. ئەم ئایینە (هیندۆسی) یان (هیندۆکی) پڕە لە دابونەریت و کولتورو ئەدەب و خورەوشت و وێنەی ژیانی پێشووی کۆنی هیند. خواوەندی سەرەکی ئایینی هیندۆسی (براهما)یە هەر بۆیە بە پیاوە ئایینیەکان و چینی باڵای ئەم ئایینە دەگوترێت (بەرهەمی).

ئەگەر بمانەوێت بزانین ئەم ئایینە کێ دروستیکردووەو تێکستە پیرۆزەکانی کێ هێناویێتی و دایڕشتووە، لەتەواوی مێژووی ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی و مێژووی هینددا بەتایبەت, هیچ سەرچاوەیەکمان دەست ناکەوێت کە نە لە دوورو نە لە نزیکەوە ئاماژە بەم بابەتە بدەن.[22]

هیندۆسی , ئایینێکی پڕ لەگەشەکردن و گۆڕانکارییە. بەڵام دابونەرێت و ئەدەبیات و بیروڕا ئایینی ئارییەکان پشکی سەرەکییان هەیە لە پێکهاتنی ئەم ئایینەداو بە چوونیان بۆ هیندستان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ هیندییە ڕەسەنەکاندا چەندین گۆڕانکاری و پێشکەوتنی هێناوەتە ئاراوە. ئایینی هیندۆسی تا ڕادەیەک کاریگەریی تۆرانییەکانیشی بەسەرەوەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ئایینە تەنها کاتێک بەتەواوی پێکدێت کە هەست و سۆزی ئایینی و ڕێچکە ڕۆحیەکانی هیند بەتەواوی تێکەڵاوی دەبێت.

ئەگەرچی زۆربەی توێژەرەوەکان باوەڕیان وایە کە کاریگەری ئاری بەسەر ئەم ئایینەوە زیاترەو هیندۆسییەکان خۆشیان دانبەوەدا دەنێن کە ئەم ئایینەیان سەرچاوەکەی ئارییە.[23] بەڵام دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەم ئایینە زادەی بەیەکگەیشتن و تێکەڵاو بوونی هەر سێ نەژادی ئاری و تۆرانی و هیندییەو پتر لەوەی کە عەقیدەو شەریعەت بێت گوزارشتە لەم فرە ڕەهەندییەو لە شێوازی ژیان و باری کۆمەڵایەتی دانیشتوان و مێژووەکەی کەپڕیەتی لە گۆڕانکاری ئایینی بەردەوام، لەرووی پەرستنەوە بە (بەرد) دەستپێدەکات و بە فەلسەفە کۆتایی دێت.

### (ڤیدا) پیرۆزترین کتێبی ئاسمانی

22 محمد رسول الله / جوين سيرز / ترجمة..عبدالحليم محمود ص (41)

23 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (121)

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

ڤیدا سەرەکیترین کتێب و سەرچاوەی ئەم ئایینەیە. هیندۆسەکان باوەڕیان وایە ئەم کتێبە هەر بووەو ئەزەلی و ئەبەدییە.[24] بەڵام توێژەرەوە رۆژئاواییەکان و لێکۆڵەرەوە هیندۆ رۆژهەڵاتییەکان پێیانوایە کە مێژووی دەرکەوتن و دروستبوونی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوو هەزار ساڵ بەر لەزایین دەستی پێکردبێت و هەشت سەدە بەر لە زایین کۆتایی پێهاتبێت.[25] ئەم کتێبە بەردەوام داڕێژراوەتەوەو گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەت لەسەردەستی پیاوە ئایینییەکان و شاعیران و دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمانە.

(ڤیدا) لەلای هیندۆسییەکان بایەخێکی مێژوویی گەورەی هەیەو وەک ئاوێنەیەک وایە، کەلەناویدا ئەدەب و شێوازی ژیانی ئارییەکان رەنگبداتەوە، کۆچکردنیان، عەقیدەیان، سیاسەتیان، کولتورو شارستانییەتیان، باری کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانیان، شوێنیان،ماڵیان، جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوەیان، کاروکەسابەتیان.. هتد, تێیدا بەجوانی وێنا کراوە.[26]

بەڕای لێکۆڵەرەوان (ڤیدا) بەسێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە:

**قۆناغی یەکەم:**

قۆناغی بڵاوبوونەوەی بیرە سەرەتاییەکان و پەرستنی هێزە سروشتییەکان و فرەخوایی کە دەگەڕێتەوە بۆ (1500) ساڵ بەر لە زایین.[27]

**قۆناغی دووەم:**

قۆناغی کۆکردنەوەی (ڤیدا)و راڤەکردنی لەسەر دەستی بەرهەمییەکان. ئەم قۆناغەش (900) ساڵ بەر لەزایین لەدەستپێدەکات و ماوەی

---

24 وەک قورئان لەبۆچوونی موسڵمانەکاندا

25 المجتمع الاسلامی ..د.عبدالوهاب الحدادص (121)

26 فلسفة الهند القديمة ص (18)

27 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (22)

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

سەدەیەک دەخایەنێت.[28] لەم سەدەیەدا کۆمەڵێک زاناو پیاوی ئایینی دەردەکەون, کە گرنگی زۆر بەم کتێبە بدەن و لە بنەماکانی ئایین و عەقیدە بکۆڵنەوە. بەڵام وا دیارە ئەم دەستکاریکردنە لەلایەن بەرهەمییەکانەوە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بووە, وەک چینێکی ئایینی. هەر بۆیە دوا جار ئەو گرنگیە ئایینییە وەردەگرن.[29]

**قۆناغی سێهەم:**

قۆناغی پاکسازی و جیاکردنەوەی (ڤیدا) لەهەموو راڤەو نوسراوو دەقەکانی دیکە، چەند سەدەیەک پێش زایین دەستیپێکردو چەند سەدەیەک دوای زایین کۆتایی پێهاتوە,[30] کەمێژووەکەی دیار نییە.

**بەشەکانی (ڤیدا)**

(ڤیدا) لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە

**بەشی یەکەم: ریگ ڤیدا** Rig Veda

ئەم بەشەیان گرنگترین بەشە, زۆر بەناوبانگ و سەرەکییەو پشتی پێدەبەسترێت و گشتیترینیانەو سەرەتای دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ بەر لە زایین. لە (1017) سرودی ئایینی (لە شێوەی شیعردا) پێکهاتووەو بە ئاوازی تایبەتی گۆرانی لە ریورەسمی تایبەتیدا دەیلێن و ستایش و پاڕانەوەی بۆ خواکان پێئەنجام دەدەن. بۆ هەر مەبەست و پەرستن و خواوەندێک سروودو گۆرانییەکی تایبەتی تێدایە.

**بەشی دووەم: یاجۆر (ڤیدا)** Yajur Veda

28 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (27)

29 هەر لەم بەرگەدا باس لەگرنگی پیاوانی ئەم ئایینمە دەکەین

30 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (29)

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئەم بەشە لە چەند قەصیدەیەکی درێژ پێکهاتووە کە زیاتر ئایینزاکان (بەرهەمییەکان) لە بۆنەی تایبەتیدا دەیخوێننەوە،

**بەشی سێهەم: ساما ڤیدا** Sama Veda

ئەم بەشە بریتییە لەچەند گۆرانییەک کە وەک پاڕانەوە و نزاو سکاڵا لە خواوەندەکان بەکار دەهێنرێن.

**بەشی چوارەم: ئاذر ڤیدا** Athr Veda

ئەم بەشەش زیاتر وتارو ئامۆژگاری و سیحرو وەهم و خورافەیە، کە زۆر بەجوانی جێدەستی هیندییە رەسەنەکانی پێوە دیارە.[31]

بەو پێیەی لەم بەشەدا هاتووە, ژیانی مرۆڤ پڕیەتی لە گوناه و پەشیمانی ، پڕیەتی لەو شەیتان و جنۆکانەی کە خواوەند دەستی لێبەرداون و ئەوانیش بۆ ترساندن و لەخشتە بردنی مرۆڤ بەهەر چواردەوری خۆیاندا پەلە قاژەیانە. هەموو ئەو گۆرانی و وتارو دێڕە تایبەتیانە, چاوەزارو پارێزەری مرۆڤن لەم جنۆکەو شەیتان و بوونەوەرە ترسناک و خراپانە.

شایەنی باسە هەریەک لەم بەشە سەرەکییانە, ئەوانیش دیسان دەبنە چوار بەش:

1- **سەمهیتا** Samhita

2- **براهمەن** Brahman

3- **ئارەنیاک** Aranyak

4- **ئۆپانشاد** upanishad.[32]

## دەرگای دووهەم

چەند نموونەیەک لە کتێبی ( (ڤیدا)) کتێبی پیرۆزی هیندۆسییەکان:[33]

31 حضارة الهند، گوستاف ليبون، ص(112)

32 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (128)

## 1 سرودی ئیندرا.[34]

لەهەموو شتێک گەورەترو بەتەمەنترە
خوای خواکانەو هێزێکی لەبنەهاتووە
لەبەردەمیدا زەوی و ئاسمان، هێزەکانی تر
چۆک دادەدەن و دەلەرزن
ئەی خەڵکینە
گوێم لێبگرن
ئەوە ئیندرایە خوای خواکانە..
هەر ئەو بوو شەیتانی بەو دەردە برد
هەر ئەو, حەوت هەسارەی گەورە
دەسوڕێنێتەوە
ئاژەڵی جوان جوان دروست دەکاو
زاووزێیان پێدەکات
هەر لە کۆنەوە ئاگری داگیرساندووەو
ڕۆشنایی بەخشیوە
ئەوە ئیندرایە
پاڵەوان و چاو نەترس و نەبەرد
زەوی و ئاسمان لە گەورەیی ئەو
دەترسن
لەگەڵیاندا چیاکان جێ بەخۆیان ناگرن و
کڕنوش دەبەن
هەر ئەوە بروسکە دەکێشێت بە دوژمناندا

33 تەواوی ئەم بەشە لە(حكمة الاديان الحية / جوزيف طايير /ترجمة المحامي : حسين طيلاني الجزء الاول الثاني والثالث (في مجلد واحد) سنة 1969 الطبعة الثالثة) وەرگیراوە.

34 ئیندرا یەکێکە لەناوەکانی خودا



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

**دەبا زیاتر پیرۆزی بکەین و**
**لێی بپاڕێینەوە**
**چونکە ئیندرا بەبەزەییەو**
**هەموو کاتێکیش گوێ لە پاڕانەوە دەگرێت.**[35]

2- دەرگاکانی دۆزەخ سیانن و سێ کلیلیان هەیە، کلیلی ئارەزووەکان، کلیلی تورە بوون، کلیلی حەسودی .
3- ئەرکەکانی دونیا دوور لە ئارەزووە تایبەتییەکانت جێبەجێبکە، بەمەش تۆ دەگەیتە ئاسمان و نەسیمی بەهەشت هەڵدەمژیت.
4- بەهەشت لەناو (براهما)دایە (خوا), هەرکەس پیێبگات نایەتە دەرەوە.
5- بێجگە ئەم دونیایە دونیایەکی بەرزترو خۆشترو گەورەتر هەیە, نەدەبینرێت و نەهەستی پێدەکرێت.
6- وەک چۆن کەسێک بەرگێک فڕێ دەدات و بەرگێکی دیکە لەبەردەکات، هەر ئاواش رۆح لەشێک بەجێدەهێڵێت و دەچێتە لەشێکی دیکەوە.
7- ئەگەر ئەرکی خۆتت زانی و جێبەجێت نەکرد, گوناهت کردووە.
8- کرداری نابەجێ لە ئارەزووەکانەوە سەرهەڵدەدەن.
9- زانا ئەو کەسەیە کە هیچ پارچە لەشێکی خۆی نەخاتە ژێر رکێفی ئارەزووەکانییەوە.
10- دانا کەسێکە نەگوێ بە ژیان ئەدات نەبەمردن.
11- هەرچییەک بچێنیت، چاک یان خراپ، سزاو پاداشتەکەی لەو دنیا سێ بەرابەرە.
12- هەرکەس خۆی ناسی, بەختەوەری ئەم دونیاو ئەو دونیایە.
13- خوا راستگۆیەو راستگۆکانیشی خۆشدەوێت.

35 سەرنجی ئەم لێکچوونە گەورەیەی ئەم سرودەو ئایەتەکانی قورئان و بیروباوەڕی موسڵمانان بدە، هەر لێرەوە دەتوانی لەگەڵ زۆری خوداوەندەکاندا جۆرێک لەیەکتاپەرستیەکی ئاشکرالەلای هیندۆسییەکان ببینین.



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

14- هەندێک کەس لەشی خۆیان دەکەنە قوربانی لە پێناوی خوادا، ئەمانە لە کاتی کرنوش برندا رزگاریان بووە.

15- هەموو ئەو نوێژو رۆژووانەی دەیگرن, با تەنها بۆ من بن.

16- رزگار بوونی رۆح بێ رێزگرتن لەدایک و باوک, ئەستەمە.

17- گەر سامانت نەویست, واتە منت ویستووە.

18- ئەوانەم خۆش دەوێت کە لە خۆشەویستیدا دەمپەرستن، ئەوان لە مندان و منیش لەواندام.

19- رۆح و سروشت نەسەرەتایان هەیەو نە کۆتایی.[36]

(ڤیدا) سەرباری ئەم چواربەشە سەرەکییەو ئەو وتەو سروودو ئامۆژگارییە گرنگانە, چەند بەشێکی سەرەکی تری هەیە کە ئەویش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. مەبەستمان لەم بەشە سەرەکییانە (یاساکانی منۆ)یە کە بریتین لە شەریعەت و بەرنامەو رێبازی ژیانی هیندۆسی و باسەکانی حەڵاڵ و حەرام.

## کتێبەکانی دیکەی ئەم ئایینە

جگە لە کتێبی پیرۆزی (ڤیدا) چوار کتێبی پیرۆز و گرنگی دیکەی هیندۆسی هەن, ئەگەرچی لە ئاستی (ڤیدا)دا نین، بەڵام ئەم کتێبانەش پیرۆزی و گرنگی خۆیانیان هەیە. ئەم چوار کتێبە تەنها نووسەری یەکێکیان دیارەو سیانەکەی دیکەیان بەهۆی ئەوەوە کە نوسەرەکانیان دیارنین، هیندۆسییەکان باوەڕیان وایە کە بەوەحی هاتووەتە خوارەوەو مرۆڤ لە توانایدا نییە کتێبی بێهەڵەو خەوشی ئاوا مەزن بنوسێت.

### یەکەم : کتێبی مهابارتا.[37]

36 حكمة الاديان الحية / جوزيف طايير /ترجمة المحامي : حسين طيلاني الجزء الاول والثاني والثالث (في مجلد واحد) سنة 1969 الطبعة الثالثة

37 الهيندوس المقدس..وييش..ترجمة..الامام/ سعيد الخاوي..منشورات دار العلم..القاهرة.



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

مهابارتا یەکێکە لەو کتێبانەو داستانێکی کۆن و گەورەی هیندییە، هەر کەس بیخوێنێتەوە یەکسەر دەزانێت کە لە داستانەکانی ئەلیازەو ئۆدیسەی یۆنانی دەچێت.

لە راستیدا, نووسەری ئەم کتێبە (ویاس بەرسرا)یەو سەردەمی رووداوەکانی دە سەدە بەر لە زایینە. باس لە جەنگێکی گەورەی نێوان پیاوماقوڵانی ئەو سەردەمە دەکات، ئەم شەڕانە نەک هەر دەسەڵاتداران و پاشاو سەرکردەکان, بەڵکو خواکانیش بەشداری تێدا دەکەن.

ئەم داستانە پێکهاتووە لە (72) هەزار کۆپلە شیعر کە تێیدا کەسایەتی و پاڵەوانەکان بوونەتە دوو بەشەوە و گوزارشت لە ئەنجامی چاکە و خراپە دەکەن. پاشای (هێستنا پۆر) دوو کوڕی دەبێت، پاش مردنی , لەبەر ئەوەی کوڕە گەورەکەی چاو کزو لاواز دەبێت, پاشایەتی دەداتە برا بچوکەکەی . ئەم کوڕە بچوکە لەبەر منداڵی و بێ ئەزموونی توشی هەڵەیەک دەبێت, کە بەهۆیەوە خۆی و خێزانەکەی لە پاشایەتی دەردەکرێن و رەوانەی بیابان دەکرێن و پاشایەتی دەگوازرێتەوە بۆ ئامۆزاکانیان.

کوڕەکانی کە (5) بران لەگەڵ دایکیان لە بیاباندا ژیان دەبەنەسەر و سەرگەرمی خواپەرستی دەبن. بەم هۆیەوە شارەزاییەکی زۆر لە ئایین پەیدا دەکەن. پاش گەورە بوونیان دەگەڕێنەوەو دەچنە کۆشکی پاشایەتی و داوای میراتی باوکیان دەکەنەوە.

پاش کێشمەکێشمێکی زۆرو ناوبژیوانی چەند پیاوێکی گەورەو ناودار، رێکدەکەون لەسەر ئەوەی کە دەسەڵات لە نێوانیاندا دابەش بکرێت بە مەرجێک یاری (نێرد) لە نێوانیاندا ئەنجام بدرێت. لەم یارییەدا هەرکەس دۆڕاندی هەتا سیانزە ساڵی تر واز لە موڵک و دەسەڵات بهێنێت.

پاش ئەوەی یارییەکە دەکرێت, ئەمان دەدۆڕێن و بەم جۆرە 13 ساڵی تر لە بیاباندا بەسەر دەبەن. پاشان دەگەڕێنەوەو دووبارە داوای



www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org



میراتییەکەی خۆیان دەکەن و ئەنجامەکەی بەشەڕ کۆتایی دێت و لە ئەنجامی شەڕەکاندا دەسەڵات دەگەڕێتەوە دەستی ئەمان و دادپەروەری بەدی دەهێنن.

لەم داستانەدا باس لە هەندێک دابونەریت و خووڕەوشت و خواو جنۆکە کراوە، باسی زیندووکردنەوەی مردووەکان کراوە، (ئاسۆرا) ناوێک هێزێکی لەرادەبەدەری هەبووە کە هەر کەس بمردایە یاخود بکوژرایە ئەم زیندووی دەکردەوەو لەگەل خوادا ململانێی پێدەکرد!!

بەم شێوەیە (ئاسۆرا) بە توانای لە رادەبەدەری خۆی بەرەنگاری خوا دەکات و ململانێی نێوانیان تا کۆتایی چیرۆکەکە دەخایەنێت. دوا جار خوا بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاسۆرا خۆی بکوژآ و بەم پێیە ململانێکە کۆتایی پێبهێنێت. دوای پیلان و فێڵ و تەڵەکەیەکی زۆر, بەیارمەتی جنۆکەکان خوا توانی ئاسۆرا بکوژێت.

لەمیانەی ئەم داستانە جەنگاوەرییەدا, چەندین نموونەی جوان دەبینرێن. لەوانە: هەر ئافرەتێک بە دیل بگیرایە, کەلوپەلەکەی لێدەسینراو ئازاد دەکرا، دیل و کۆیلەکان نەدەکوژران، بەڵکو دیلەکانیان دەکردە کۆیلەو ئەو کۆیلانەی کە بەدیل دەگیران ئازادیان دەکردن. هەموو کەل و پەلێکی جەنگ لە کاتی جەنگدا بەسەر جەنگاوەراندا دابەش دەکرا، بەڵام دوا جار پاش کۆتایی هاتنی جەنگ دەبوویەوە بەموڵکی پاشا.

### دووهەم : کتێبی گیتا. Gita[38]

ئەم کتێبە زیاتر لەوەی کە داستانێک بێت, لە توێژینەوەیەکی سایکۆلۆجی و فەلسەفی دەچێت. هەر بۆیە بە باشترین سەرچاوەی پەروەردەیی هیندۆسی دادەنرێت و وەک بەڵگە نامەیەکی مێژوویی گەورەیە وایە بۆ ژیان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی ئەو سەردەمەی خۆی .

38 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (82) بەکورتکراوەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

بۆچوونە ئایینی و خێڵەکییەکان و تێڕوانینی گشتی بۆ ژیان و ژیانی دوای مردن لەدیدی ئەم خەڵکانەدا دەخاتە روو. باسی کەسانێکمان بۆ دەکات کە بەهۆی دابونەریت و ئاکاری کۆمەلایەتییەوە تووشی جەنگ و کێشەو نەهامەتی بوون و زۆر جار بۆچوونە ئاینییەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە.

لە داستانەکەدا, دوو کەسایەتی و سەرکردەی بەناوبانگی مێژووی کۆنی هیندۆسی هەیە.(کریشنا) کە (بەرهەمییە) ئاییزایەو پیاوێکی ئایینی گەورەیە، ئەرجۆنا کە سەرکردەی لەشکرە و سەربەچینی دەسەلاتدارەکانە (ئەکشتەری). ئەم دوو کەسایەتییە گەورەیە, بەسەرکردەیی لەگەڵ هێزێکی گەورەی سەربازیدا دەچن بۆ شەڕ، بەر لەوەی کە شەڕ دەست پێبکات, گفتوگۆیەک لەنێوانیاندا روودەدات و لەبەر گرنگی لێدوانەکە, کەلێوەی دەتوانین لەعەقیدەی ئایینی هیندۆسی تێبگەین, کورتەیەکی بەنموونە دەهێنینەوە:

ئەرجۆنا, لەبەردەم هێزەکەی خۆیدا, روو بەدوژمن وەستاوەو بۆ جەنگ ئامادەیە، روو دەکاتە کریشنای دۆستیو پێیدەڵێت:

گەورەم, لەبەرامبەرمدا کەسانێکی زۆر لە خزم و دۆست و هاورێکانم دەبینم، لەناویاندا براو برازا، مام و ئامۆزا، خاڵ و خاڵۆزا، پورو پورزا، ئەو پیرانەی کە ئامۆژگارییان کردووم، ئەو مامۆستایانەی فێریان کردووم، وەستاون و دەیانبینم.. من چۆن شەڕی ئەمانە بکەم!؟ دەستم دەلەرزآ و قوڕگم وشک بووە، ئەگەر شەڕم کردو خوێنم رشتن، تا ماوم خەفەتبار دەبم، ژیانی ژێر دەستی و کۆیلایەتی و هەژاریم زۆر لەسەرکەوتن و کوشتنی ئەمانە پێباشترە. ئەگەر بمکوژن لەوە باشترە دەستیان لێ بەرز بکەمەوە، هیچ گومانێکم نییە کە ئەوانە زۆردارو دوژمنن, لەگەڵ ئەوەشدا دڵم ناهێڵآ!! ئەگەر هەر کەسێکیان بکوژم، مانای وایە هەموو کەس و کارو خزم و شورەت و خێڵەکەی خۆمم کوشتووە..! بەنەمانی ئەوان هیچ عەقیدەیەک نامێنآ، ئەی ژن و مناڵەکانیان چی لێبکەم. ئاشکرایە ژنەکان

www.xwdakan.com net org

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

خۆیان دەدۆڕێنن، هەتیوەکان دەبنە کۆیلەو شەڕو ئاژاوەو دووزمانی بڵاو دەکەنەوەو بەهای مرۆڤایەتییان تیدا نامێنێت.! نەک من هەرکەسێک ئەم شەڕە بکات, دەبێت سزایەکی باش بدریت. چونکە ئەو رەوشتە دەدۆڕێنێت کە پێی وتراوە لەپێناوی بەختەوەری دەوروبەردا رۆحت بکەرە قوربانی. کەواتە شەڕ نەکردن لەگەڵیاندا واتە ئاکاری چاک و جوان و عەقیدەی پاک، بەشەڕ ئایین نامێنێت و خواش لەبیردەچێتەوە!! ئەگەر پاشایەتی و سەرکردایەتی و نیشانەی ئازایەتی لە کوشتنی ئەوانەدا بێت من سواڵکردنم پێباشترە.

کریشنا لەوەلامدا پییدەڵێت:

– ئەرجۆنا! ئەم بیرکردنەوەیەت زۆر خراپە و شورەییەکە لە سەرووی هەموو شورەییەکانەوە، خاڵێکی رەشەو بە تەویڵتەوە نوساوە، ئەی پاڵەوانی قارەمان ئەم ترسە چییە؟ چۆن دەبێت پیاوێکی ئازای وەک تۆ ترسێکی ئاوا گەورەی لەدڵدا بێت، خۆت ئامادەکەو بەرەو سەرکەوتن برۆ، تۆ وەک ئاقڵەکان قسە دەکەیت بەڵام وەک ئەوان بیرناکەیتەوە، ئایا نازانی مرۆڤی ئاقڵ لەهەڵویستێکی ئاوادا گرنگی بەخۆی و چارەنووسی خۆی نادات..؟ ئایا دەزانی من و تۆو پاشاکان و بەرهەمییەکان و گشت خەڵکی تر لە هیچەوە هاتووینەتە ئەم دنیایە؟! نا..ئەرجۆنا..! مرۆڤی ئاقڵ وا ناڵێت.. هیچ شتێک نایەتە ئاراوە گەر لە شتێکی تر نەبێت، ئەوەی ئێستا لەبەرچاوو گوێ و لوت و دەم و دەست و دڵی تۆدایە, کاتی خۆی هەبووەو هەردەشمێنێت، هەروەک چۆن ژیان لەمنداڵییەوە دەست پێدەکات و دەگاتە گەنجی و پاشان کامڵی و پاشان پیری و پاشان مردن، هەر ئاواش رۆح تا دەگاتە شوێنی مەبەست بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێ و لە لاشەیەکەوە دەچێتە لاشەیەکی ترو هەر دەسوڕێتەوە. مرۆڤی ئاقڵ وشەی مردن بەکارناهێنێت، ئەوەی ئەمرۆ کەس و کاری تۆیە, پاش مردنیان رۆحەکەیان دەچێتە لاشەیەکی دیکەوەو لەوانەیە ببنە بێگانەیەک کە هەر نەیانناسیتەوە، ئازارو خۆشی شتێکە لەدەروونتایە، نابێ گرنگیان پێبدەیت،

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئەوەی بەسەر ئازارو خۆشی خۆیدا زاڵ بێت، دەگاتە پلەی بەختەوەری و رزگاربوونێکی هەتا هەتایی. باش بزانە رۆح لەناوناچێت، لاشە لەناودەچێت، رۆح هەر دەمێنێتەوەو نەسەرەتای هەیەو نەکۆتایی، بۆیە رۆح باش دەزانێت کە نەکەس دەکوژێت و نە کەس دەیکوژێت. رۆح لە لاشەیەکەوە دەچێتە لاشەیەکی تر، نەمرە، نە ئاگر دەیسوتێنێت و نە ئاو دەیخنکێنێت و نە شمشێر لەتی دەکات!! دیارە تۆیش لە ژیانی پێشووتدا کەسێکی خراپ بوویت, بۆیە ئێستا لەم ژیانەدایت و تووشی ئەم شەڕە هاتوویت، کەواتە ئەمە هەلێکەو لەدەست خۆتی مەدەو خۆت رزگار کە، برۆ شەڕ بکەو دوامەکەوە. تۆ هەر دەبێ بمریت، هەر دەبێ لەدایکببیتەوە، مەگەر ئەوانەی خۆیان رزگار دەکەن. دە تۆش خۆت رزگار کەو با لەژیانێکی خۆشدا لەدایکببیتەوە!! ئەمە قەدەری خوایەو رزگاربوونمان لێی نییە، ئەم دڵە راوکێیەت هەتا کەی..؟ ئەوانەی لەبەرامبەرت وەستاون و دەیانبینییت, لەوەو پێش نەبوون، لەداهاتووشدا نابن، ئێوە کوڕی ئێستان. ئیتر بۆچی بۆیان دەگریت و گرنگیان پێدەدەیت، ژیان نهێنییەکە هەتا ئێستا کەس لێی تێنەگەیشتووە. تۆ لە ئەکشتەرییەکانیت و پێویستە ئەرکەکانی خۆت جێبەجێ بکەیت. من لە جیاتی خوا فەرمانت پێدەدەم.! مەگەر ئەوەت لەبیرچووە من لەسەری خوا دروستکراوم.! تەنها رێگەیەک بۆ رازیکردنی من و خواو رزگار بوونت لە دۆزەخ, گرتنەبەری ئەم قەدەرەیە. ئەم شەڕە دەرگایەکە ئەو کەسەی لێی بچێتە ژوورەوە بەختەوەر دەبێت!! گەر لەدەستی بدەیت, خوا لێت رازی نابێت و ئەکشتەرییەکان و بەرهەمییەکان بەخراپت دەزانن و تانەو تەشەرت لێدەدەن و بە ترسنۆکت دەزانن.. برۆ شەڕ بکە، ئەگەر سەرکەوتیت دەتکەمە پاشا، ئەگەر کوژرایت ئەوە رزگارت دەبێ و دەچیتە ناو خواوە، برۆ بیر لەهیچ مەکەرەوە، دڵنیابە کە حەق لای تۆیە، ئەم حەقەش دەتگەیەنێتە سەروی هەموو شتێک!!..تاد.

ئەرجۆنا پێیوت:

- ئێستا چی بکەم باشە؟

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

کریشنا: هەر کەسێک بەسەر ئارەزووەکانی خۆیدا زاڵ بێت, لەهیچ شتێک ناترسێ و کەسی خۆشناوێت و رقیشی لەکەس نابێتەوە!!! هەستەکانت سەرچاوەی ئارەزووەکانتن، با چاوت ئەوان نەبینێت و تەنها ئارەزووی خوا بکە! ئەو خوایەی کە پەیوەندی بە ئارەزووی تووە نییەو ناترسێ و تەماح ناکاتە سەر هیچ شتێک و کوشتنی ئەوانەش قەدەرەو دەبێ بەدەستی تۆ بکوژرێن. رزگاربوون لەزۆرداریەتی ئارەزوو, بنەمانی حەقیقەتە. برۆ شەڕیان بکە, چونکە ئەوانە دوژمنی تۆ نین، بەڵکو دوژمنی خوان، بیانکوژە..!!..

لەکۆتایی ئەم دایەلۆگەدا شەڕەکە دەکرێت و ئەرجۆنا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و هەموو کەس و کاری خۆی لەناودەبات.

## سێهەم : کتێبی یۆگا ڤاسیستا Uogavasistha.[39]

بەپێی عەقیدەی هیندۆسی, ئەگەر کتێبێک لەژێر ئاسماندا و لە هیندستاندا نوسرابێ و بەگەورەترین بەرهەم و کۆششی مرۆڤ بزانرێت, ئەم کتێبەیە. چونکە ئەوەی دەیخوێنێتەوەو کردەوەی پێدەکات, خۆی دەناسێت. هەر کەسێکیش خۆی ناسی, خوا دەناسێت.!!

نوسەری ئەم کتێبە نەناسراوەو بەسۆزترین شیعری تێدا نوسراوەتەوە و ناوەڕۆکەکەی لە (64) هەزار بەیت پێکهاتووە. توێژەرەوان دەستنووسەکە دەگێڕنەوە بۆ سەدەی شەشەمی بەر لەزایین و لەو باوەڕەدان کە ڕووداوەکانیش هەر لەو سەردەمەدا ڕوویاندابێت. ئەم کتێبە باس لە فەلسەفەکانی ئایین دەکات و زۆر بەوردی باسەکان شی دەکاتەوە. ئەمەش نمونەیەکی کورتە لەو کتێبە:

قوتابییەکە بە مامۆستاکەی دەڵێت: چەندین جار تاقیمکردووەتەوە! بۆم دەرکەوتوە کە ناتوانرآ لەم ژیانەدا هەست بە بەختەوەری ڕاستەقینەی

39 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (99) بە کورتکراوەیی

مرۆڤ بکرێت. ئارەزووەکانی مرۆڤ ئەوەندە زاڵن, زاناترین کەس بەرەو دارِمان دەبەن. ژیان چییە کەپیریەتی و مردن, چاوەڕێمان بکات. هەرچی خزمایەتی و دۆستایەتیش هەیە, هەمووی نەخۆشی دەروونییەو بەڵکو فێڵکردنیشە لەمرۆڤایەتی، دەبێت پاککردنەوەی دەروونیی خۆمان بخەینە پێش هەموو جۆرە پەیوەندییە خزمایەتییەکانەوە!! مامۆستا گیان چاکترین رێگای رزگاربوونم نیشاندە.

مامۆستا پێی دەڵێت: ئارەزووەکان وەک ژەهرن، چەند لێیان نزیکبیتەوە, ئەوەندە زیاتر کاریگەری خراپیان بەسەرتەوە دەبێت، بێجگە لەمانە کەمزانین جۆرە ژەهرێکی ترە. باشترین رێگا زانیارییە، زانیاری تاکە پردێکە لێیەوە مرۆڤ بتوانێت بەسەر دەریای ئەم جیهانەدا تێپەڕێت. زانیاری بە ئاسانی بەدەست نایەت و گەڕان و کۆششی زۆری دەوێت، شتێک نییە ناوی قەزاو قەدەر و بەخت بێت، ئێمە خۆمان ئەو بەخت و قەدەرەمان دروستکردووە، ئەوەی بڕوای پێی هەیە, یان مەبەستی هەیە یاخود حەزی لە تەمەڵییە! ئەوانە گێل و تەمەڵ و بێ زانست و زانیارین، خەڵەفاوو خەڵەتاون. قەزارو قەدەر, دوو وشەی دەستەمۆی مرۆڤن، تەنها بەسەرزارەوە هەیەو دەوترێت. دەنا لە راستیدا بوونیان نییە، ئەگەر کەسێک ویستی رزگاری ببێت و خۆی لە کۆیلایەتی خۆی و کەسانی ترو جیهان دەرباز بکات و جارێکی تر لەدایکنەبێتەوەو نەمر بێت و بگاتە راستی ، ئەوا دەبێ لەچوار چەمکدا خۆی بدۆزێتەوە:

1. دڵنیایی
2. رازیبوون
3. هاوڕێیەتی زانایان
4. قووڵبوونەوە بەناو خوددا!!

دەبێ دڵنیابێت کە کۆیلەی کەس نییەو لێرەوە لەخۆی رازی بێت، بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاریش دەبێ هاوڕێیەتی زانایان بکات, چونکە هەر ئەو زانست و زانیاریەیە کە بەرەو حەقیقەتی دەبات و هەست دەکات

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

که دەبێ بەر لەهەموو شتێک لەخۆی بگات و خۆی بناسێت، که گەیشتە ئەم پلەیەش, خۆناسین, نە ئارەزووی هەیە نە ئازار، نە رق و نەکینە، نەخەم و نەخەفەت، هەموو شتێک پشتگوێ دەخات، زەرەر بەهیچ شتێک و هیچ کەسێک ناگەیەنێت، ئەو ژیانەی ئەوی تێدایە ژیانێکی سەر سوڕهێنەرەو خۆی نەبێت کەس لێی تێناگات.

### چوارهەم : کتێبی رامایانا Ramayana[40]

ئەم کتێبە, نە نووسەرەکەی دیارە نە مێژووەکەی ، نوسینی ئەم کتێبە بە پێی ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ (دە) سەدە بەر لەزایین. رامایانا, زیاتر باس لەرووداوو بۆچوونە رامیاری و دەستوورییەکان دەکات، پێکهاتەی ئەنجومەنی دەسەڵات، هەڵبژاردن و دیاریکردنی پاشاو سەرکردەو بەرپرسەکان، ئەرکی پاشاو ئەنجومەن و سەرکردەکان، رەوشت و ئاست و شێوازی ژیانیان. بە تایبەتیش بەشێوەیەکی زۆر وردو شیکراوە ئەرک و دەسەڵاتی چینی ئەکشتەری دیاری دەکات. ئەمەش نمونەیەکی کورتە لەم کتێبە:

پاش ئەوەی ئەو مشت و مڕە زۆرە کرا, پاشا هەڵبژێردرا. ئەویش حەزی نەکرد ئەوەندە زۆر درێژە بکێشێت، خۆی گەیاندە سەر بەردێکی بەرزو رووی کردە خەڵکەکەو بەدەنگی بەرز وتی :

منتان بە پاشای خۆتان هەڵبژارد، بەسوپاسەوە هەوڵ دەدەم ئەرکەکانم جێبەجێ بکەم، بەڵام باش بزانن پاشایەتی لەخۆم بەگەورە تر دەزانم و من لەبەردەم هەڵبژاردنی ئێوەو بەرپرسیاریەتی پاشایەتیدا هیچ شتێکم بۆ ناوترێت، لە راستیدا پاشایەتی پێویستی بەکەسێکی لەمن شیاوتر هەیە، جا بۆ ئەوەی لە کارەکانمدا سەرکەوتوو بم، هەمووتان رامای کوڕم دەناسن, بۆیە حەز دەکەم و لێتان ناشارمەوە ئەمەوێت بیکەمە جێگری خۆم,

40 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (127) بەکورتکراوەیی



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئێوەش سەربەستیی تەواوتان هەیە کە پێی رازیبن یان..نا!! ئەگەر پێی رازیبن, من سوپاستان دەکەم، ئەگەر..نا, هیوادارم کەسێکی شیاوتر هەڵبژێرن و منیش ملکەچی بڕیارەکانتانم، تەنها مەبەستێکیش ئەگەر هەمبێ, هێنانەکایەی ژیانێکی خۆش و ئاسودەیە بۆ باشترین میللەت کە ئێوەن.

هێشتا پاشا, قسەکانی تەواو نەکردبوو لەهەموو لایەکەوە هاوار دەکرا، دەمانەوآ.. دەمانەوێ.

پاشا, رووی کردە (راما)ی کوڕی و پێیوت:

کوڕم، ئەم خەڵکە تۆیان هەڵبژارد, لەبەر ئەوە پێویستە باڵت بکەیتەوە تا خەڵکی بەژێر سێبەریدا گوزەر بکەن. دەبێت لەدادپەروەریدا گەورەو بچووک بەیەک چاو سەیرکەیت، لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا دەبێ خۆت لەبیربچێتەوە.

## فەسڵی دووهەم

## دەرگای یەکەم

## کۆسمۆلۆجیای هیندۆسی و یەکەم گیانلەبەر

هیندییەکان, بەدرێژایی مێژووی خۆیان لەخولیای ئەوەدابوون کە وەڵامێک بەپرسیارە سەرەکیەکانی دروستبوون و هاتنە سەر زەوی

خۆیان بدەنەوە. هەمیشە بیریان لەوە کردوەتەوە کە ئەم گەردوونە چۆن دروستبووەو لەکوێوە هاتوون و بۆ لێرەن و بۆ کوێ دەچن؟

(ئۆپانشاد) کەبەشێکی گرنگە لەکتێبی گیتا و پێشتر باسمان کرد وەڵامی هەندێک پرسیار دەداتەوەو دەڵێت:

(منی ڕاستەقینە, ئیتمان, بوونێکی قووڵی بێدەنگی بێوێنەیە. جەوهەری ڕاستەقینەو گەورەی جیهانیش نە(نێر)ەو نە(مێ). براهماش (خوا), ڕۆحێکی دەستنیشان نەکراوی گشتییە کە لەهەموو شوێنێک و لەهەموو شتێکدا هەیە, واتە ڕۆحە ڕاستەقینە گەورەکەیە. بەم جۆرە ئیتمان و براهما (ڕۆحی من و خوا) حەقیقەتی حەقیقەتەکان و ڕۆحی ڕۆحەکانن. هیچ جیاوازییەکیان نییە, براهما ئیتمانەو ئیتمانیش دەبێتە براهما.[41]

بەبڕوای هیندۆسییەکان, لەسەرەتادا گەردوون لەتاریکیدا نوقم بوو بوو, هەست بەهیچ شتێک نەدەکرا, ئەم حاڵەتە ئەقڵ ناتوانێت وێنای بکات, پاش ماوەیەکی زۆر ویستی خوا وابوو, ئەو زاتەی کەهەیەتی و نابینرێت و هەستی پێناکرێت, کارێک بکات وێنا بکرێت و ببینرێت و هەستی پێبکرێت. بۆئەم مەبەستە یەکەم جار ئاوی دروستکرد, پاشان میکرۆبێکی دروستکردو خستیە ئاوەکەوە, پاش ماوەیەک میکرۆبەکە بوو بە هێلکەیەکی بریقەدار, لەو کاتەدا خوا (براهما) لەوێنەی خۆیدا چووە ناو هێلکەکەوەو دەستی بەژیان و گەشەکردن کرد. دوای ساڵێک، کەساڵێکی براهما, چەندین ساڵی مرۆڤایەتییە، هێلکەکەی کرد بەدوو بەشەوە, بەشێکیان ئاسمان و ئەستێرەکان و خۆرو مانگ و ..هتدی لێدروستکرد. بەشەکەی دیکە, زەوی و شاخ و دەریاو..هتدی لێدروستکرد. کاتەکانی دابەشکردو بۆ هەریەکێکیش لەبوونەوەرەکان ناوێکی هەڵبژارد.[42]

---

41 ادیان الهند الکبری ص (31) شایەنی باسە لەبیری ئیسلامیشدا بۆچونێکی لەم شێوەیە هەیە بەتایبەت لەدنیای سۆفیزم و یەکێتی (بوون)دا (وحدة الوجود). هەندێک ئایەت ئاماژە بەوە دەکەن کەڕۆحی مرۆڤ لەڕۆحی خواوەیە، بۆ نموونە: وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي. الحجر 29

42 ادیان الهیند الکبری ص (52)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

یەکێک لەچیرۆکە بەناوبانگەکانی هیندۆسی سەبارەت بەدروستبوونی یەکەم گیانلەبەر کەمرۆڤە بەم جۆرە ئەدوێت:

براهما گیانلەبەرێکی زەبەلاح و گەورەی دروستکرد, هێندەی نەمابوو بگاتە گەورەیی خۆی!! ئەم یەکەم گیانلەبەرە پاش ماوەیەک لەتەنیایی خۆی ترساوە، لەخۆی دەپرسێت:

بۆچی و لەبەرچی بترسم؟! مەگەر بێجگە لەمن هیچی دیکە هەیە هەتا بترسم؟!

بەڵام ئەم ترسە وازی لێنەهێناو هەستیکرد بەختەوەر نییە, لەدواییدا بۆی دەرکەوت کەهەتا تەنیا بێت دەترسێت و بەختەوەر نابێت, بۆیە بڕیاریدا ئەم تەنیاییە چارەسەر بکات. یەکەم کاری ئەوەبوو کەخۆی کرد بەدوو کەرتەوە, کەرتی یەکەم, وەک خۆی مایەوەو بوو بە پیاوێک, کەرتی دووهەم, بوو بە ئافرەتێک, ئافرەتەکەش بوو بەژنی و ژیانێکی خۆش و پڕ لەکامەرانیان بردە سەرو بەچەندساڵێک چەند منداڵێکیان بەرهەمهێنا.

بەڵام ئەم ژیانە تاسەر درێژەی نەکێشا, چونکە ژنەکەی تووشی حاڵەتێکی زۆر سەیر بوو, تووشی نەخۆشییەک بوو کەمێردەکەی نەیدەزانی چییە, ئەو نەخۆشییەش بیرکردنەوە بوو. ژنەکە بیری لەهەموو شتێک دەکردەوە, بیری لەگەورەیی و زەبەلاحی و هێزی لەڕادەبەدەری مێردەکەی دەکردەوە, هەرچەندە ئەم بیرکردنەوەیە ئاسایی بوو, بەڵام یەک خاڵ بەتەواوەتی پەرێشانی کرد بوو, هەموو شەوێک بەر لەوەی بخەوێت, سەدان جار بەخۆی دەگوت:

ئەم زەبەلاحە چۆن توانیویەتی من لەخۆی جیابکاتەوە؟!! نەک هەر ئەوەندە, چۆن توانی ئەم چەند منداڵەی تر لەمن دەربهێنێت؟!! بەڕاستی سەیرە!!!

بەم بیرکردنەوەیە ترسێکی گەورەی لێنیشت, ترسێک کەپڕی بوو لەگومان, لەدڵی خۆیدا وتی:

ئەو چۆن توانی من لەخۆی جیابکاتەوە, ئاواش دەتوانێت هەر شتێکی ترم لێبکات, وا پێویستە هەرچی زووترە خۆمی لێبشارمەوەو نەمبینێتەوە, گەر ئەوەم کرد ژیانێکی بێترس و گومان بەسەردەبەم.

ژنە, نەیهێشت خۆر هەڵبێت هەر بەو بەیانی زووە ڕایکردو خۆی لەچاوان وون کرد. بەڵام وای بەباشزانی کە لەو شێوەیەدا نەمێنێتەوە, بەڵکو بچێتە شێوەیەکی ترەوە. پاش هەوڵێک توانی شێوەی مرۆڤایەتی خۆی بگۆڕێت و بچێتە شێوەی شتێکەوە کەئێستا پێی دەڵێن (مانگا). بەڵام مێردەکەی هەروا بەئاسانی ئەم گرفتەی بەسەردا تێنەپەڕی و بەهێزو تواناى خۆی توانی لەماوەیەکی زۆر کەمدا بیدۆزێتەوەو بیناسێتەوە. لەبەرئەوەی جارێکی تر لێی نەترسێت, لەبەرخاتری ئەو شێوەی خۆی گۆڕی و بوو بە(گا). بۆ ماوەیەکی تری زۆریش بەم شێوەیە ژیانیان بردەسەرو چەندەها گوێرەکەیان خستەوە. پاش ماوەیەک, ژنەکە ترسی لێنیشتەوەو ویستی لەگەڵ ئەو مێردە پڕ لەنهێنییەدا چیتر ژیان نەباتەسەر, هەر بۆیە وەک جاری پێشوو دیسان خۆی ون کردەوەو لەشێوەی (ماین)دا دەرکەوتەوە. مێردەکەشی, وەک جاری پێشوو دۆزییەوەو خۆی خستە شێوەی ئەسپەوەو ماوەیەکی زۆری تریش پێکەوە ژیان و چەند نۆمایەکیان لی پەیدا بوو. ژنە دیسان ڕایکردەوەو خۆی کرد بە ماکەر, مێردەش, دۆزییەوەو خۆی کردە نێرەکەرو چەند جاشێکیان لی پەیدابوو. ژنە خۆی کرد بەبزن و مێردەکەش خۆی کرد بەسابرێن و چەند (کار) ێکیان لی پەیدابوو. ژنە خۆی کرد بەمەڕ, مێردە بە بەران, چەند بەرخێک پەیدابوون. ژنە بەمریشک, پیاوە بەکەڵەشێر..و.. ژنە خۆی بکردایە بە هەرشتێک مێردەکەی دەیدۆزییەوەو ماوەیەک پێکەوە دەژیان و چەندین

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

نەوەو بەچكەیان دروستدەكرد، بەم شێوەیە هەرچی گیانلەبەر هەبوو هاتە وجودو یەكەم گیانلەبەریش ناونرا (مانۆ).[43]

## دەرگای دووهەم

## خوا لەبۆچوونی هیندۆسیدا

كۆنترین ئایین لەهیندستاندا ئەو ئایینە بووە, كە بەر لە كۆچەریە ئارییەكان لەناوچەكەدا هەبووە, بەڵام بەهۆی نەبوونی زانیاری و سەرچاوەیەكی ئەوتۆ لەو بارەیەوەو بەوپێیەی كە (ڤیدا)و كتێبە پیرۆزەكانی دیكەی هیندۆسی باسی لێوە دەكەن, وادەردەكەوێت كەئەویش ئایین نەبووە, بەڵكو تەنها ئەو ڕەوشە سەرەتاییەی مرۆڤ بووە كە زانایان لەژێر ناوی تەوتەم و تابۆدا باسیان لێوەكردووەو لەهیندستاندا بە شێوەیەک بەرجەستە بووە كە:

هەموو شتێک ڕۆحی تێدایە: بەرد, ئاژەڵ، درەخت, ئاو، چیا, ئەستێرە, مانگ, خۆر, خۆڵ، ئاگر, مار, پەلەوەر..تاد, هەندێک لەمانە ڕۆحی بەرزو

---

43 رحلة الحياة. د. يوسف كرم – ص (75و80)بەكورتكراوەیی .هەروەها بڕوانە (قصة الديانات) ل (80و81) وە (فلسفة الخليقة) ل(24و25) وە(15و16) وە(اديان الهند) ل (51)



www.xwdakan.com net org

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

پاک و پیرۆزیان تێدایە, هەندێکی دیکەشیان ڕۆحی پیس و خراپ و دڕندە.[44]

بەپێی سەرچاوە هیندۆسییەکان, خواکانی ئەو سەردەمە گەورەو بچوکیان تێدا بووە, بۆ نموونە دیوس (زیوسی یۆنانی) دەبێتە خوایەکی گەورە, کە بریتییە لەئاسمان. هەر بۆیە ئاسمانیان کردە باوک و ناویان نا (ڤارۆنا). هەر لەو باوەڕەوە کە هەموو شتێک نێرو مێی هەیە, زەویشیان کردە دایک و ناویاننا (بریسیڤی).[45] ئەم دایک و باوکە بەهۆی (هەور)ەوە دەست لەملی یەکتر دەکەن و ئاوێزان دەبن و بەم هۆیەوە هەورە بروسکەو باران دروست دەبێ و دەبنە (بارجابنا)ی خوا, لەئەنجامی زاوزێکردنی ئاسمان و زەویدا, ڤارۆناو بریسیڤی, ڕووەک و درەخت و گژوگیاو..هتد لەدایکدەبن.[46]

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت گەورەیی و بچووکی خواوەندەکان و گرنگییان لەچۆنیەتیدا بەرجەستە نابێت و چەندایەتی, قەبارەو ئەندازە, ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. هەر لێرەشەوە جۆرێک لەیەکتاپەرستی, توحید, لەم ناوەندەدا بەرجەستە دەبێت, بەڵام نەک لەپەرستنی تەنها یەک خواوەنددا، بەو شێوەیەی لە ئایینە یەکتاپەرستەکاندا هەیە.

ئەگەر وەک چەندایەتیش بڕوانین, دەبینین (هیندییەکان هەر لەکۆنەوە, وەک باسمانکرد ـ نزیکەی 4500 ساڵ پ.ز هەتا نزیکەی 1000 ساڵ پ.ز. هەر خێڵەو هەر کۆمەڵەو هەر خێزانەو هەر کەسە بۆ خۆی خوایەکی تایبەت بەخۆی هەبووە, خوایەک کەسوود بەخۆیان و زەرەر بەناحەزانیان بگەیەنێت, بێت بەهانایانەوەو پاڕانەوەیان لێوەربگرێت و لەنەخۆشی و نەهامەتی بیانپارێزێت و کشتوکاڵیان پڕ بەرەکەت و ژمارەی ئاژەڵەکانیان بۆ زیاد بکاو رزق و ڕۆزیان پێببەخشێت.

---

44 فلسفة الهند القديمة ص (55)

45 فلسفة الهند القديمة ص (55)

46 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (15)

www.xwdakan.com net org



بێگومان ئەم حاڵەتەش بەرەبەرە سەریهەڵداوەو گەشەیکردووە. پاش تێپەڕبوون بەچەندین قۆناغی پڕ لە کارەسات و ڕووداودا مرۆڤی ئەو دەڤەرەی والێکردووە بۆهەر کارەسات و ڕوداوو پێشهاتێک خوایەکی تایبەت بناسێت. بۆ نمونە (ئیندرا) خوای بروسکەو باران بارین, (ئەغنی) خوای ئاگر, (سوریا) خوای خۆر, هەموو ئەمانەیان پێکەوە ناسیوەو کڕنوشیان بۆ بردوون.

دیاردە گەردوونی و سروشتیەکان, بەترسناکی و دلڕفێنیانەوە سەرسوڕهێنەربوون و دەروونی مرۆیان هەژاندووە, سوپاس و پێزانینیان بۆ سوودمەندەکانیان دەربڕیوەو بەترس و بیمێکی زۆرەوە لەبەرامبەر ترسناک و زیانمەندەکانیاندا دەستەوسان وەستاون. هەر ئەم حاڵەتەش گەیاندونیەتە ئەوەی کە وابزانن هەریەک لەمانە ڕۆحی تایبەت بەخۆیانیان هەیەو کڕنوشیان بۆ بردوون و قوربانیان پێشکەش کردوون.

زۆربوونی ژمارەی خواوەندەکان, ڕێگەیان لەوە نەدەگرت کەهەندێک جار یەکتاپەرستی ڕاستەقینە لەبیرو بۆچوونیاندا دەربکەوێت, بۆ نموونە:

و..و, لەدواییدا ((ڤیلا جادا ساگایلا)) گوتی:

- ئەی ((یاچنا ڤالیگا)): ژمارەی خواوەندەکان چەندن؟
- سێ هەزارو سێ خوا..
- بەڵێ ... بەڵام بەدڵنیاییەوە پێمبڵێ کەچەند خوان؟
- سی و سێ!!
- بەڵێ! بەڵام بەدڵنیاییەوە پێمبڵی ؟
- سێ!!
- بەڵێ! بەڵام بەدڵنیاییەوە پێمبڵێ؟
- یەک و نیو!!
- بەڵێ! بەڵام بەدڵنیاییەوە پێمبڵێ؟

- تەنها یەک خوا!![47]

ئەم یەکتاپەرستییە, تەنها لەکاتی پاڕانەوەدا بەڕوونی دەردەکەوت. کاتێک کڕنووشیان دەبرد, خۆیان لەبەردەم هێزێکی لەبننەهاتووی لەڕادەبەدەری بێوێنەدا دەبینیەوە کەخۆشیان لەو بێئاگاییەدا نەیاندەزانی کێیەو چۆنەو لەکوێیە.. تەنها ئەوەیان دەزانی ئەو خوایەی ئەوان ئەیپەرستن بێوێنەیە, بۆیە بەجوانترین شێوە باسیان دەکردو بەخۆشترین ناو ناویان دەنا. وردە وردەو بەتێپەڕبوونی سەدەو قۆناغەکان ئەم شیکردنەوەیەو مەیلی ئەم یەکتاپەرستییە, جێگای خۆی کردەوە. (خوا)یەک کە هەر خۆیەتی و خوای هەموو شتێک و هەموو خوایەکەو هەرچی هەیە لەژێر فەرمانی ئەودا دەجوڵێتەوە.

مێژوو باسی ئەوەمان بۆ دەکات, کە لەسەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی بەر لەزاییندا پیاوە ئایینیەکان (بەرهەمی) کۆبوونەتەوە تا چارەسەرێک بۆ ئەم چەندایەتییە بدۆزنەوە, پاش چەندو چونێکی زۆر توانیان خواکان لەیەک خوادا کۆبکەنەوەو پاشان باس لەبیرۆکەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) بکەن. پێیان وابوو خوا ئەم بوونەوەرەی لەزاتی خۆی دروستکردووە, هەر ئەویشە پارێزگاری لێدەکاو هەر ئەویش دەتوانێت کاولی بکات, ئەم بیرۆکەیەش لەسێ ناودا دەردەکەوێت (براهما), (ڤیشنۆ), (سیڤا).[48] ئەم بۆچوونەش تا ڕادەیەکی زۆر لەبۆچوونی (سێینەکردن, التثلیث)ی مەسیحی دەچێت کە دەڵێت: یەک لەسیانداو سیانیش لەیەکدا.[49] هیندۆسیش پێیوایە کە خوا یەکە, بەڵام لەسێ بۆتەدا.

---

47 قصة الحضارة...ويل ديورانت...مجلد2..جزء 3و4 قسم الهند وجيرانها ص(31و32)

48 فلسفة الهند القديمة ص (10)

49 لەبەرگەکانی ئایندەدا و لەباسکردنی ئایینی مەسیحیدا بەدوورو درێژی باس لەم چەمکە دەکەین. بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە بڕوانە ( الله فی المسیحیة, تألیف :د کاظم یعقوبي)



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بۆتەی یەکەم: (براهما) دروستکەرو بەدیهێنەری بوونەوەر.

بۆتەی دووهەم: (ڤیشنۆ) ڕاگرو پارێزەری بوونەوەر.

بۆتەی سێهەم: (سیڤا) کاولکەرو وێرانکەری بوونەوەر.[50]

زمانی ((سانسکریتی)) کۆنترین زمان و شێوە نووسینی هیندییەو توێژەرەوان وای بۆ دەچن, کە ژێرخانی زمانی ئەوروپییە. بەمانای ئەو زمانە وشەی ((براهما)) مانایەک دەگەیەنێت کە ناکەوێتە ژێر هەستوەرەکانی مرۆڤەوەو هەر بووەو هەر ئەمێنێت و سنووری نییەو سەرچاوەی هەموو بوونەوەرێکە.[51]

پاش بەسەرکردنەوەیەکی پێویستی سەرچاوە ئایینییەکان ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت, کە(خوا) لەئایینی هیندۆسیدا هەریەک خوایە, هەروەک چۆن خوا لەئایینی ئیسلامدا(99) ناوی هەیە, لە هیندۆسیدا سێ ناوی سەرەکی هەیە, دەتوانین بڵێین , براهما واتای الخالق, البادیء, المبدء, المبدع. ئەوەی زۆر گرنگ بێت بیزانین ئەوەیە کە براهما واتە الله, ڤیشنۆ واتە: الحافظ, پسیڤا واتە: القهار. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە بۆ هەتا ئێستاکەش دیاردەی بتپەرست لەهیندستاندا هەر ماوە؟

کتێبی هیندۆسم Hinduism زۆر بەسادەیی بەدووخاڵ وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە:

1-هەموو هیندۆسییەک دڵنیایە لەوەی کە ئەو بتەی ڕووی تێدەکات تەنها هێمایەکەو ئەوان ئەو ڕاستیە گەورەیە دەپەرستن کەلەپشت ئەم هێمایەوە ئامادەیە, بەو شێوەیەی کە تاکە مەبەست لەم هێمایە, کۆکردنەوەو بەرجەستەکردن و ڕێخۆشکردنە بۆ باشتر گەیشتن بەخوا.[52]

عەرەبەکانیش لە کاتی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا هەمان بۆچونیان هەبووەو ئایەتیشی لەسەرە:

---

50 ادیان الهند الکبری –ص (48)

51 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (49)

52 اساس الدین / د. هلال فارحی / ص (63)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى.[53]

ئێمە ئەوانە بۆ ئەوە دەپەرستین بۆ ئەوەی لە خودامان نزیک بکاتەوە.

2- بیری ڕۆژهەلآتی, بەتایبەت هیندستان و دەوروبەری، خەڵکێکی بەسۆزو خرۆشن و لەکاتی ڕووداوی خۆش و ناخۆشدا بەشێوەی دەرەکی و ناوەکی هەلۆیستی خۆیان دەردەبڕن, بەشێوەیەک بەرجەستەی ئەو هەست و سۆزو خرۆشە دەروونییەی خۆیان دەرببڕن, کە نموونەیی بێت. ئەمەش بەبەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیانەوە بەتەواوەتی دیارە, خێزانێک, کەسێک لەهیندا نابینرێت کە شتێکی پیرۆزی تایبەت بەخۆیی نەبێت.. بتەکان, وەک هێمایەک خزمەت دەکرێن و جلی جوانیان لەبەردەکرێن و بەگوڵ و گوڵزار دەیرازێننەوە, ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی بۆ یەکدی بسەلمێنن کەچەند خوایان خۆش دەوێت, لەبۆنە تایبەتییەکاندا بە ڕۆن چەوریان دەکەن و بۆنی خۆشیان لێدەدەن و بەعەترو گولآو زێڕو زیو دەیاننەخشێنن و چواردەوریان دەگرن و بەمۆسیقاو گۆرانی خۆش و سەمای جۆشدار ئەو ماوەیە بەسەر دەبەن. ئەو کەسەی دەچێتە پەرستگاوە, بەرلەوە خۆی دەشواو جلی جوان و پاک و خاوێن لەبەردەکاو خۆی برسی دەکات ئەوجا دەچێتە پەرستگاوەو ماوەیەک لەبەردەم هێمای خواکەیدا چوارمشقی دادەنیشآ و هەناسەی خاو دەکاتەوەو بێدەنگ و بێجووڵە پاڕانەوەکانی ئەنجام دەدات. ئەو کەسانەی کە بۆ مەبەستی تایبەتی دەچن, لەگەڵ خۆیاندا (قوربانی) دەبەن و پێشکەش بە بەرهەمییەکان (ئایینزاکان)ی دەکەن.[54]

هەموو ئەم کارانەش وەک دەستورو ڕێنمایی تایبەت بەپەرستن, عبادەت, لەئایینی هیندۆسیدا ئەنجام دەدرێت و لەهەموو ئایینێکدا سروشت و

53 الزمر (3)

54 فلسفة الهند القديمة ص (65)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

شێوازی تایبەتی ئایینی بەم جۆرە هەیەو ناکرێت کەئەم مەراسیمانە بەبتپەرستی بدەینە قەڵەم.

لەئایینی هیندۆسیدا جگە لەنوێژی تایبەت کە لەبەردەم هێمایەکدا لەماڵەوە ئەنجام دەدرێت, لەبۆنەی تایبەتدا دەچنە پەرستگاکان, وەک نوێژی هەینی لەئیسلامدا, هەندێک جاریش دەچنە جێگای چۆڵ. هەندێک پەرستگای گەورەو بەناوبانگیان هەیە, کەسالآنە سەردانی دەکەن. (بەشێوەی موسڵمانان کە سالآنە دەچن بۆ حەج).

## دەرگای سێهەم

## هیندۆسی و چینایەتی ئایینی

پێشتر باسی هاتنی ڕەگەزی ئاری و تۆرانیمان کردو چۆنیەتی تێکەڵبوونیانمان لەگەڵ هیندیە ڕەسەنەکاندا ڕوونکردەوە. لەم ڕوونکرنەوەیەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەهیندستاندا لەسەر بنەمای ڕەگەز دروستبووە.

ئاریەکان کەهەڵگری دابونەریت و شارستانییەت و ئایین بوون, بەسەر ڕەگەزەکانی دیکەی ناوچەکەدا لەڕووی ئایینی و کۆمەڵآیەتی و دابونەریت و فەلسەفەوە زاڵبووبوون. ئەمە سەرباری باوەڕبوونی خۆیان بەپیرۆزیی ڕەگەزەکەیان, وشەی ((ئاری)یش هەر ئەو مەبەستە دەگەیەنێت, ئاری واتە ڕێزدارو پیاو ماقوڵ، یاخود نەجیب زادە.

دوای ئەوەی کەئارییەکان هیندیان داگیر کرد, بەهۆی شارستانیەتی خۆیان و بآسەروبەری ئایینی هیندییە ڕەسەنەکان و نەبوونی یەک زمان و دابونەریت, کۆمەڵی هیندی بەسەر چەند چین و توێژێکدا دابەش بوو, بەشێوەیەک هیچ یەکێکیان لەگەڵ ئەوی تردا نەیانکرێت, نەژن و ژنخوازی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

هەبێت و نەتێکەڵی یەکتر ببن. ئەم جیاوازیە بە درێژایی مێژوو بەردەوام بووەو هەرئەمەش بوو بە بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی هیندی لەئەورووپی و مەغۆلی.[55]

سەرەتا هەر چینەو خۆی بۆخۆی دەژیا, بەڵام پاش چەند سەدەیەک و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی, جۆرێک لەتێکەڵبوون سەریهەڵداو بووە هۆی ئەوەی کە هەندێک یاسا بۆ بەرنامەڕێژی ئەم تێکەڵبوونە دابنرێت و بەم هۆیەوە دووخاڵ ئاوێتەی یەکدی ببن:

یەکەم: بەر لەسەرهەڵدانی یاساکان, هەر چین و توێژو خێڵێک بۆ خۆی پارێزگاری تەواوی لەسەروەرییەکانی خۆی دەکرد, خۆی کاری بۆخۆی دەکردو خۆی سەرکردەی خۆی بوو, لەگەڵ ئەمانەشدا دابونەریت و خورەوشت و ژیانی خۆیان دەپاراست.

دووهەم: بەتێکەڵبوون و دانانی یاساکان, نە دابونەریت و نە سەربەخۆییان و نەڕەگەز پارێزرا هیچکام نەپارێزران!! ڕەگەزیان لەناویەکدا توانەوەو کۆمەڵگایەکی چینایەتی پی هاتەکایەوە.

بێگومان چین و توێژەکانی کۆمەڵی هیندۆسی, هەر زۆر زۆرن. بەجۆرێک ئەگەر بمانەوێت قسە لەهەموویان بکەین دەبێت قسە لەسێ هەزار چین و توێژی جیاواز بکەین, بەڵام وەک لەیاساکانی(منۆ)ی کتێبی (ڤیدا)دا یەکلایی کراوەتەوە، کۆمەڵ بەسەر چوار چینی گشتی و سەرەکیدا دابەش دەبن, باڵادەستی کولتوری بەرهەمییەکان, واتە پیاوانی ئایینی, وایکردووە کە هەرئەوان یاسای چینەکان دارێژن و بەتەواوەتی بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بپارێزن و ئەو بیرباوەڕە تەواو جێگیر بکەن کە گوایە ئەم دابەشبوونە بەبڕیاری خوایەو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەمە بڕیارێکی ئەزەلی و هەمیشەییەو بۆمرۆڤ نییە دەستکاری بکات.

هەر بۆ ڕێزگرتن لەتێکەڵاوبوونی ئەم چینانەو پاراستنی پیرۆزی ئەم جیاوازی و دابەشبوونە, بۆ هیچ چینێک نەبوو کەژن و ژنخوازی لەگەڵ

55 محمد رسول الله / جوين سيرز ص (59)

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

چینێکی لەخۆی بەرزتردا بکات و هیچ پیاوێک بۆی نەبوو لەچینێکەوە بچێتە چینێکی تری بالآتر. تەنانەت ناو هێنان لەمنداڵ، ڕێچکەی تایبەتی خۆی هەبووە، هەرچی ناوی ئایینی و دڵخۆشکەر بوو لەچینی بەرهەمییەکان دەنراو ناوی شەڕو کوشتن و کوشتارو سەرکەوتن لەئەکشتەرییەکان و ناوی دەوڵەمەندی و بازرگانی لەڤیشییەکان و ناوە ڕەش و سوک و بەدبەختەکانیش لەشودراکان دەنرا.[56]

بابێینە سەر جیاکردنەوەو پێناسەکردنی هەریەک لەم چوار چینە سەرەکییە لەئایینی هیندۆسیدا کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامەو ماوەتەوە:

**یەکەم : (بەرهەمی) یەکان**

بەرهەمییەکان پیاوانی ئایینی و ئامۆژگاریکەرو پارێزەری ئایینن و هەموو قوربانی و خێرو خێرات و پەرستنێک دەبێت بەئامادەیی و پرسی ئەوان دەبێت, پارێزەری یاساو نوسراوو بڕیارە ئایینی و شارستانییە ڕەسمییەکانن و لەلایەن خەڵک و خواکانەوە شایستەی هەموو ڕێزو سەروەرییەکن, چونکە لە سەری خوا دروستکراون, هەرچی لەدنیادایە موڵکی ئەوانەو مافیان لەهەموو شتێکدا هەیە، بۆیان هەیە هەرکاتێک پێویستیان بوو هەموو سەروەت و سامانی داگیر بکەن، چونکە هەموو, بەندەو خزمەتکاری ئەوانن و هەموو چین و توێژەکانی دیکە بۆ خزمەتکردنی ئایینزاد دروستکراون, بەبێ ئەوەی هیچ پرس و لێپرسینەوەیەک لەگەڵیاندا بکرێت. بەرهەمی (پیاوانی ئایین, مەلا, قەشە, حاخام) هەرگیز گوناه ناکات و لەلایەن خواوە پارێزراوە, ئەگەر هەموو کۆمەڵیش قڕبکات, مافی خوایی خۆیەتی..!! (پاشا) ئەگەر بەموحتاجیش بمرێت, بۆی نییە هیچ باج و سەرانەیەک لەهیچ بەرهەمییەک وەربگرێت و ئەبێت خۆی لەوە بپارێزێت کە غەزەبی بەسەردا نەبارێنێت, بائەم

---

56 حضارة الهند، گوستاف ليبون، ص: ص (134)

بەرهەمییەش هەرچی تاوانێک هەیە کردبێتی..!! تەنها بۆی هەیە ئەگەر بەباشی زانی لەژێر دەسەلآتی خۆی دووری بخاتەوە بەبێئەوەی دەست بۆماڵ و سامانی درێژ بکات. (پاشا) دەبێت لەهەموو کارێکی گرنگدا پرس بەبەرهەمییەکان بکات و ڕەزامەندیان وەرگرێت چونکە بەرهەمی لەسەری خوا دروستکراون.[57]

**دووەم : (ئەکشتەری) یەکان**

تەنها ئەو کەسانەی کەئەقڵیان بە(ڤیدا) ئاوداشتە کراوە, دەتوانن ببنە سەرکردەو پاشاو دادوەرو ڕێبەری خەڵک. پاشا دەبێت لەم چینە بێت, ئەویش پێویستە ڕێز لە سەرکردەو سەربازەکان بگرێت, ئەگەر پاشا منالیش بێت نابێت لەسەر دەسەلآت لاببرێت, چونکە ئەویش مرۆڤەو مرۆڤەکانی ئەم چینە لەهێزو بازوی خوا دروستکراون. ئەکشتەری جگە لەپاشایەتی و سەربازی و جەنگاوەری و ..هتد, نابێت هیچ کارێکی دیکە بکات, لەکاتی شەڕو ئاشتیشدا هەر ئەمە ئەرک و کاریەتی و لەگەڵ یەکەم بانگکردندا دەبێت ئامادەبێت. پاشا دەبێت کەل و پەلی جەنگ بۆ سەربازەکانی ئامادە بکات. پاشاو ئەکشتەری تەنها وەختێک ژیان و دەسەلآتیان پیرۆز دەبێت و فەڕی تێدەکەوێت کەپشتگیری بێتاوانان بکەن و دادپەروەربن و خۆشەویستی بەرهەمییەکان بن.[58]

**سێهەم : (ڤیشی) یەکان**

ڤیشی دەبێت لەچینەکەی خۆی ژن بهێنێت, دەبێت گرنگی تەواو بەکارەکەی بدات کەبازرگانییەو بەردەوام ئاژەڵ بەخێوبکات. دەبێت باش باش بزانێت کەچۆن تۆو دەچێنێت و دانەوێڵە دەڕوێنێت و دەبێت جوتیارێکی باش و شارەزا بێت و لەکێشانەو پێوانە بەباشی بزانێت. دەبێت کرێی خزمەتکاران بدات و لەگەڵیاندا چاک بێت. دەبێت بزانێت کەچۆن

57 العقیدة والشریعة..علی محفوظ ص (71و73) بە کورتکراوەیی .

58 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (74و79) بە کورتکراوەیی .



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بەروبوومەکانی دەپارێزێت و ئەمباریان دەکات. دەبێت زمان بزانێت و لەکارو کاسپی و کڕین و فرۆشتندا شارەزاو ووردەکار بێت. دەبێت باری ئابووری بەرز بکاتەوە, چونکە لە کەمەرو پشتێنەی خوا دروستکراون.[59]

**چوارهەم : (شودرا) کان**

ئەمانە دەبێت ملکەچییەکی ڕەهایان بۆ فەرمان و بڕیارەکانی ئایینزاکان (بەرهەمی) هەبێت, چونکە پاش مردنی بۆی دەپاڕێتەوە. شودرایی بۆی نییە هیچ پاشەکەوتێکی زیاد لەپێویستی خۆی هەبێت, باتواناشی هەبێت کەئەو کارە بکات. هەرکەسێک لەم چینە ئەگەر بیری لەوەکردەوە کە خۆی وەک کەسێک لەچینێکی بالآتر سەیر بکات, دەبێت نەفی بکرێت. ئەگەر دەست لەهەریەکێک لەچینەبالآکان بەرزبکاتەوە, دەبێت دەستی ببڕدرێت. ئەگەر قاچی بوو, دەبێ قاچی ببڕدرێت, ئەگەر بەبێ ڕێزو ستایش ناوی هەریەک لەو چینانەی تری هێنا, دەبێت قەمەیەکی سورەوە کراوی ژەنگاوی بکرێت بەناو دەمیدا. ئەگەر قسەی لە قسەی بەرهەمییەکاندا کرد, دەبێت ڕۆنی داخ بکرێتە ناوگوێ و دەمیەوە.[60]

بێجگە لەم چوار چینە کە کۆمەڵی هیندۆسی پێکدەهێنن، چینێکی دیکە هەیە کەبەتەواوەتی وەلانراون و هیچ جۆرە باس و حیساب و بەهایەکی مرۆڤایەتیان بۆدانەنراوە, ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کەسوربوون لەسەر ئەوەی بەجیاوازی بمێننەوە. لەکاتی داگیرکردنی ئاری و تۆرانیدا بۆ هیندستان و پاش ئاوێتەبوونیان لەگەڵ هیندییە ڕەسەنەکان, ئەمانە بەرەو بنارو دارستان و چیا بەرزەکان هەڵهاتن و کەناریان گرت, هەر بۆیە ناویان ناون (پەراوێزکراوەکان, المنبوذین). ئەم ناوەش لەوێوە دێت کەئایین و کۆمەڵی هیندۆسی, بەهیچ شێوەیەک هیچ مافێکی مرۆڤانەی بەم خەڵکانەی نەداوەو بەتەواوەتی پشتگوێ خراون. هەر ئەم حاڵە سەختە

---

59 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (74و79) بە کورتکراوەیی .

60 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (74و79) بە کورتکراوەیی .

بوەتە هۆی ئەوەی کە ئایینی هیندۆسی وەرنەگرن و بگرە بۆیان نەبێت کەبێنە نێو ئەو ئایین و کۆمەڵەوەو هەتا ئێستەش ئەگەرچی نەژادی ئەصڵین بەڵام نە وەک زمان و نە وەک نەتەوە بەڕەسمی نەناسراون و لەسادەترین و سەرەتاییترین شێوازی ژیان و گوزەراندا دەژین.[61]

## فەسڵی سێهەم
## گرنگترین عەقیدەی هیندۆسی

دەکرێت عەقیدەو بیروبۆچوونە میتافیزیکی و ڕۆحیەکانی هیندۆسی لەڕێگەی ڕاڤەکردنی چوار چەمکی هەرە سەرەکییەوە باسبکەین, ئەم چەمکانەش بریتین لە: کارما، دۆناودۆن، دەرچوون، یەکێتی بوون.

### بەشی یەکەم

### کارما
### یاسایەک بۆ تۆڵەو پاداشت

لەئایینی هیندۆسیدا (ئارەزوو) بەهێزترین هۆکاری بەردەوامبوونی حەزەکانی ژیانمانە. بەڵام ئارەزووەکانمان شوێنەوار لەسەر ئەوانی دیکە جێدەهێڵن، ئێمە لەو کردەوانەماندا کەئارەزوەکانمان دەیانسەپێنێت بەسەرماندا, چاکە یان خراپە لەگەڵ دەوروبەر دەکەین، بۆیە پێویستە لەبەرامبەر ئەمانەوە یاسایەک بۆ تۆڵەو پاداشت هەبێت, بێگومان ئەم یاسایەش لەژیانی هەموو بوونەوەرە ئازادەکانی سەر زەویدا ئامادەیە, لەزمانی سانسکریتیدا بەم یاسایە دەوترێت (کارما karma)و هیچ کەسێک لێی دەرباز نابێت. بۆ دەرباز بوون لەم چارەنووسە, هیچ جێگاو شوێنێک

61 حضارة الهند، گوستاف لیبون، ص(141)



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



لەم گەردوونەدا نییە مرۆڤ پەنای پێبەرێت, نە چیاو نە ئاسمان و نە دەریا, ئیدی چارەنووسەکەی باش یا خراپ بێت.

هەموو ئەو کردەوانەی کەمرۆڤ بەسەربەستی خۆی ئەنجامیان دەداو کاریگەری چاک یان خراپیان لەسەر ئەوانی تر کرد، پێویستە بەپێی ئەم یاساو نامووسە حەتمییە, پاداشت یان تۆڵەی دادپەروەرانەی خۆی لەسەر وەربگرێت. چونکە یاسای خوایی لەگەردووندا لەسەر دادپەروەرییەکی ڕووت وەستاوە, هەر ئەم یاساو دادپەروەریەش بڕیاریداوە بەپێی یاسایەک کە لەسروشتدا هەیە, کە هەموو کردەوەیەک پاداشتی خۆی وەربگرێت. گەورەو بچووکی کردەوەکانی مرۆڤ سەرژمێر دەکات و هەموو ئەم سەرژمێری و تۆڵەو پاداشتانەش هەر لەژیانی دنیادا دەبینێت.

بەڵام هیندۆسییەکان سەرنجی ئەوەیان داوە کە زۆرجار ئەمە لەژیانی ڕۆژانەدا نایەتەدی, ستەمکار زۆر جار بەبێئەوەی تۆڵەی خۆی وەرگرێت و چاکەکار زۆرجار بەرلەوەی پاداشتی خۆی بەدەستبهێنێت, دەڕۆن و دەمرن, ئەمەش وای لەهیندۆسییەکان کرد کە باوەڕ بەدۆناودۆن (تناسخ الارواح, ڕۆحگۆڕکێ) بهێنن بۆ ئەوەی کەئەگەر ئەو کەسە لەم ژیانەدا پاداشتی خۆی یاخود تۆڵەی خۆی وەرنەگرت, لەو ژیانەی دیکەیدا وەری بگرێت کە ئەو ژیانەش لەبەهشت و دۆزەخدا نییە، بەڵکو هەرلەم دنیایەدایە.

فەلسەفەی (یۆگا) هەوڵدەدات بیرۆکەی (کارما) لەبیری ئێمە نزیکبخاتەوەو ئاشنامان بکات, بیرۆکەکە دەڵێت:

ژیانی ئێمە بەپێی ئەو هۆکارانەی کەخۆمان لەڕێگەی ژیانی خۆماندا دایاندەنێین, خۆش بن یا ناخۆش، هەروەک چۆن کەسێک کەتووشی نەهامەتییەک دێت, دەڵێین : (تۆڵەو حەقی خۆیەتی) هەر ئاواش سزا یان پاداشتی کارو کردەوەکانمان وەردەگرینەوە، چونکە پاداشت یان تۆڵە بەهەمان شێوەی کردەوەکانە. بەپێی ئەو حاڵەتەی کەئێمە لەم ژیانەدا دەیبینین و بەرچاومان دەکەوێت و کاری چاکە یان خراپەی تێدا دەکەین،

بەپێی (كارما)، پاداشت و تۆڵەكەی دەكەوێتە ژیانێكی دیكەوە كە پێی دەگوترێت دۆناودۆن.[62]

## بەشی دووهەم

## دۆناودۆن
## یان
## ( رۆحگۆڕکێ , تناسخ الارواح )

هەندێک لە نوسەران بۆ دۆناودۆن چەند زاراوەیەكی دیكە بەكاردەهێنن وەک تناسخ الارواح, تجوال الروح, تكرار المولد, ڕۆحگۆڕكێ, گەشتی ڕۆح, لەدایكبوونەوە..تاد. واتە ڕۆح پاش دەرچوونی لەجەستەی مردوویەک جارێكی دیكە لەجەستەیەكی دیكەدا لەدایكدەبێتەوە. پاساوی هیندۆسییەكان بۆ ئەم بیرۆكەیە لەم خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە:

1- ڕۆح ،كە لەجەستەی مردووەكە دەرچووەتە دەرەوە, هێشتا چەندین حەزو ئارەزووی هەیە, كەلەژیانی پێشوویدا جێبەجێی نەكردوون و ئەم حەزو ئارەزووانەش بەم ژیانە ماددیەوە پەیوەستە.

2- جگە لەحەزو ئارەزوو, كاری چاكەو باشەی كردووەو قەرزو ئۆباڵی چەندین كەسی دیكەی لەكۆڵە، دەبێت ئەم قەرزو ئۆباڵانە بداتەوەو جێبەجێیان بكات و خۆی لەخراپەكان پاكبكاتەوە. بۆ پاكبوونەوەش ئەبێت لەگیانلەبەرێكی دیكەدا لەدایک ببێتەوە تائارەزووەكانی خۆی بەجێبگەیەنێت و چێژو پاداشتی ئەو كردەوانەی كەلەژیانی یەكەمی مرۆڤانەیدا كردویەتی, وەربگرێت.[63]

---

62 بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە: 1. اديان الهند الكبرى ص (59)
2. فلسفة اليوگا ص (31و52)
63 فلسفة الهند القديمة ص (142)



www.xwdakan.com net org

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

ئارەزوو, خواستی دەوێت, خواستیش دەبێتە بایسی کردەوە، ئەگەر ئەم جەستەیە بەکەڵکی ئەوە نەهات قەرزەکانی بداتەوەو پاداشتی چاکەو سزای خراپەکانی تێدا وەربگرێت, ئەوا لەجەستەیەکی دیکەدا لەدایک دەبێتەوە. مەرج نییە لەم ژیانە بەڵکو لەژیانێکی دیکەدا، چونکە ئارەزووەکان بۆئەوە دروستکراون کەبەجێبهێنرێن. ئەگەر بەجێنەهێنرێن مرۆڤ لەدۆناودۆن رزگاری نابێت. ئەگەر هەموو ئارەزووەکان بەجێی خۆیان گەیشتن, قەرزەکان درانەوەو ئۆباڵی کەس بەسەریەوە نەما, مرۆڤ نەگوناهێکی لەسەر بێت تا تۆڵەی وەربگرێت و نەچاکەیەکی هەیە کەپاداشتی لەسەر وەربگرێت, ئا لەم حاڵەتەدا لەدۆناودۆن ڕزگاری دەبێت و توشی رۆحگۆڕکێ, یاخود لەدایکبوونەوەیەکی دیکە نابێەوە. ئیدی ئەم پاکیزەیییەی خۆی بەجارێک یاخود چەند جارێک بە لەدایکبوونەوەی بەردەوام دەستەبەر دەکات و ڕۆحە بێخەوش و بێئارەزووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای براهما (خوا) تا لەگەڵ خوادا ئاوێتە ببێتەوە. تەنها جەستە بایۆلۆژییەکەی مرۆڤە کە لەدایک و باوکی دەبێت, ئەوەی کەئەم جەستەیە دەجوڵێنێت و چالاکی دەداتێ و بەسەریدا زاڵدەبێت پێکهاتەیەکی تەنک و نیانە کەپێکهاتووە لەهێزە سەرەکییەکانی مرۆڤ و هەستیارەکان و هێزە میکانیکیە بزوێنەرەکان و توخمە تەنک و نیانەکان و ئەقڵ.

کاتێک مەرگ ڕوودەدات, ئەو جەستە بایۆلۆجییە دەمرێت و هەڵئەوەشێتەوە, بەڵام ئەو پێکهاتەیەی کە ئاماژەمان بۆ کرد, دەردەچێتە دەرەوەو لەئاسۆکانی گەردووندا ماوەیەک دێت و دەچێت و کار دەکات. لەم حاڵەتەدا ئەو بەهەشت و دۆزەخە دەبینێت کە ئایینەکان باسیان لێوە کردووە، پاشان بەهۆی خواست و ئارەزووکانییەوە, بەهۆی کردارەکانی ڕابوردوویەوە ڕۆحەکەی دەگەڕێتەوە نێو جەستەیەکی دیکەو لەدایکدەبێتەوەو گەشتێکی نوێ دەستپێدەکاتەوە.

ئەم گەشتە نوێیە, دەرئەنجامی ژیانی پێشووی ئەو ڕۆحەیە, ئەو ڕۆحە دەچێتە لاشەی مرۆڤێک یان ئاژەڵێک یان خشۆکێکەوەو لە جەستەیدا وەک

پاداشت یان تۆڵەیەک کەلەئەنجامی ژیانی پێشویدا هاتووەتە دی, خۆشی و ناخۆشی دەبینێت.

یەکێک لەخەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم گەشتەی ڕۆح, ئەوەیە کەهیچ شتێک دەربارەی ژیانی ڕابوردووی نازانێت و هەر گەشتێکی بەتەواوەتی لەگەشتەکانی دیکەی ئەم ڕۆحە جیاوازە.[64]

شایەنی باسە بەپێی هەندێک سەرچاوەو روداو جاری واهەیە کەئەم ڕۆحە ئاگادارە لەژیانی ڕابردووی خۆی ئەگەرچی ئەم حاڵەتانە زۆر دەگمەنن.[65]

وەک دەبینین لێرەدا هیندۆسی لەگەڵ ئایینە ئاسمانیەکاندا لەیەک نزیک دەکەونەوە, بەڵام بەخێرایی ئایینی هیندۆسی لە دۆناودۆنەوە بۆ نەمری (خلود)ی ڕۆحی مرۆڤ, ڕێگای تایبەتی خۆی دەگرێتەوە بەر. بەڵام ئایینە ئاسمانیەکان باوەڕیان وایە کە ڕۆح تایبەتمەندە بەیەک جەستەو هەر لەو جەستەیەدا پاداشت و تۆڵەی ماددی خۆی لەو دنیادا وەردەگرێت, کەچی لەهیندۆسیدا دابڕانێکی جەستەیی تەواو هەیە لەنێوان ئەم دوو گەشت و حاڵەتەداو بەهیچ شێوەیەک ناچنەوە سەر یەک.

بەپێچەوانەی ئایینە ئاسمانییەکانی دیکە کەباوەڕیان وایە, ژیانی سەرزەوی و خۆشییەکانی دنیا ماڵی نەهامەتی و تاقیکردنەوەیەو ئەو دنیا ماڵی پاداشت و تۆڵەو لێپرسینەوەیە. ئەمانیش وایە نەک ئەو دونیا بەڵکو ئەم دنیایە ماڵی پاداشت و تۆڵەن.

ئەوەی شیاوی باسە لە ناو موسڵمانەکاندا چەند بۆچونێک هەیە, (ابن حزم الظاهري) دەڵێت:

ئەو موسوڵمانانەی کەباوەڕیان بەدۆناودۆن هەیە, دوو بەشن:

---

64 فلسفة اليوگا رشاد كاظم سعيد ص (71)

65 بڕوانە ئەم کتێبانە:

1 الانسان وقواه الخفية ... كولن ولسن

2 الذين هبطوا من السماء ... انيس منصور



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بەشی یەكەم: باوەڕیان وایە كە ڕۆحەكان, دوای ئەوەی لەجەستەكانی خۆیان دەردەچن, دەچنە هەر جەستەیەكی گیانلەبەری دیكەوەو مەرج نییە ئەو جەستە نوێیانە لەهەمان ڕەگەزی جەستەی پێشووی خۆیان بن ئەمەش بۆچوونی (احمد بن حافظ و احمد بن ناموس, ئەبوموسلیمی خوراسانی و محمد بن زكریای ڕازی و چەند زاناو بیریارێكی دیكەیە.[66]

ڕازی بەڕاشكاوی دەڵێت:

ئەگەر مەسەلە ئەوە نەبوایە كە هیچ ڕێگایەكی دیكە نییە بۆ دەربازكردنی ڕۆحێك كەچوەتە جەستەی ئاژەڵ و گیانلەبەرێكی دیكەوە (مەبەست گیانلەبەری دیكەی جگە لەمرۆڤە) تەنها بەكوشتن و سەربڕین نەبێت بەهیچ شێوەیەک كوشتن و سەربڕینی زیندەوەرو گیانلەبەران دروست و ڕەوا نەدەبوو.[67]

واتە دۆناودۆن جێی باوەڕی هەندێک لە زانایانی ئیسلامە. لێرەدا جێی خۆیەتی باس لەوەی بكەین كە چەند ئایەتێک لە قورئاندا هەیە, پێدەچێت مەبەستی دۆناودۆن بێت:

عَلَى أَنْ نُبَدِّلَ أَمْثَالَكُمْ وَنُنْشِئَكُمْ فِي مَا لَا تَعْلَمُونَ .[68]

بە جۆرێک نموونەتان بگۆڕین و لەشێوازێكی نوێدا دروستتان بكەینەوە كە خۆتان نایزانن چۆنە.

ئەم ئایەتانە لە تەفسیرەكاندا تەفسیری زۆر وردی بۆ نەكراوە، جگە لەوەرگێڕانێكی حەرفی درێژەیان بەڕوونكردنەوەكانیان نەداوە, تەنانەت

66 الفصل فى الملل والاهواء والنحل...جزء (1) للامام ابى محمد على بن حزم الظاهري ص (91و92)

67 هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

68 الواقعة 61



www.xwdakan.com net org

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

زۆربەشیان هۆی دابەزینی ئایەتەکەشیان نەنوسیوە. لە کتێبی (اوضح التفاسیر)ی (ابن الخطیب)دا کە زیاتر لە شەش ڕاڤەکار بەشداریان تێدا کردووە, زۆر بە کورتەی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە مەبەستی ئایەتەکان دۆناودۆنەو دەڵێن:

والەم ئایەتە تێدەگەین کە مرۆڤ دوای مردنی لە بەرامبەر کارە خراپەکانیدا بە شێوەیەکی کەمتر لە جارانی دروستبێتەوە, هەروەها دەشبێت لە بەرامبەر کارە چاکەکانیدا وەک پاداشتێک لە شێوەیەکی باشتر و بالآتردا دروست بکرێتەوە. ئەم قسەیەش زۆر کەس دژایەتی دەکەن گوایە ئەمە دۆناودۆنەو دۆناودۆنیش لە ئیسلامدا نییە.[69]

لێرەدا زۆر بەئاشکرا دیارە کە ئیمامی ڕازی ڕەوایەتی کوشتن و سەربڕینی گیانلەبەران بەوە پاساو دەدات کەئەمە تاکە ڕێگایەکە بۆ دەربازکردنی ئەو ڕۆحە ئینسانیانەی کەلەناو ئەو گیانلەبەرانەدا گیریان خواردووە.

عەقیدەی گەڕانەوە, الرجعة, کە لەهەندێک گروپەکانی شیعەدا هەیە, ڕاستەوخۆ لەم بیروباوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام لێرەدا ئەم گەڕانەوەیە گەڕانەوەی هەمان مرۆڤە بۆ هەمان جەستەی پێشووی خۆی, زیندووبوونەوەو گەڕانەوەی هەمان مرۆڤە بۆ ژیانێکی دی. بەم جۆرە هەندێک لە(شیعەی ئیمامی) باوەڕیان وایە کەئیمامی دوانزەهەم, المهدی المنتظر, جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر زەوی و پاش ئەوەی زەوی کە پڕ بووە لەستەم و نابەرابەری پڕی دەکاتەوە لەدادپەروەری. ناوی (المهدی المنتظر), مەهدی چاوەڕوانکراو, ڕاستەوخۆ ئەم مەبەستە دەگەیەنێت.

---

69 اوضح التفاسیر.. ابن الخطیب...الطبعة السادسة 1964 ص (663) لەڕاڤەکردنی ئایەتەکەدا

www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

هەروەها سۆفییەکانیش زۆرینەیان ئەو باوەڕەیان لەلا دروستبووە, بۆ نموونە زۆر لە موریدەکانی تەریقەی نەقشبەندی دەڵێن, شێخ عوسمانی دووڕووی نەقشبەندی لەناوچەی هۆرامان, هەمان شێخ سەراجەدین, واتە شێخ عوسمانی گەورەیەو جارێکی تر بەلەش و شێوەو ڕۆح و توانای کەراماتیەوە لەدایکبووەتەوە.

بەشی دووەم باوەڕیان وایە کە ڕۆح تەنها لەڕەگەزەکەی خۆیدا جەستە دەگۆڕێت و هەرگیز ڕۆحی مرۆڤێک ناچێتە جەستەی گیانلەبەرێکی دیکەوە. بەم پێیەش, ئەم دیاردەیە بەبڕوای ئەمان تایبەتە بەمرۆڤەوە. واتە لەمرۆڤەوە بۆ مرۆڤ.[70]

## بەشی سێهەم

## دەرچوون

پێشتر باسی بەجێگەیاندنی خواست و ئارەزووەکانمان کرد، لێرەدا هەوڵئەدەین ڕۆشنایی زیاتر بخەینە سەر دوای ئەم قۆناغە.

مەبەستی هیندۆسی لە دەرچوون, الانطلاق واتە: بەجێنەگەیاندنی خواست و ئارەزووەکان بەچاک و خراپیانەوە. وەستانیان و زاڵبوونی مرۆڤ بەسەرخۆیدا, بەشێوەیەک نەخواستی مابێت و نەئارەزوو, بەڵکو ڕازییە بەوەی کەهەیەو داوای زیاتر ناکات, ئەگەر ئەمە بەدیهات و دابڕانێکی تەواو لەکارە دنیاییەکان و پەیوەندی و داڵدەکانی دەوروبەر ڕوویدا, بەجۆرێک کەخود پێویستی بەدووبارە لەدایکبوونەوە نەبێت, لەم کاتەدا مرۆڤ ئەو ڕێگەیەی بەدەستهێناوە کە پێی دەرباز دەبێت و جارێکی دیکە

70 الفصل فی الملل والاهواء والنحل...جزء 1 للامام ابی محمد علی بن حزم الظاهری ص (91و92) بە کورتکراوەیی

لەدایکنابێتەوە, بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆلای براهما (خوا) و بەیەکجاری ئاوێتەی ئەو ئەبێتەوە.

دەرچوون, بریتییە لەدەرچوونی رۆح لە لەش و بەرەو ئاوێتەبوونێتی لەگەڵ براهمادا (خوا). هەروەک چۆن دڵۆپێک ئاو لەگەڵ زەریایەکی گەورەدا, پێشتر لەیەک جیابونەتەوەو پاشتر ئاوێتەی یەکتر دەبنەوە, بەهەمان شێوەش رۆحی بچووک دەگەڕێتەوە بۆ لای خواو ئاوێتەی دەبێتەوە. مەبەستی هەرە پیرۆز و گرنگی ژیان لەم ئایینەدا ئەم دەرچوونەیەو ڕزگاربوونە لەدۆناودۆن. وە تەنها لەم ڕێگەیەوە بەدەستدێت و ئەمەش بەکارو کردەوە چ چاک بێت یان خراپ نایەتەدی، چونکە کردەوە چاکەکان بەهەمان شێوەی کردەوە خراپەکان, مرۆڤ لەبەرامبەریدا پاداشتێک یان تۆڵەیەک لەڕێگای دۆناودۆنەوەو بەپێی یاسای کارما وەردەگرێت.

بەبڕوای هیندۆسییەکان, ئەو کەسەی کەئارەزووی هیچ شتێک و هیچ پەیوەندییەک ناکات و بەتەواوەتی لەخواست و ئارەزووەکانی ڕزگاری بووەو خۆی لەخۆیدا لەم حاڵەتەی خۆی دڵنیایە, ئەم زاتە ناگەڕێتەوە نێو ژیانی مادی, بەڵکو هەمیشەیی و نەمری بۆ خۆی دەستەبەر دەکات. ئەم بۆچوونە, متبوون و گۆشەگیری و زوهدو خۆگرتنەوەی تەواو لەهەموو شتێک لەهەرکارێکی چاک بەباشتر دەزانێت و بەتاکە ڕێگای گەشتنەوە بەبراهما, خوا, دەداتە قەڵەم.[71]

لەئایینی هیندۆسیدا چەندین ڕەوش و ڕێبازو وەرزشی ڕۆحی هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم حاڵەتەو گەشتنەوە بەبراهماو نەمری. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەووردی سەرنجێکی بیرو بۆچوونەکانیان بدەین لەم بارەیەوە زۆر بەڕوونی ئەوە دەبینین کەسەپاندن و حەتمیەتێک بەچەمک و بیرو بۆچوونەکانەوە دیارەو دەکرێت لەم شیکردنەوەی خوارەوەدا ڕوونتر لەچەمکەکانیش بگەین و ئەو حەتمیەتەش ڕوونتر ببینین.

71 فلسفة اليوگا ص (68)



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

وەک لەپێشەوە باسمانکرد کۆمەڵگای هیندۆسی لەچوار توێژو چینی سەرەکی پێکدێت کەبریتی بوون لە:

1- بەرهەمی 2- ئەکشتەری 3- ڤیشی 4- شودرا.

بەپێی یاسایەکیش کەهیندۆسییەکان باوەڕیان پێیەتی, ژیانی ئایینی و بڕیاری خوایی لەسەر هەرکەس و چین و توێژێک بەپێی ئەم یاسایە دەچێت بەرێوە, کەلێرەدا هەوڵدەدەین ڕوونی بکەینەوەو پەیوەندی بەچەمکی دەرچوونەوە ڕاڤە بکەین:

مرۆڤ لەژیاندا لەم چوار حاڵەتە ناچێتە دەرەوە بەجۆرێک لەو وەختەدا کەدەمرێت دەتوانین لەیەکێک لەم بەشانەدا دایبنێین:

1- ڕێژەی چاکەو خراپە وەکو یەک بن.

2- چاکە لەخراپە زیاتر بێت.

3- خراپە لەچاکە زیاتر بێت.

4- نە چاکەو نەخراپەی هەبێت (گۆشەگیری و پشتگوێخستنی دنیا).

لەحاڵەتی یەکەمدا

ئەگەر ڕێژەی چاکەو خراپەی وەک یەک وابن, بەپێی یاسای کارما, مرۆڤ لەژیانی دووهەمیدا هەروەک خۆی لەژیانێکی نوێی کوتومت وەک پێشویدا لەدایک دەبێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر بەرهەمییەک وابوو, هەر بە بەرهەمی لەدایکدەبێتەوە, ئەگەر وەک ڤیشییەک یان شودرایەک یان ئەکشتەرییەک وابوون, دیسان ئەمانیش هەر لەو چین و توێژی خۆیاندا لەدایکدەبنەوەو هەمان خۆشی و ناخۆشی ژیانی پێشووی خۆیان دەچێژنەوە.

لەحاڵەتی دووهەمدا

ئەگەر چاکەی زیاتر بوو, مرۆڤ دەتوانێت بچێتە چینێک یاخود ژیانێکی باڵاترو ئاسودەتر و لەو چینە لەدایک دەبێتەوە. بۆ نمونە ڤیشییەک ئەگەر چاکەی لەخراپەی زیاتر بوو, کە لەدایکبوویەوە لەچینی باڵاتر (لە چینی

ئەکشتەریدا) دەبێت, هەروەها ئەکشتەرییەک دەتوانێت بەچاکەکاری لەم ژیانەدا ئەوە مسۆگەر بکات کەلە ژیانی داهاتوودا بچێتە چینی بەرهەمی.

لەحاڵەتی سێهەمدا

ئەگەر خراپەی لەچاکەی زیاتر بوو, بەپێچەوانەی حاڵەتی دووهەمەوە وەک تۆڵەیەکی خوایی ئەو مرۆڤە بەرەو چینێکی خوار ترو ژیانێکی خراپتر دەچێت, بۆنموونە ئەگەر ڤیشییەک لەم ژیانەدا خراپەکار بوو, جاری داهاتوو لەچینی شودرادا واتە لەچینێکی خراپتر لەدایک دەبێتەوە, خۆ ئەگەر هەر خراپەی کرد دیسان ئەم جارە لەنێو مرۆڤدا نامێنێت و ڕۆحەکەی دەچێتە نێو ئاژەڵێکی تەواو بەدبەختەوە..تاد.

لەحاڵەتی چوارهەمدا

ئەم حاڵەتە گرنگی خۆی هەیە, چونکە مرۆڤ لەهەر چین و توێژێک بێت, لەهەر جۆرە ژیانێکدا بێت, دەتوانێت بەکوشتنی هەموو خواست و ئارەزووەکانی خۆی بکوژێت و بەبیرکردنەوەو گۆشەگیری و وەرزشی ڕۆحی بەردەوام ئەم حاڵەتە بۆخۆی دەستەبەر بکات و لێرەوە ڕاستەوخۆ ڕۆحی دەرچێت و ئاوێتەی براهما (خوا) ببێتەوەو لەدۆناودۆن ڕزگاری ببێت و نەمری بەدەستبهێنێت.[72]

72 العقيدة والشريعة.. ص (208و215), اديان الهند الكبرى ص (63و68)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## بەشی چوارهەم

## یەکێتیی بوون (وحدة الوجود)

ئەم بیرۆکەیەو هەموو بیرۆکەکانی پێشوو پەیوەندییەکی زۆر پتەویان پێکەوە هەیە, چونکە لەبەشی (خوا لەبۆچوونی هیندۆسیدا) بەدرێژی باسی ئەوەمان کرد کەچۆن ئەم گەردوونە لەخواوە سەریهەڵداوە, لە(دەرچوون)یشدا باسی ئەوەمانکرد کەچۆن مرۆڤ , ڕۆح, ئیتمان, جارێکی دیکە دەگەڕێتەوەو لەدۆناودۆن ڕزگاری دەبێت و لەگەڵ (براهما)دا یەک دەگرنەوە.

(ڤیدا), زیاتر پشتگیری ئەم باوەڕە (یەکێتی بوون) دەکات, بەڵام با لەفەلسەفەی هیندی خۆیەوە ئەو هەنگاوانە بەسەر بکەینەوە کەڕاستەوخۆ دەمانگەیەنن بەم بیروباوەڕە:

وەک پێشتر باسمان کرد, خەڵکی هیند باوەڕیان وابوو کەهێزێکی گەورە لەم گەردونەدا هەیەو ئەمان پێویستە بەپەرستن و قوربانی خۆیانی لی نزیک بکەنەوە, ئەم هێزەش (براهما) خوایە. دواتر لەبری قوربانی، سەرنجدانی هەندێک دیاردەی سروشتی وەک دەرەنجامی کردەوەکانی خودا هاتە ئاراوە, مرۆڤ لەم قۆناغەدا خۆر, ئاگر, با, هەوا..هتدیان بەشوێنکاری خوا دەزانی. لەقۆناغێکی دیکەدا مرۆڤ خۆی بەو قوربانییە زانی کەدەیگەیەنێت بەخودا, دواتر مرۆڤ بەتەواوەتی دەستبەرداری ئەوەبوو کە وەک قوربانی هیچ شتێک وێنا بکات, بەڵکو هاتە سەر ئەوەی کەخۆی بەهێزێکی گەورەو شاراوەی جیهانی کاریگەر بزانێت و لەدوا قۆناغەکانی ئەم بیرکردنەوەیەدا, مرۆڤ گەشتە ئەوەی کەڕاستەوخۆ خۆی بە ئەو هێزە جیهانییە گەورەیە بزانێت کە براهمایە.! بەمانایەکی دی بۆی دەرکەوت کە خۆی خوایە, یاخود بەشێکە لە خوا..!! واتە باوەڕبوون بەوەی کە ئیتمان, خود, براهمایەو بەم پێیە خودو دەرەوە بوونە یەک شت.



www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org



به بۆچوونی هیندۆسی ئەم ژیانە لە ڕۆح Atman دروستبووه, مرۆڤ نەلاشەو نەهەستیارەکانە, چونکە ئەمانە تەنها پێکهاتەن, دەگۆڕێن و دەمرن و دەرزێن.! مرۆڤی ڕاستەقینە ڕۆحێکی ئەزەلی و ئەبەدی و سەرمەدییەو لەسروشتی خوا خۆیەوە هاتووەتە دەرەوە.[73] واتە: هەروەک چۆن بڵێسەی ئاگر ئاگرە، ئاواش ڕۆحی مرۆڤ ڕۆحی خوایەو ڕۆحی ئەم هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆحی گەورەی ئەودا نییە. هەر کاتێک مرۆڤ گەشتەکانی خۆی لەدۆناودۆندا تەواوکرد دەگەڕێتەوە بۆ لای خواو یەکدەگرنەوە, هەر بۆیە بەڕەوتی ڕزگاربوونی لەدۆناودۆن دەوترێت ڕێگای گەڕانەوە.

هەرسێ بەرجەستەبوون و ناوە سەرەکییەکانی (خوا) 1-براهما, دروستکەرو بەدیهێنەر 2- ڤیشنۆ, پارێزەرو ڕاگر 3-سیڤا, کاولکەرو تێکدەر, لەمرۆڤدا ئامادەیە, مرۆڤ دەتوانێت بیرو سیستم و بەرنامەی نوێ داهێنێت و پارێزگاریشی لێبکات و هەرکاتێکیش ویستی وێرانی بکات و بیگۆڕێت.

لە(ویدانت)دا کەبەشێکی کتێبی (ڤیدا)یە, ئەم بیرو بۆچوونانە هەیە:

ئەم گەردوونە هەر هەمووی, جگە لەدەرکەوتنێکی بوونی ڕاستەقینەو بنەڕەتی و خۆرو مانگ و هەموو ئەم لاو ئەولای جیهان, هیچ شتێکی دیکە نییە. هەموو ڕۆحەکان بەشێک و شێوە دەرکەوتنێکی ئەو بوونە ڕاستەقینەیەن. هەموو بوونەوەر, چیاو دەریاو زەریاو ڕووبارەکان, هەموو شتەکانی دیکە, دەرکەوتنی ئەون و ئەو(خوا) لەهەموویاندا ئامادەیە,[74]

ئەم بۆچوونەش بەناو هەندێک کەسایەتی ئیسلامی گەورەدا شۆڕ بووەتەوەو کەسێکی وەک حەللاج یەکێک بوو لەو کەسانەی کە سەری خۆی لە پێناو ئەم بۆچوونەدا بەختکرد.

حەلاج لەدێرە شیعرێکیدا ئەڵێت:

---

73 فلسفة الهند القديمة ص (66)

74 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (59)

**عجبت منک ومني أفنيتني بک عني**
**ادنيتني منک حتی ظننت انک اني.**

هەندێک لە موسڵمانەكانیش زۆر توند ڕەوانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم بۆچونەدا كردووە, (إبن حزم) دەگێڕێتەوە:
كۆمەڵێكی سەر بە عبدالله بن سبأ هاتنە لای (علی بن ابی گالب)و پێیانوت : تۆ ئەوی ؟
عەلی پێیوتن : ئەو كێیە؟
وتیان: تۆ خوایت ؟
عەلی تورەبوو, بڕیاری بەكوشتنیان داو ئاگریان كردەوەو فڕێیان دانە ناویەوەو سوتانیانن, لەكاتی سوتاندنیاندا هاواریان دەكرد ئێستا بەڕاستی بۆمان دەركەوت كە (عەلی ) خوایە، چونكە سوتاندنی مرۆڤ بەئاگرێكی ئاوها گەورە تەنها خوا دەیكات.[75]

## فەسڵی چوارهەم

## سێ نموونە لەشەریعەتی هیندۆسی

### نموونەی یەكەم دەسەڵات

بەرهەمییەكان, (پیاوانی ئایینی) گەورەترین چین و دەسەلآتن, دەبێت لەهەموو بڕیارێكدا بەشداربن و ڕەزامەندی دەرببڕن, جێگری خوان و

75 الفصل فی الملل والاهواء والنحل، جزء (4) للامام ابی محمد علی بن حزم الظاهری ص(168)



www.xwdakan.com net org

قسەو بڕیاریان قسەو بڕیاری خوایە, هەموو چین و توێژێک و هەموو شتێکی تر دەبێت ملکەچی بڕیارو فەرمانەکانی ئەمان بن, ئەکشتەرییەکان کەچینی خاوەن دەسەلآتی دووهەمن, خوا بۆ ئەوە دروستیکردوون کەپاشاو سەرکردەو جەنگاوەر بن و هەموو دیاردەو کارو بڕیارێک کەلە دژی خواو بەرهەمییەکان دەردەچێت سەرکوتی بکەن و لەناوی بەرن, بەم جۆرە ئەکشتەری سەربازی دڵسۆزی بەرهەمیەکانن و بەموو لەفەرمانی ئەوان لانادەن, لەسەر پاشا پێویستە هەر لەخزم و کەس و کارو چینەکەی خۆی، کەسی لێهاتوو زیرەک هەڵبژێرێت و بیانکاتە وەزیرو هاوکاری خۆی و بێجگە لە(بەرهەمی)یەکان فەرمان لەهیچ کەسێکی دیکە وەرناگرن, هێزی ئەکشتەری واتە هێزی خوا و ئایینزاکانیش, واتە ئەقڵی خوا.[76]

**نموونەی دووهەم ئابووری**

(سوو) وەرگرتن (3%) لەسەدا سێیە, ئەگەر مام ویستی ماڵی برازا هەتیوەکەی داگیر بکات, دەبێت ئەکشتەرییەکان نەهێڵن و لای خۆیان ئەو ماڵو سامانە گل بدەنەوە تا هەتیوەکە گەورە دەبێت. هەر ماڵ و سامانێک کەخاوەنەکەی دیار نەبێت لای پاشا هەڵدەگیرێت و پاش سێ ساڵ, ئەگەر خاوەنی نەبوو دەبێتە موڵکی بەرهەمییەکان (پیاوانی ئایینی). ئەگەر باوک مرد, میرات بۆکوڕە گەورەکەی دەمێنێتەوە. ئەگەر کوڕی نەبوو بۆ زاواکەی یان براکەی. دەبێت پاشا ئاگای لەژیانی هەژاران بێت و (زەکات) بێجگە لە بەرهەمییەکان لەهەموو کەس دەسەنرێت, لەدانەوێڵە 6/1,

76 العقيدة والشريعة... ص (208و215)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

لەئاژەڵا 6/2, لەزێرو زیو 12/1. کوێرو کەمئەندام و گێل و تەمبەڵ و ئەوانەی بەخێویشیان دەکەن سەرانەیان لێوەرناگیرێت.[77]

**نموونەی سێهەم ئافرەت**

بەو پێیەی لەمیثۆلۆجیای یەکەم گیانلەبەردا باسمانکرد, ئافرەت هەمیشە لەمێردەکەی ترساوەو گومانی لێی هەبووەو لەدەستی ڕایکردووە, بۆیە، با بژی, بەڵام بەبێئەوەی هیچ دەسەلآتیکی سەربەخۆی هەبێت.! کچ لەژێر دەسەلآتی باوکیدایە, ژن لەژێر دەسەلآتی مێردەکەیدایە, بێوەژن لەژێر دەسەلآتی کوڕەکەیدایە. دەبێ هەمیشە باوک, برا, مێرد, مام, خاڵ، ئامۆزا, خاڵۆزا, خەزوور, لێی ڕازیبن. ژن دەبێت هەتا ماوە لەخزمەتی مێردەکەیدا بێت, گەر بێوەژن کەوت, نابێت شوبکاتەوە، بەڵکو دەبێت ڕقی لەو شتانەش ببێتەوە کە پێش مێردەکەی خۆشی ویستوون, کلیلی دەرگای براهما (چوونە لای خوا) لەڕەزامەندی (مێرد) دایە. باوک کە کچەکەی دەدا بەشوو, نابێت شیربایی وەرگرێت, گەر وایکرد واتە کچەکەی فرۆشتووە. هەر پیاوێک گفتی بەخشینی کچەکەی یان خوشکەکەی دا بەکەسێک ئەگەر سەری خۆشی دانابێت نابێت پەشیمان ببێتەوە, دەنا وەک ئەوە وایە سەد پیاوی کوشتبێت. با(ژن) و (مێرد) لەسەر خۆشەویستی بژین و چاکە لەگەڵ یەک بکەن و نهێنی لەیەک نەشارنەوە.[78]

**فەسڵی پێنجهەم**

**دەرگای یەکەم**

77 وەک کاری هەمیشەیی ئایین کە هەمیشە لەبەرژەوەندی چینەباڵاکاندایە لەم سەرانەیەدا بەهیچ شێوەیەک ڕەچاوی ئەندازەیەکی تایبەت لەدەوڵەمەندی تێدانەکراوە. هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (215و221)

78 العقيدة والشريعة.. ص (222و229)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

## سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی هیندۆسی

وەک وتمان گەورەو پیرۆزترین شت کەبەرهەمییەک خەونی پێوە دەبینێت, دەرچوون و ئاویتەبوونە لەگەڵ براهمادا (خوا). تاکە رێگاش بۆ ئەمە, بەپێی یاساو پەیرەوی هیندۆسی, گۆشەگیری و خۆگرتنەوەو رۆژووی بەردەوام و شەونخونی و ئەزیەت و ئەشکەنجەدانی خودە.

هەر بۆیە دەبینین هەمیشە خەم و خەفەت و پەژارەو ماندویی و رەشبینی, بەناوچەوانی هیندییەکانەوە دیارە. لەکاتێکدا کە نەک ئومێدی مەرگ ناخوازن بەڵکو لێی ئەترسن و هیوا دەخوازن کەتەمەنیان درێژبێت چونکە مردن بەرەو لەدایکبوونەوەیەکی تریان دەبات (دوناودۆن). ئومێدو هیواو خواستی گەورەی هەموو هیندۆسییەک ئەوەیەکە ژیانێکی هەمیشەیی بەیەکگرتنەوە لەگەڵ براهمادا دەستەبەر بکات. هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە زۆربەی هیندۆسییەکان, ژیانیان پڕیەتی لە بێئومێدی و سەلبیەت و خۆ ئازاردان و مشەخۆری. فەلسەفەو ئایینی هیندۆسی ژیانی مرۆڤی بەسەر چوار قوناغدا دابەشکردووەو بۆ هەر قۆناغێک بەرنامەیەکی داناوە کە شیاوی بێت, هەریەک لەم قوناغانە بە(25)ساڵ مەزەندەکراون ئەمەش بەو پێیەی کەتەمەنی مرۆڤ بەگشتی (100) ساڵە:

قۆناغی یەکەم: (25)ساڵی سەرەتا, قۆناغی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی رۆح و ئەقڵ و جەستەیە.

قوناغی دووهەم: (25) ساڵی گەنجی , قۆناغی ژیانی خێزانییە, ژنهێنان و منداڵ بەخێوکردن و بەجێهێنانی ئەرکەکان.

قۆناغی سێهەم: (25) ساڵی کامڵی, خۆی و ژنەکەشی لەم قۆناغەدا واز لە ژیانی خێزانی دەهێنن و ئەکەونە خزمەتکردنی کۆمەڵ بەبێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتی و خێزانیی لەپشتەوە هەبێت.

قۆناغی چوارهەم: (25)ساڵی پیری, قۆناغی زوهدو گۆشەگیری و دەسبەرداربوونی دنیاو پەیوەندی و ئارەزووەکان و سەرگەرمییە بەوەرزشی ڕۆحیەوە.[79]

سێ قۆناغی یەکەم پلە پلە سەرکەوتن و باڵابوونی مرۆڤەو هەریەکەیان شێوەیەک لەشێوەکانی گۆشەگیری و پاکبوونەوەی دەروونی تێدایە. بەڵام قۆناغی چوارهەم لەهەموویان گرنگترە چونکە لەم قۆناغەدا دابڕان و یەکلابوونەوەیەکی تەواوو وەرزشێکی بەردەوام هەیە, کە بەرەو لای خوای دەبات.

لەبەرئەوەی ئارەزووەکانی دەروون بەهیچ شتێک تێرنابن و مرۆڤ چەند بیەوێت تێریان بکات ئەوەندە زیاتر داوا دەکەن, لەقۆناغی چوارهەمدا تەمەنێکی زۆر لەبار هەیە بۆ ئەنجامدانی گۆشەگیری و زاڵبوون بەسەرخوددا چونکە هەر بەشێوەیەکی سروشتی لەم تەمەنەدا مرۆڤ زۆر لەئارەزوو ئاوات و خواستەکانی دەمرن و توانای زۆر شتی نامێنێت. بەو پێیەی لەیاساکانی(منۆ)ی کتێبی (ڤیدا) دا هاتووە:

ئەوەی بەشوێن ئایندەدا دەگەڕێت, پێویستە لەشیرینی و گۆشت و بۆنی خۆش و ئافرەت دوور بکەوێتەوە, نابێت لەشی بەهیچ بۆنێکی خۆش بۆندار بکات, نابێت چاوبرێژێت و پێڵاو لەپا بکات, سێبەر نەبینێت, ئەبێت گرنگی بەژیان و بژێوی خۆی نەداو بەمشەخۆری پەیدای بکات و ئەوندە بخوات کە نەمرێت. کەپیر بوو ئەبێت واز لەژیانی خێزانی بهێنێت, لەدارستانەکاندا بژی, بۆی نییە سەرو ڕیش و سمێڵی بتاشێت, ناخونی بکات. ئەبێت خواردنی تەنها بەروبوومی ڕووەک بێت و تەنانەت بۆی نییە هیچ شتێک بەدەستی خۆی لێبکاتەوەو دەبێ لەوە بخوات کەلەدرەختەکە دەکەوێتە سەر زەوی. ڕۆژووی بەردەوام, بەهیچ شێوەیەک نابێت نەگۆشت و نەشەراب بخوات, دەبێت خۆی بەسەرماو گەرما ڕابهێنێت, لەبەر خۆرو لەبەر زریان و وشکەبای زستان خۆی پەنا نەدات, هەرگیز

79 فلسفة الهند القديمة ص (55)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بیر لەپشووی جەستەیی نەکاتەوە, لەسەر زەوی بنوێت و بەجێگەکەی ناڕەحەت نەبێت, بەهەموو شێوەیەک لەئافرەت دووركەوێتەوە, ئەگەر بەڕێگادا ڕۆیشت, ئاگای لە هەنگاوەکانی خۆی بێت نەوەک پآ بەگیانلەبەرێک یان خونچەیەکدا بنێت. ئەگەر ئاویشی خواردەوە, ئاگادار بێت گیانلەبەری بچوک قووتنەدات..و..و..هتد.

بەم شێوەیە لەپرۆسەیەکی سەختی پڕ لە دژواری و نەهامەتیدا خۆی دەبینێتەوە.

لە (یۆگا ڤاسستها)دا هاتووە:

بەختەوەری, لەم جیهانەدا نییە, هەموو گیانلەبەرێک تێیدا بۆ ئەوە دروستکراوە کە بمرێت, هەموو شتێک بەرەو نەمان و فەوتان دەڕوات, بەختەوەرییە کاتییەکانی ئەم ژیانە, تەنها خەڵەتاندن و فێڵە, خۆشی بەسەرناخۆشیدا کەوتووە, هیچ کەس وەک بەندە ئێمەی نەکڕیوە، بەڵام ئێمە وەک بەندەیەکی ژێربار کار دەکەین, ئارەزووەکانمان هەمیشە لەرزۆکە وەک مەیمون, نەفسی مرۆڤیش هەرگیز تێرنابێت, ڕازی نابێت بەوەی کە لەدەست و تواناد هەیە, بەردەوام هەولأ بۆئەوە دەدات کەهەرگیز دەستگیری نابێت، نەفس هەرچەند تێری کەین ئەوەندە زیاتر برسیتر دەبێت, جەستە, هیچ خێری تێدا نییەو جێگای هەموو پینەو پەڵەو ناشیرینییەکە, هەگبەی هەموو دەردێکەو بەرەو داڕزان دەڕوات, بە مناڵی بێتوانایی و نەزانی, گەنجێتیش کەس نازانێت تواناو زانستمان دەداتآ یان..نا!؟ گەنجێتی چییە جگە لەبروسکەیەک بەبەرچاوماندا دەڕوات و نامێنێت!!؟.. دەرگاکانی پیری و لاوازی و نەهامەتی, لەسەر پشت والآکراون. ژیان وەک چرایەک وایە کە لەتاریکی گەردووندا داگیرسابێت و باو ڕەشەبا لەهەموو لایەکەوە یاری پێبکات.[80]

80 هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (57و59) بەکورتکراوەیی .



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## دەرگای دووهەم
## پاشکۆی ئایینی هیندۆسی

وەک باسمانکرد, هیندۆسی بریتی بوو لەکۆمەڵێک دابونەریت و بیروباوەڕ. ئیدی چ ئەوەی کەهیندییەکی ڕەسەن, یاخود تۆرانییە داگیرکەرەکان و ئارییە کۆچەریەکان هێنابێتیان. بیروباوەڕی ئارییەکانیش بۆخۆی گۆڕانکاری زۆری بەسەر دابونەریتیاندا هێنابوو. هیندۆسییەت, لەلایەکەوە ئایینی یەکتاپەرستیەو لەلایەکی دیکەوە فرە خواییەکی زۆرو زەبەنەی تێدایە, لەلایەکەوە پڕیەتی لەبیروباوەڕو بۆچوونی سەرەتایی, وەک پەرستنی هێزو دیاردە سروشتیەکان و باوو باپیران, لەلایەکی دیکەوە پڕیەتی لەبیرو بۆچوونی فەلسەفی و تایبەت سەبارەت بەژیان و مرۆڤ.

پاش کۆبوونەوەو پیاچوونەوەی بەرهەمییەکان لەسەدەی هەشتەمی بەر لەزاییندا بەرەو پێشچوونێکی بەخۆیەوە بینی و چووە قۆناغێکی دیکەوە. بەرهەمییەکان بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان زاڵکردو (براهما)یان وەک خوای پەرستراو ناساند.

کورتەی بۆچوونیان لەیاسای چینایەتی و دۆناودۆن و یەکێتی بووندا بەرجەستە دەبێت, شتێک کە بەرهەمییەکان تەواو گرنگیان پێدەدا, قوربانیکردن بوو بەئامادەیی و سەرپەرشتی خۆیان, بەجۆرێک کەباوەڕیان وابوو بەبێ ئەم قوربانیانە ڕۆحی مردووەکانیان لاواز دەبێت و دەڕزێ و سەروەری ئەو خێزانە خامۆش دەبێت و ئەوەی قوربانی بۆ باوک و باپیرانی ناکات, وەک ئەوە وایە کە بە برسیێتی بەجێیان دەهێڵێت.

پاش دەرکەوتنی بوزاو مەهاویرا لەسەدەی شەشەمی بەر لەزاییندا, هیندۆسییەت بەرەو لاوازی چوو, سستییەکی بەردەوامی بەخۆیەوە بینی,

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

بەڵام زۆر خێرا توانی لەڕێگای یاساکانی (منۆ)وە ئامادەیی خۆی وێنا بکاتەوەو هێزێکی ترو گوڕێکی تر بداتەوە بەخۆی. (منۆ) لەبیروباوەڕ زیاتر گرنگی بەپەرستن و قوربانی و سیستمی کۆمەڵایەتی دەدا و ئەمەش بەبەرەو پێشچوونێکی گرنگ لەم ئایینەدا دەژمێردرێت چونکە گەورەترین نموونەو دەرەنجامەکانی ئەم پشتگوێخستنە ئەوەبوو کە براهما (خوا) جیاوازو سەربەخۆ نییەو لەهەموو بوونەوەردا بەچاک و خراپ و پیس و پاکیەوە هەیەو وەک هەمووان لەگەڵ هەمووواندا خۆشی و ئازار ڕووی تێدەکات.

پاش ماوەیەکی زۆر ئایینی مەسیحی سەریهەڵداو (پۆڵس) بیروباوەڕی (سیانەکردنی) تێدا وێناکردو لەخاچدانی مەسیحی وەک باربۆیەک لەتاوانەکانی مرۆڤدا ناساند. (مەسیحی) توانی گەشە بکات, بەجۆرێک کەزۆربەی ئەو مەسیحییانەی یەکتاپەرست بوون و عیسایان بەپەیامبەر دەزانی, بەرەو هیند کۆچ بکەن. نەستورییەکان بەشێک بوون لەم کۆچەریانەو توانیان لەهیندستان شتێک لەمەسیحیەت بڵاوبکەنەوە بەجۆرێک کەبوونە بەردی بناغەو ڕێخۆشکەر بۆ گروپە مژدەدەرەکانی ئەم دواییە.

پێش ئەوەی ئیسلامیش سەرهەڵبدا, عەرەب هەر لەکۆنەوە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هینددا هەبووەو پاش دەرکەوتنی ئیسلام هەر لەم ڕێگایەوەو بەهۆی کۆچکردنی هەندێک لەموسڵمانەکانەوە بۆئەم وڵاتە, ئیسلام توانی بگاتە ئەوێ و زۆر کەس باوەڕی پێبهێنن.[81]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام بەهۆی بوونی جیاوازی چینایەتی تێیدا، کەوتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕو دابونەریتەکانی هیندەوە, بەجۆرێک شارستانیەتێک بەناوی شارستانییەتی ئیسلامی هیندی سەریهەڵدا کە ئاوێتەیەکی هەردوو ئایین و شارستانیەتی هیندی و ئیسلامییەو دواتر ئیلهامبەخشێکی گەورەبوو بۆ سیخەکان کەبەڕاشکاوی دەیانویست ئەو

---

81 اديان العالم الكبرى ص (27)

ئاوێتەیی و تێکەڵکردنە بەرجەستە بکەن و ئایینێک بەناوی سیخ دروست بکەن.

بیرو بۆچوون و ڕەوتە ئیسماعیلییەکان و ئەحمەدییەکان و شوێنکەوتوانی (معین الدین سیستی) نمونەیەکی دیکەی کاریگەری هیندۆسین لەسەر موسڵمانە هیندییەکان. ئەم کاریگەرییە بەجۆرێکە, کە زیارەتکردنی شێخ معین الدین بەبڕوای ئەوان جێگای دروشمی (حەج) دەگرێتەوەو لە جیاتی حەجکردن زیارەتی بکەن, بەشێوەیەک وەک حەج خێرو پاداشتی گەورەی هەبێت و بگرە بەهەشتی پی مسۆگەر بکرێت.

ئیسلام لەبلاَوکردنەوەی یەکسانیدا, لەزۆر شوێن لەو شوێنانەی کەتێیدا بلاَوبووبوویەوە, سەرکەوتوو نەبوو!! بەم جۆرە ئیسلامە هیندییەکان لەگەڵ ئەوەی کەوەک تیۆر سیستمی چینایەتیان نەدەناسی! بەلاَم بەشێوەی پراکتیکی دەستی بەسەریاندا گرتبوو, لەناو یاسای چینایەتیدا دەژیان. پەسەندکردنی هەندێک دابونەریت و بەپیرۆزدانانی هەندێک لەپیرۆزییەکانی هیندۆسییەکان لەناو موسڵمانناندا نموونەیەکی دیکەی کاریگەری هیندۆسییە.[82]

هەروەک چۆن بوزییەکان هەندێک تاڵە (موو) لەگەڵ جێگەپێی بوزا بەپیرۆز دەزانن[83] بەهەمان شێوە موسڵمانەکانی هیندیش هەندێک تاڵە (موو)یان لەلایە گوایە مووی ڕیشی پەیامبەری ئیسلامەو زۆر پیرۆز ڕاگیراوە.[84]

---

82 ادیان الهیند الکبری ص (37)

83 لەبەرگی دووهەمی ئەم کتێبەدا و لەبەشی بوزیدا بەدرێژی باسی دەکەین.

84 بۆچوونی هەنێک خەڵکی دەورووبەری شارەزوور وایە گوایە تاڵێک لە مووی پەیامبەر لە تەکییەی نەقشبەندییەکان لە هەورامان (شارۆچکەی تەوێڵە) پارێزراوەو هەرکاتێکیش لە شوێنە شاراوەکەی خۆیدا دەربهێنرێت دەبێتە هۆی بارانبارین و لافاو ڕوودەدات بەلاَم ئەمە ڕاست نییەو هیچ تاڵە موویەکی ناوبراو لەوێ هەڵنەگیراوەو نەپارێزراوە.



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

شایەنی باسە ساڵی 1963 موسڵمانەکانی ئەوێ هەراو بەزمێکی زۆر سەختیان نایەوەو ئیزگەی سەرەکی هەرێمی کشمیریان ئاگر تێبەرداو چەندین دامودەزگای حکومییان دەستبەسەرداگرت و سوتاندیان, لەنێوانیاندا چەند سینەماو میوانخانەیەک بەرکەوت, هەموو ئەمانە بەبەهانەی ئەوەی کەگوایە ئەم مووانەی پەیامبەری ئیسلام (محمد) دزراون و شاراونەتەوەو دەبێت بەزووترین کات بهێنرێنەوە جێگای خۆیان.

ئەم بەزم و پشێویە کۆتایی نەهات, هەتاوەکو ڕۆژی چوارهەم, لەبەیانی ئەو ڕۆژەدا (بەقودرەتی قادر) تاڵە مووەکەی پەیامبەریان لەشوێنەکەی خۆیدا دۆزیەوەو حاڵەتە نائاساییەکە کۆتاییهات. ئەم ڕووداوە بووە هۆی دروستبوونی کێشەیەک لەنێوان موسڵمانەکان و هیندۆسییەکاندا, گوایە هیندۆسییەکان تاڵە مووەکەیان دزیوەو لەژێر فشاری ئەماندا گێڕاویانەتەوە. بۆیە موسڵمانەکان بۆ تۆڵەسەندنەوەو بەمەبەستی سوکایەتی بەهیندۆسییەکان دەستیانکرد بەسەربڕینی (مانگا)و ئەو کێشەو ڕقەبەرایەتیە درێژەی کێشاو عەقیدەی توندی هیندۆسی و توندڕەوی ئیسلامی وەهای کرد هەتا ئێستەش هەر بمێنێ و ڕۆژانە لەنێوانیاندا خوێن بڕژێت. هەر ئەم کێشە ئایینیە قوڵآنەو زۆر کێشەی کۆنی تر, بوونە هۆی ئەوەی کە ئیسلامیەکان لەڕۆژئاوای هیندستاندا کۆببنەوەو ببنە هۆی جیابوونەوەی پاکستان لەهیندستان. کێشە هەنووکەییەکانی ئێستای کشمیریش هەر لەم جیاوازی و گرفتە ئایینیانەوە سەرچاوەی گرتووە.[85]

هەموو ئەو هەوڵانەی کەلەلایەن ئیسلامیەکانەوە دراون بۆبڵاوکردنەوەی یەکتاپەرستی لەناو هیندۆسیەکاندا, سەرکەوتوو نەبوون.!! بەڵکو بوونە هۆی دروستبوونی چەند خوایەکی تر, وەک ئەوەی سیخەکان پەیڕەوی دەکەن. زۆر لەهیندۆسە موسڵمانەکان (محمدی پەیامبەری ئیسلام) بەخوا

85 ادیان الهند الکبری ص (99و100) هەروەها (قصة الحضارة)ش ئاماژەی بۆ کردووە.



www.xwdakan.com net org

دەزانن, هەندێکی دیکەیان عەلی کوڕی ئەبو تاڵب و هەندێک لەهیندییە نەدارەکان کە لەچینەکانی خوارەوەن بەتایبەت پەراوێز بووەکان پیاوچاکان و پیاوە ئاینییەکان و شێخ و مەشایخەکان بەخوا دەزانن و تێکەڵ بەخواکانی دیکەی هیندییان دەکەن و ژیانی ئێستەی هەندێک تایفەو ناوچە هیندییەکان لەسەر ئەم ڕێچکەیە دەڕوات و بەردەوامە.

## دەرگای سێهەم

## بەراوردکارییەکی خێرا

ئایینی هیندۆسی ئەگەرچی هەندێک چەمکی جوان و فەلسەفی تێدایە, وەک بیروباوەڕێکی ڕۆحی, بەڵام پڕیشیەتی لەئەفسانەو خورافە پەرستی و سیحرو بیروبۆچوونی نزم و سەرەتایی و وشەو دەستەواژەی پڕوپووچ و بێمانا. سەبارەت بەباری ئابووریش کاریگەرییەکی تەواو خراپی لەسەر شوێنکەوتوانی بەجێهێشتووە. هەندێک چین و توێژیان بەهیچ جۆرێک قەرەی کارو کاسبی ناکەون, گوایە لەگەڵ ئاست و پلەی ئەواندا ناگونجێت و شیاونییە.! لەوانە: چینی بەرهەمی و ئەکشتەری, هەندێک لەچینەکانی دیکەش دیسان هەموو کارو کاسبیەکیان خزمەتکردنی ئاغاو سەردارو چینە باڵاکانی ترە. ئەوەی کەدەمێنێتەوە تەنها چینی ڤیشییە کە بەکارو پیشەی جیاواز جیاوازەوە بۆ بژێوی خۆیان و هەموو چینەکانی دیکە خەریکن. بێگومان ئەم حاڵەتەش هۆکاری سەرەکی یاسای چینایەتییە لەئایینی هیندۆسیدا, کە یاسایەکی تەواو سەرەکی و بنەڕەتی و خاوەن ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتییە.

هەروەها لەم ئایینەدا وەک تاکە ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەدۆناودۆن, بانگەشە بۆ گۆشەگیری و پشتگوێخستنێکی تەواوی دنیا دەکرێت. ئەمەش کاریگەی تەواو خراپ لەسەر باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

شوێنکەوتوانی دادەنێت و تەنها بەرژەوەندی تایبەتی و سەختگیری ئایین پاساوێتی و هیچ پاساوێکی دیکەی نییە.

یەک لەنەریتە هەرە ناشیرینەکانی تری هیندۆسی کە تائێستەش پیادە دەکرێت, ژن و ژنخوازییە لەتەمەنی منالّیدا..!! بەجۆرێک کەهەندێک جار کچ و کورێک دەبنە ژن و مێرد لەکاتێکدا هێشتا تەمەنیان نەگیشتۆتە (10) و (12)سالّی..!!! خۆ ئەگەر کورەکە مرد, کەئەمە زۆر جار ڕوودەدات, ئەوا کچە وەک بێوەژنێک دەمێنێتەوەو تەواوی تەمەنی داهاتووی بەخەم و خەفەتی مردنی مێردەکەیەوە بەڕێدەکات و بۆی نییە بەهیچ جۆرێک شووبکاتەوە.

هەندێک جار کەمێرد دەمرێت و بەپێی نەریتی ئەوان دەسوتێنرێت, ژنەکەی خۆی فرێدەداتە ئاگرەکەوەو لەگەڵیدا ئەو بەمردوویی و ئەم بەزیندویی خۆی دەسوتێنێت و ئەمە دەبێتە شانازیەکی زۆرو نموونەی خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ مێردەکەی.

هیندۆسی, خواپەرستی و تاکڕەوی و گۆشەگیری پێباشترە لەمومارەسەی ژیان..! فەلسەفەکەی وەرزشێکی ڕۆحییە بۆ پێگەیاندنی مرۆڤێکی لەم شێوەیە. لەهیندۆسیدا, تاکەکەس هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە.! چونکە ئەندامێک نییە لەگروپێک کە گروپەکە لەکۆمەڵێکی گەورەتر لەخۆیدا ئەندام بێت, لەلایەکی تریشەوە هەموو ڕەچاوکردنێک بۆ کۆمەڵە نەک بۆ تاکەکەس. سەرباری ئەمەش مەبەست و ئامانجی هەرەسەرەکی هیندۆسییەت پارێزگاریکردنی باری گشتییە نەک ڕەچاوکردنی تاک یاخود کۆمەڵێک!! بەڵکو ئەگەر ئەمانە ڕەچاویش بکرێن, لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدایە نەک شتی تر. هیندۆسی ئایینێکی ئاڵۆزو پەنهان و پڕ لە نهێنییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستگۆیی بەهایەکی هەرەگەورەو سەرەکییە لەهەموو ئاستەکاندا.

هیندۆسی, ئایینی دانایی و سەلیقەی پەروەردەیی و کۆمەڵآیەتییە, هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی کاریگەربوونی یۆنانیەکانە بەم ئایینە.



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

هەندێک لەتوێژەرەوان وایدەبینن کەپەیوەندی هیندۆسی بەداناییەوە بەتین ترە لەپەیوەندی بەرۆحەوە, هەزارەها ساڵ بەسەر ئەم ئایینەدا تێپەڕیوەو هیچ گۆڕانکارییەکی کۆمەلآیەتی و شارستانی نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ئەوتۆ گەوهەرەکەی بگۆڕێت و هەرکاتێک بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمی لەناوخۆیدا دروستبووبێت وەک بوزی و جینی, یاخود لەدەرەوەیدا وەک ئیسلام و مەسیحی, بەشێوەیەکی زۆر کاراو خێرا توانیویەتی ڕەنگ و ڕەوش و ڕێسای خۆی بەسەریدا زاڵبکات و بیباتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکارییە جیهانی و زانستی و کولتوری و کۆمەلآیەتییەکان لە ئاستێکدان کەهیچ تێزو نەریت و ئایینێک لەئاستیاندا نەتوانێت تاهەتایە خۆی ڕاگیربکات و گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا نەیەنێت. جگە لەمەش, سیستمی چینایەتی ئایینی لەهیندۆسیدا, لەهەموو بیرو بۆچوون و دابونەریتەکانی دیکەی زیاتر ئامادەیە بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمێنێت و لەبیربچێتەوە. چونکە دژایەتی لەگەڵ ناخی مرۆڤ و سادەترین هەلومەرجەکانی کۆمەڵی شارستانیدا دەکات.

هەتا ململانێی چینایەتی بمێنێت ئایینی هیندۆسیش هەر لە بەردەوامیدایە!.!. بەنەمانی ململانێی چینایەتیش نەک هەر هیندۆسی ، بەڵکو هەموو ئایینەکان دەتوێنەوە. چونکە پێکهاتەی هەموویان لەسەر بنەمای چینایەتی و پاڵپشتێکی گەورە بۆی دروست بووە.

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

## ئاینی بوزی
## پێشینەیەک بۆ دەرکەوتەکانی
## نێوان هیندۆسی و ئایینیەکانی دیکە.

سەدەی شەشی پێش زایین بەیەکێک لەو سەدانە دادەنرێت کە جیهان توانیویێتی زۆر بەوردی لەڕووی فەلسەفەو دەرکەوتە فکریە ڕۆژهەلاتیەکانەوە مێژوویەکی گرنگ بۆ ئێمە جێبهێلێت. لەو سەدەیەو سەدەکانی پێشوتریش، مرۆڤی وڵاتی هیندو دەوروبەری، لەژێر زەبرو زەنگی دەسەڵات و چینایەتی ئاییني هیندۆسیدا دەچەوسانەوە. نەک هەر لەووڵاتەدا، بەڵکو زۆرینەی کۆمەڵگای وڵاتانی دونیا هەمان کاریگەری چەوسانەوەیان لەسەر بووە، بەڵام بە شێوەی جۆراوجۆر کە هەریەکەیان لەگەڵ ئاکارو دابونەریتیاندا بگونجێت. لەهیندستاندا، نەدەسەڵات، نەئایدۆلۆژیای چینە باڵاکان و یاخیبوون، نەیاندەتوانی لەژێر کاریگەری بیرو بۆچوونەکانی ئایینی هیندۆسیدا، بەو شێوەیەی کە هەیە، دەرچن و درێژە بە خەباتێکی نوێی خۆیان بدەن. ئەگەر ڕاستر بڵێین، ئەم ئایینە ئەوەندە بە ڕۆخی سایکۆلۆژی و باری کۆمەڵایەتی کەسایەتییە ڕۆحیەکانی دەوروبەری خۆیدا ڕۆچووبووە خوارەوە، (باوەڕ) لەناویدا بوبووە پێکهاتەیەک لەخوێنیان و نەیاندەتوانی بەبێ باوەڕی ئایینی بژین و گۆڕانکاری لەژیانیاندا دروستبکەن.

غەریزەی دەسەڵاتیش لەلایەن پیاوانی ئایین و دەسەڵاتدارانەوە (بەرهەمی و ئەکشتەری) لەبەردەم هەردوو کۆمەڵگاو چینی ناوەڕاست و خوارەوە، (ڤیشی و شودرایی) گرفتێکی دیکە بووە، هەرچەندە باوەڕی ئایینی لەو زەمەنەدا بەسەر کەسدا نەدەسەپێنرا، بەڵام چونەدەرەوە لێی کارێکی مەحاڵ بووەو لەلایەن دوو چینە باڵاکەی ئەم ئایینەوە چەند سزایەک بۆ هەڵگەڕاوەکان (مرتد) دانرابوون. لەوانە: زمان بڕین، خستنە

ژێر قاچی فیلەوە، خزمەتکاری، ناودەم سوتاندن، هتد[86] بەڵام بە درێژایی مێژووی ئەم ئایینە، پیرۆزی و باڵادەستی پیاوانی ئایین وایکردبوو ئەم جۆرە سزادانە چینی دەسەڵاتدارانیش بگرێتەوە. ملکەچبوونی ئەم چینە دەسەڵاتدارە بۆ بڕیارەکانی پیاوانی ئایینی، پەیوەندی بە دووخاڵی گرنگەوە هەبوو: یەکەم: جۆرێک بوو لەباوەڕو دەبوایە ئەوپەڕی دڵسۆزی و ئینتیمای بۆ ئەو ئایینە دەربڕیایە، دووهەم: ڕازیکردنی پیاوانی ئایینی بوو تا بڕیارو حوکمی شەرعیی گەورەتری بەسەردا نەسەپێنن. بەم جۆرەش بەرهەمییەکان و ئەکشتەرییەکان کورسی دەسەڵاتەکەیان پێدەپاراست.

ئەگەر مێژوو بەووردی بخوێنینەوە، لەهەموو شوێنێکی جیهانداو لەهەموو چین و توێژێکی کۆمەڵدا، لەژێر دروشمەکانی هەموو دەسەڵاتێکدا، هەمیشە بەرهەڵستکار هەبووە، بەشێوەیەکی نهێنی بوو‌بێت، یان بەشێوەیەکی ئاشکرا، نەتوانراوە ئەو بەرهەڵستکارییە بشاردرێتەوە. هەر لەبەر ئەوە ئاساییە لەم وڵاتە پڕو جەنجاڵەداو لەبەرامبەر ئاینێکی ئاوەها چەوسێنەردا ئۆپۆزسیۆن هەبن و لەدژی کاربکەن. سەرەتا ئەگەر بەرهەڵستکارییەکان شۆڕشێکی چەکداری و ئایدۆلۆژیایەکی ئاشکرایان پێوە دیار نەبووبێت، ئەوا لەئەدەب و هەڵسوکەوت و سیاسەتی هەندێک کەس و هەندێک ناوچەدا، ڕاستەوخۆ لەپەرەسەندندا بووەو بۆ ئەم وڵاتەش هەندێک نووسین و مێژووی هیند باس لەچەند دیاردەیەک دەکەن. کتێبی (ئۆپانشاد)[87] کە یەکێکە لەو گفتوگۆ پیرۆزانەی دونیای میتافیزیک، ئاماژە بەو ڕەهەندە دەکات. چونکە بە شێوەیەکی ئاشکرا هەندێک باوەڕی هیندۆسی ڕەت دەکاتەوەو تێیدا خەڵکانێکی زۆری پڕ لەگومان و دژ بە ئایینمان پێدەناسێنێت.

---

[86] ادیان العالم الکبری ص (122)

[87] پێشتر لەبەرگی یەکەمدا (ئایینی هیندۆسی) باسمان کردووە.



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

(د. احمد چەلەبی) لەکتێبی (اديان الهند الكبرى) هەندێک لەو بەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و پەندو وتانەی بۆ نوسیوینەتەوە، لەوانە:

١- سەگ، زۆر لەپیاوانی ئایین باشترن، چونکە وەفایان هەیە.

٢- کتێبی پیرۆزی هیندۆسی، جگە لەوەی چەند کەسێکی فێڵبازو بەرژەوەندچی نووسیویانە، هیچی دیکە نییە.

٣- ئەوەی کتێبی هیندۆسی باسی لێوە دەکات جگە لەخەڵەتاندنی کەسانی ساویلکەو قۆستنەوەیان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان، شتێکی دیکە نییە.

٤- هەر کەسێکی گێل بە گوتاری بەرهەمی (پیاوانی ئایین) هەڵخەڵەتێت و بچێتە پەرستگاکانەوەو نوێژ بکات و قوربانی بدات، باش بزانێت خۆی و بەرهەمییەک (پیاوێکی ئایینی) و براهماو ڤیشنۆ و سیڤا (ناوەکانی خوا) و فیلێک، هیچ جیاوازییان نییەو هەر بۆ کەلوپەل گواستنەوە باشن.

٥- بەختەوەری مرۆڤ لەم ژیانەدایە نەک لەژیانێکی دیکەدا. دەبێت مرۆڤ دەروونی خۆی پڕ لەئاوات و ئارەزووەکانی خۆی بکات نەک بەپێچەوانەوە، تا هەر لەم دنیایە چێژیان لێ ببینێت، نەک لەژیانێکی دیکە نەکەس بینیویەتی و نەکەس لێوەی هاتۆتەوە.

٦- هەر کەسێک توانی بەختەوەرییەکانی ئەم دنیایە دەستەبەر بکات، ئەوا هەردوو دنیای بردۆتەوە، ئەم دنیایەی کە تێیدا دەژی و ئەو دنیاش کە وەهمە.

٧- گەردوون هەرهەبووەو هەر دەشمێنێت. دیاردەکانیش بە بچووک و گەورەکانەوە، بە بایەخدارو بێبایەخەکانەوە. سروشتیین و مرۆڤیش دیارترین و بەهاترین بونەوەرەو سروشتیانە هەڵکەوتووە.

٨- مرۆڤ وەک هەموو گیانلەبەرێک، لەچوار توخم پێکهاتووە، خۆڵ، ئاگر، هەوا، ئاو، هەر کاتێک ئەم چوار توخمە یەکیان گرت، سیفەتیان بۆ دروستدەبێت.

((سیفەتەکانی مرۆڤ، بەمردن لەیەکتر جیادەبنەوەو هەڵدەوەشێنەوە، هیچ هێزێک ناتوانێت پێکەوەیان ببەستێتەوە.[88]

گرنگی لەوەدایە ئەم گوتانە، ڕاستیی سەردەمانێکمان بۆ دەردەخەن، کە دەسەڵاتی ئایین لەلوتکەی خۆیدا بووە، کەچی لەبەرامبەریدا بۆچوونی دژ بە ئایینەکە هەیەو لەهیچ سزایەک نەترساوە.

ناوی هەندێک خێڵ و تیرە لەمێژوودا دەرکەوتوون، کە لەگەڵ ئایینەکەدا نەهاتوونەتەوە. لەوانە (پاریپاچاکا) ماناکەی دەبێتە سۆفستائیە گەڕۆکەکان. ئەم خێڵە، ئایینیان بەهونەرێکی زۆر باڵا دەزانی!.[89]

لەراستیشدا وەهایە، ئایین دیاردەیەکی مێژووکردە، ئایین ئەو هونەرەیە، کە زۆرترین بینەرو بیسەرو کەمترین ئەکتەری لەخۆ گرتبێت و ئەکتەرەکانی فروفێڵاویترین حیواریان هەبێت، بەشێوەیەک زۆرترین دەستکەوت و کەمترین باجی لێبکەوێتەوە.

لەهەندێک دەقی ئەدەبیشدا، لەوانە شیعر، کە ئەوکاتە زۆر باو بووە، هەندێک شاعیرو نووسەر توانیویانە، بە ئاشکراو بەنهێنی، بە کۆپلەی پڕ لەهێما بۆچوونەکانیان بنووسنەوە. ناودارترینیان کە مێژوو زۆر بە گرنگیەوە باسی لێوەدەکات، (پریها سپارتی) شاعیر بووە. ئەم شاعیرە، بەرهەمەکانی زۆر کەمن، بەڵام قەصیدەیەکی دووررو درێژی بە ناوی (من، منم، کەسی دیکە نیم) هەیەو ئەمەش چەند دێڕێکە لەو شیعرە.

(بەهەشت نییە، دەربازبوون نییە
نە ڕۆح هەیە، نەدواڕۆژ و نە چینەکانی کۆمەڵ
ڤیدا، بە سێ زمان قسە دەکات، کەواتە ڤیدا سێ ڕووە
......
چۆن دەبێت لاشەیەکی مردووی

[88] ادیان الهند الکبری ص(79)
[89] حضارة الهند. گـوستاف لۆبـۆنص(19)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ڕزیوی هەزاران ساڵە، ببێتەوە بە ڕۆح و
بگەڕێتەوەو بژی و
ئازارو خۆشی بچێژێت؟؟
ئەو قسانە بۆ مردوویەک بکرێن
ڕەنگە گوێی لێبێت
بەڵام من، منم
نە گێلم، نە مردوو
لەبەر ئەوەی زیندوویت،
بەدڵنیاییەوە بژی،
خۆت دڵخۆشبکەو خۆشی بچێژە.[90]

وادەردەکەوێت، ناوبانگی ئەم شاعیرە زۆر بەرز بووبێت، چونکە قوتابخانەیەکی فیزیکی هەر بە ناوی ئەوەوە لەم سەردەمانەی دواییەدا بە تایبەت (1911) زایینی دامەزراوەو هەمان بۆچوونی تێدا بڵاودەکەنەوە. لەیەکێک لەنوسینەکانیاندا هاتووە:

خوا کتێبێک نانێرێت لەخزمەت چینێک و لەدژی چینێکدا کار بکات. ڕۆح وەهمێکە لەوەهمەکان، نەلە کۆن و نەلە نوێدا کەس ڕۆحی نەدیوە، خوا سروشتە دیاردەکانی دیکەش، وەک ئاسمان و ئەستێرەو باران و هەموو دیاردە سروشتییەکانی دیکە، لەسەر کاریگەری یەکتر کار دەکەن و هیچ هێزێک لەپشتیانەوە نییە. ئەوەی لەناو کاکڵەی سەردایەو ناونراوە ئەقڵ، پارچە گۆشتێکە بۆ بیرکردنەوە. مرۆڤ لەبیرکردنەوەدا ئازادە. هەر وەک چۆن بە ئارەزووی خۆی دەستەکانی دەجوڵێنێت، هەر ئاواش بە ئازادانە بیر دەکاتەوەو خەیاڵ دەبێتە بەشێک لەبیرکردنەوەکانی. خوا پەیوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە نییەو پێویستیی بەپەرستن و قوربانیدان نییە. شتێک کەپێویستیی بە شتی تر هەبوو ئەوە خوا نییەو مرۆڤ کە لەناو ئاییندا دەژی، ئایین بۆی بووە بەو دەروازەیەی کە لەڕێچکەیەوە کەفوکوڵی

[90] تأريخ الاسلام في الهند، د.عبدالمنعم النمر ص41 ــ 42

دەروونی پێ سارد ببنەوەو دڵنەوایی خۆیانی پێبکەن. ڕەوشت، دیاردەیەکی سروشتی مرۆڤەو لەناو نەریتێکی کۆمەڵایەتیدا پەرە دەسەنێتو بەخشراو نییە، کە خۆر هەڵدێت، تیشک و گەرمییەکەی بۆ هەموو کەسێکە. ئەگەر سیفەتی خوایی هەبوایە، دوژمنەکانی لێ بێبەش دەکردن و سوودی تەنها بۆ خوا پەرستان دەبوو، یەک جۆر خواو یەک جۆر حەکیم هەیە، ئەویش ئەوانەن کەبەختەوەری دەدۆزنەوە.[91]

لێرەوە ئەوەمان لا گەلاڵە دەبێت، کە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئایینی هیندۆسیدا تێپەڕیوەو چەمکی بۆچوون و ماناکانی ئەم ئایینە بەسەرچوون. ئەحکامە شەرعیەکان لەو کاتانەدا ناتوانن زەرورەتی خۆیان بسەپێنن. لەکاتێکدا ئەم دامەزراوە ئایینیانە سەدان ساڵە لەناویاندا دەژی کەچی کۆمەڵگا لەجاران زیاتر هوشیارەو دامەزراوە کۆنەکان لەگەڵ تێزیاندا نایەتەوە. کۆمەڵگا، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو نەئەدەب، نەدابونەریت، نەڕۆشنبیرییەکەی، نەشارستانییەکەی، تاد، هی پێشوو نین و تەنانەت گۆڕانکاری بەسەر هەموو بوارەکانی ژیان و فکریشدا هاتووە. کۆمەڵگا، کۆمەڵگای جاران نییە. فکری نوێی هەیە، بۆچونی نوێی هەیە، پرسیاری نوێی هەیە. ئایینەکەش لەمێژووی کۆندا دەژی و ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوەو بۆشاییەکانی هەنوکە پڕبکاتەوە.

لێرەوە وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارانەو پڕکردنەوەی بۆشاییەکان دەبێتە زەرورەتی قۆناغێک لەقۆناغەکانی مێژوو، ئەو کاتەش، کە مەعریفەی ڕۆژهەڵاتی لەئاییندا دەرکەوت، ئەم کارە بەئایین پڕدەکرایەوە، چونکە دامەزراوەی دەستوورو یاسا لەڕۆژهەڵاتدا لەناوجەرگەی ئایینەوە هەڵدەقولا. بۆیە دەرکەوتنی ئایینێکی دی دەبێتە حاڵەتێکی سروشتی، بەمەرجێک ئەو ئایینە نوێیە بتوانێت چارەسەری گرفتە نوێیەکان بکات.

سەدەی شەشی پێش زایین، سەدەی دەرکەوتنی چەند بلیمەتێکی جیهانییە. لە(چین) (کۆنفۆشیۆس) دەرکەوت، هەندێک سەرچاوەش ئاماژە

[91] حضارة الهند ص(40,39)

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

بەوە دەکەن کە (زەردەشت) لەو سەدەیەدا بووە. لەئیسرائیل (ئەشعیا) پەیدا بوو. لە(ئیغریق) سوکرات و فیساغۆرس و لە(ئەفسیس) هیراقلیتۆس بوونە ئەقڵی هوشیاری سەردەم. یەکێک لەچالاکییە هەرە گرنگەکانی مێژوو، لەسەدەی شەشی پێش زاییندا، تۆمارکردن و دەرکەوتنی دوو ئایینی گەورەی هیندستان بوو، ئەو دوو ئایینەش (بوزی)و (جینی)بوون.

دانانی یاسای چینایەتی لەلایەن پیاوانی ئایینەوەو مومارەسەکردنی یاساکان لەلایەن ئارەزوەکانی دەسەڵاتدارانەوە، گرنگییەکی بێسنوورو دەسەڵاتێکی ڕەها درابوو بە حوکمە شەرعییەکانی ئایینی هیندۆسی. هەر لەژێر سێبەری ئەم یاسایانەدا پیاوانی ئایین، بووبوونە خوێنخۆرو خەفەکردنی ئارەزووەکانی چینەکانی دیکەی کۆمەڵ، ئەوەش نەبێت کە پیاوانی ئایین توانیبێتیان پاکوبێگەردی ئاکارو ڕەوشت و پیرۆزی خۆیان پاراستبێت، بەوەی کە ئەکشتەرییەکان، واتە پاشاو وەزیرو کاربەدەستی گەورەو سەرکردەو دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، هەرچی نهێنی پیاوانی ئایین و گۆڕانکارییەکانی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسەتی دەوڵەت هەبوو، لەلای ئەمان بوو. لەلای ئەم چینەی کۆمەڵگا، پیرۆزی و تایبەتمەندی پیاوانی ئایین، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو کەمبوونەوە دەچوون و لەپلەوپایەیان دەهاتە خوارەوە. بەرەبەرە لەوە دڵنیا بوون، کە پیاوانی ئایین ئەو کەسە پیرۆز و ڕەهایە نین کە باسدەکرێن. ئەگەر کەسێک لەناویاندا بژی، زۆر بە باشی بۆیدەردەکەوێت هەرچییەک بن، ئەوا پیاوی ئایینی نین و زۆر لەئایینەوە دوورن. هەموو ئەو سزایاناش، کە بەناوی ئایینی گەورەوە دیاریدەکرا، تەنها بۆ دەرەوەی چینەکانی خۆیان بووەو لەناو خۆیاندا جێبەجێ نەکراوە.

لەکتێبی (مهابهارتا)دا داستانێک نوسراوەتەوە، تێیدا بەهۆی نزیکایەتی چینی پیاوانی ئایین (بەرهەمییەکان) لەچینی دەسەڵاتدار (ئەکشتەرییەکان)، ئەم چینە، ئەکشتەری، باس لەڕەزالەتی خۆیان بەدەست پیاوانی ئایینەوە دەکەن و داستانەکە زۆر بەئاشکرا ڕاستییەکان دەخاتە ڕوو. ئەم داستانە



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

لەچوار هەزار کۆپلە شیعر پێکهاتووەو سەرەتاکەی بەم روداوە دەستپێدەکات کەئێمە بەکورتی دەینوسینەوە:

کچە بەرهەمییەک (کچی پیاوێکی ئایینی) بەناوی (دیوانی) و کچە ئەکشتەرییەک (کچی پاشا) بەناوی (سرمستها) لەگەڵ هەندێک کەنیزەک و خزمەتکاردا بۆ سەیران ڕوو لەدەرەوەی شار دەکەن و لەپەنا ڕووبارێکدا پشوو دەدەن. پاش بەسەربردنی ماوەیەکی خۆش هەردوو کچەکە جلەکانیان دادەکەنن و دووبەدوو، وەک دوو هاوڕێی خۆشەویستی دێرین، بۆ مەلەکردن، دەچنە ئاوەکەوە. هێشتا لەمەلە تێر نەبوبوون، هەور هات و کردیە لێزمەی باران، ئەمانیش، بە پەلە لەئاوەکە دێنە دەرەوەو زۆر بە خێرایی پەلاماری جلەکانیان دەدەن و بەدەم ڕاکردنەوە خۆیان دەگۆڕن و دەچنە ژێر درەختێکی گەورەوە تا خۆیان لەبارانەکە بپارێزن. کاتێک تەماشای خۆیان دەکەن و لەیەکتر وورد دەبنەوە، دەبینن جلەکانیان لێ گۆڕاوەو ئەمیان جلی ئەویانی پۆشیوە. کچە پاشا، دەستدەکاتە پێکەنین و ئەم کارە بە حاڵەتێکی کۆمیدی و ئاسایی دێتە پێشچاو، بەڵام کچی ئایینزاد، ڕووداوەکە بە پێچەوانەوە وەردەگرێت و لەجیاتی پێکەنین، غەزەب دەکەوێتە دەموچاوی، زۆر بەتوڕەییەوە هاواری بەسەردا دەکات و دەڵێت:

نەزان و نزم، ئەوە بەچی پێدەکەنیت ؟! ئەی نازانی کە جلی کچە ئاینزایەک، زۆر لەکچە پاشایەک پیرۆزترە چ جای ئەوەی لەبەری بکات ؟!.

کچەپاشا باش دەیزانی، کە پیاوانی ئایین جێگری خوان و بەرز و پیرۆزن و ئەم کارە نەشیاوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی، کە ئەگەر پاشاو دەسەڵاتی پاشاو ئابووری پاشا نەبێت، پیاوانی ئایین نابن، ! ئەمەو جگە لەوەی کەهاوڕێی دڵسۆزی یەکترن و ئەبوایە بەو شێوەیە لێی تورە نەبوایە. ! بۆیە بە قسەکانی بێزار بوو، لەوەڵامدا زۆر بە توڕەییەوە ڕووی تێکردو بەسەریدا قیژاندی و گوتی:

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

–من جل نیم، من کچی پاشایەکم هەموو خەڵک دەزانێت چ پیاوێکی ئازاو بەجەرگ و خاوەن سامانە. هەموو خەڵکیش باش دەزانێت کە تۆ کچی ئایینداریکی، کە لەسەر سواڵ و سەدەقەی باوکم دەژی و ئەوەی باوکم نەیداتآ، ناتوانێت پەیدای بکات، و، و، هتد.

بەم قسانەو زۆری دیکەش کێشەکە گەورە دەبێت و دەگاتە باوکیان، ئەوانیش پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر، یەکێک لەیاساکانی (منۆ) ی ناو ڤیدا وەردەگرن کە دەڵێت:

(هەرکەس ناو و ناتۆرەی ناشرین لەپیاوانی ئایین بدات، ئاوی کوڵاوکوڵ دەکرێتە دەم و گوێیەوە. یاخود دەخرێتە ژێر قاچی فیلەوە) واتە کوشتن.

دیارە ئەم یاسایەش تەنها بۆ چینەکانی خوارەوە بەکار دەهێنران نەک بۆ کچە پاشایەک. بۆیە لەجیاتی ئەو یاسایە بڕیاریاندا کە هەر کاتێک (دیوانی) ئایینزاد شویکرد، دەبێت (سرمستها)ی کچە پاشا هەتا مردن خزمەتی بکات.

پاشا بەم بڕیارە ملکەچ بوو، بەڵام لەنەستیدا گەورەترین نارەزایی خەفەکرد. بەم شێوەیە چەندین ڕوداوی لەو شێوەیە، دەبونە مایەی دژایەتی نێوانیان.

دووهەم: چینی ئەکشتەری، لەبەر نزیکی لەبەرهەمییەکانەوە بەدەست هەڵسوڕانی کاروباری سەربازی و جەنگ و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی بەرهەمییەوە گیریانخواردبوو. ! پێیانخۆش بوایە یا نا، دەبوایە فەرمانەکانیان جێبەجێبکردایە جگە لەوەی، کە ئەمان نەبونایە هیچ کەس ڕێزی بۆ بەرهەمی دانەدەنا. ئەمەش سەرباری ئەوەی کە هەموو سەروەتوسامانی وڵات و سەرانەکانی خەڵک دەچونە ژێر ڕکێفی بەرهەمییەوەو ئەوانیش بە ڕاستوچەپدا خەرجیاندەکرد.[92]

دوای ئەوەش، لەبەر چەندهۆیەکی نابەجێ و بە فەرمانی بەرهەمی، توشی دەیان جەنگی سوک و گران لەگەڵ هاوسێکانیان هاتبوون و

[92] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (29)

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

لەبەرامبەری ئەم شەڕانەشدا چەندین کەسیان داوە بە کوشت، کە زۆرینەیان لەخزمان و کەسانی ئەکشتەری بوون. ئەم هۆیانەو زۆری تریش دەرئەنجامێکیوایان درووستکردبوو کە چینەکانی کۆمەڵ بە تایبەت ئەکشتەری، هەمیشە لەچاوەڕوانی فریادڕەسێکی نوێدا بن، بۆیە زۆر ئاسایی بوو، کە چەند ئایینزایەکی دیکە دەرکەون و لەژێر زەبرو زۆری هیندۆسیدا ڕزگاریان بکەن. لەوانە بوزی و جینی، وا بەباش دەزانم کە سەرەتا باس لەئایینی بوزی بکەین. هەرچەندە من لەلایەن خۆمەوە بوزییەت بە ئایین نازانم کەپاشان باسی دەکەین، بەناچاری لەهەندێک شوێندا بەئایین ناوی دەبەم.

## ئەفسانەی
## لەدایکبوونی بوزا

لە ڕۆژهەڵاتی هیندستان، نزیک ناوچەی (کوسالا) لەنێوان شاری (بنارس)و شاخی(هیمالایا)، نزیک سنووری (نیپاڵ)، خێڵێکی ئەکشتەری بە ناوی (ساکیا) دەژیان. سوهانا پاشای ئەم خێڵەو ناوچەکە بوو[93] شەوێکیان (مایا)ی خێزانی خەوێکی دیو بۆ پاشای مێردی گێڕایەوە. (سوهانا) فەرمانیدەرکردو شەست و چوار شارەزاو حەکیمی ناوچەکەی کۆکردەوە تا خەوی (مایا)ی خێزانی بۆلیکبدەنەوە. پاشوتوویژێکی زۆر گەیشتنە بڕیارێک و بە پاشایان گوت: دڵتخۆشکەو مژدەمان بدەرێ، چونکە خێزانەکەت زکی پڕبووەو کوڕێکی جوانکیلەتان دەبێت. ئەگەر ئەم کوڕە گەورە بوو و لەماڵدا مایەوە، ئەوا دەبێتە پاشای هەمووولات، بەڵام ئەگەر لەماڵەوە دانەنیشت و سەری خۆی هەڵگرت، ئەوا دەبێتە بوزا.

[93] فلسفة اليوغا /راماشاراكا / ترجمة: رشاد كاظم سعيد ص (113)

بوزایەک گێلی و نەفامی ناهێڵێت وڕاستییەکان ئاشکرا دەکات و داوای ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی دەکات[94].

پاش ماوەیەک لەساڵی 563 پ. ز[95] لەیەکێک لەشەوەکانیوەرزی هاویندا، کوڕێکی جوانونورانی لەدایکبوو. لەکاتی لەدایکبوونیدا سی و دوو فریشتە دەرکەوتنوبە دەستی نوورانی خۆیان کۆرپەلەیان پێچایەوەو یەک بومەلەرزەی گەورەش شاخی هیمالایای لەراندەوە[96] پاش کەمێک کۆرپەلەی تازە لەدایکبوو هەڵدەستێت و بەپێی خۆی حەوت هەنگاو دەچێتە لای راستی دایکییەوەو هاوار دەکات: (من گەورەی هەموو دنیام، ئەم ژیانە دوا ژیانی منە).[97]

ئیدی ئەوەی کوێر بوو چاوی چاکدەبۆوە، ئەوەی کەڕبوو گوێی چاکدەبۆوە، لاڵ، قسەی دەکردو گۆرانی دەگوت، فریشتەکانیش لەسەر چیای هیمالایا لەگەڵ پیاوێکی پیرۆزی پەککەوتە، ئاهەنگێکی خۆش و گەورەیان بۆ ساز کرد. باوکیشی، ئاهەنگێکی گەورەی بۆ کردو تێیدا چەندەها قوربانیان سەربڕی و بەسەر هەژارانی ناوچەکەدا بەخشیانەوە.[98]

لە هەموو لایەکەوە بە تایبەت لەلایەن پاشاکانەوە دیاری گەورە گەورەیان بەدەست گەیشت. بەڵام ئەم خۆشی و ئاهەنگە، تەنها یەک هەفتەی خایاند. چونکە دایکی کۆرپەلە دەمرێت و (مهایا باتی) پوری، دەیباتە لای خۆی تا بەخێوی بکات.

## ژیانی بوزا

هەر لەو کاتەوەی بوزا دەبەنە لای پوری، بەماوەیەکی کەم لەئاهەنگێکی

[94] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (115)

[95] الادب الهندي المعاصر /تألیف: محي الدین الالوائي ص (83)

[96] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (85)

[97] قصة الديانات / تألیف: سلیمان مظهر /ص(137)

[98] هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو, بە کورتکراوەیی.



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

قەشەنگدا بوزای پاشەرۆژ ناودەنێن (سد دهارتا). تەمەنی (بوزا) هەتا دوانزە ساڵی، پڕە لەباسی جۆر بەجۆرو ڕوداوی سەر سوڕهێنەر کە لەئەفسانە دەچن. بەڵام ڕاستییەکان زیاتر لەتەمەنی دوازە ساڵییەوە دەردەکەون، ئەویش بە هۆی دابونەریتێکی ئەو سەردەمەوە کە هەموو منداڵێکی تەمەن دوانزە ساڵ ملوانکەیەک دەکرێتە ملی.

بوزا، وەک کوڕە پاشایەک لەگەورەترین ئاهەنگدا ئەو ملوانکەیەی دەکرێتە مل و لەو کاتە بەولاوە وەک هەموو گەنجێکی ئەو سەردەمە خوو دەداتە ئەسپسواری و تیر هاویشتن و زۆرانبازی و ڕاووشکارو. هتد.[99]

لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەنیدا، باوکی زیاتر خەمی کوڕەکەی دەخوارد. هەرگیز ئەو شەوەی لەبیر نەدەچووەوە کە پێیان گوتبوو (ئەگەر لەماڵەوە مایەوە دەبێتە پاشا. ئەگەر سەری خۆی هەڵبگرێت، دەبێتە بوزا) باوکی حەزیدەکرد کوڕەکەی سەریخۆی هەڵنەگرێت و لەماڵەوە بێت و لەپاشەڕۆژی دڵنیا بێت. ببێتە پاشایەکوێنەی نەبێت و بەو هۆیەشەوە دەسەڵاتی پاشایەتی خێڵەکەی لەدەستنەدات.

لە بەر ئەوە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوو کوڕەکەی لەجیهانی دەرەوە داببڕێت. لەناو خۆشییەکانی کۆشکی پاشایەتیدا بتلێتەوەو دیوی دەرەوەی کۆشکەکە، کە پڕە لەئازارو برسێتیووێرانی و ڕەفتاری ناشرین، نەبینێت. بۆ شاردنەوەی ناڕەحەتییەکان، بۆ دامرکانەوەی هەڵچونە دەروونییەکان، چەندەها شێوەو شێوازو هۆکاری خۆشی ژیانی بۆ کوڕەکەی دابینکردبوو. سەیرانی پێدەکردو دەیناردە ڕاو و شکارو زۆرینەی شەوان ئاهەنگی بۆ ساز دەکرد. حەزی لەهەر شتێک بووایە، تەنها بە ئاماژە پێکردنێک بۆی جێبەجێدەکرا. زیرەکترین مامۆستای بۆ هێنایە ناو کۆشکەکەوە. تا فێری خوێندن و نووسین و زانست ببێت. زوو زووش، قوربانی دەداو دەستی هەژارانی دەگرت و دەپاڕایەوە بەڵکو کوڕەکەی ببێتە جێنشینی خۆیی و لەماڵ نەچێتە دەرەوەو نەبێتە بوزا، بەڵکو ببێتە پاشایوڵات. بەڵام

---

[99] ادیان الهند الکبری ص (139)

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بوزاوانەبوو، بەپێچەوانەوە حەزیدەکرد هەمیشە بەتەنیابێت، (بەهۆی مامۆستاکەیەوە فێری زمانی سنسکریتیش بوو، بەو هۆیەوە کتێبی زۆر دەخوێندەوەو شارەزاییەکی زۆری لەئایینی هیندۆسی و کتێبە پیرۆزەکەیان (ڤیدا) پەیداکرد. بەکارەکانی باوکی رازی نەبوو، بەشێوەیەک رەفتاری دەکرد، وەک بڵێی شتێکی بەهای زۆر خۆشەویستی لێون بوبێت).[100]

تەنها خەڵکانێک پەیوەندیان بەکۆشکەوە هەبێت و ئەم چاویان پێکەوتبێت، خزمەتکارو کۆیلەو نۆکەرەکان بوون. باوکی هەوڵی زۆری دەدا، کە قسەیان لەگەڵ نەکات، بەڵام بێسودبوو. ناچار باوکی هەڕەشەی لەهەموویان کردبوو، کە قسەی لەگەڵ نەکەن. بەڵکو هەر ئەو قسە بکات و هەرچیەکیشی گوت ملکەچی بن و باسی خۆشی نەبێت، نابێ گوێی لەهیچ شتێکی دیکە بێت.

بوزا دەیزانی ئەوان قسەی لەگەڵ ناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەچووە ناویان و هەمیشە ئامۆژگاری دەستپاکی و راستگۆیی و داوێنپاکی و خۆشەویستی دەکردن. باوکی زۆر سەری لەقسەو گوتارە چاکەکانی کورەکەی سوڕما بوو ! نەیدەزانی چۆن فێری ئەم جۆرە قسانە بووە، لەراستیدا ئازایەتی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ مامۆستاکەی، کەفێری خوێندەواری کردبوو. لەلای ئەم مامۆستایە شارەزاییەکی زۆری دەربارەی براهما (خوا) ی هیندۆسی پەیدا کردبوو. ئەوەی بۆ ڕوون ببۆوە کە چۆن براهما، جیهانی دروستکردووەووەچە لەدوایوەچە مرۆڤی زیاد کردوەو ڕۆح و کارما (ڕۆژی قیامەت) و دۆناودۆن و (یەکێتی بوون) و هەموو ئەو ناو و سیفەتانەی پەیوەندییان بە هیندۆسییەوە هەبوو، لەلای ڕۆشن بوبۆوە. لەگەڵ زانینی ئەم زانیاریە ڕۆحیەشدا هیچ ڕوناکییەکی ئایینی، لەم بەدی نەدەکرا.[101]

---

[100] اديان العالم الكبرى / تأليف: حبيب سعيد ص (143)

[101] هةمان سةرضاوةى ثيَشوو ص (125

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، ژیانی ئاسایی خۆشتریان بۆ دەرەخساند. سێ کۆشکی گەورەیان بۆ دروستکرد. یەکێکیان تەنها زستانان تێیدا بژی، یەکێ دیکە تەنها هاوین. ئەوی دیکە بۆ پایز و بەهاران. بەڵام هەموو شتێک لەلای بوزا بە پێچەوانەوە بوو، چەند ژیانیان بۆ خۆشتر بکردایە، ئەم زیادتر بێتاقەت دەبوو. ئەوونبوەی بۆی دەگەڕا، نەیدەدۆزیەوە. هەمیشە بێدەنگ، لەسەرخۆ، داوای هیچ شتێکی نەدەکرد. ئەمەش باوکی زۆر ناڕەحەتکردبوو، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوو دیمەنی ناخۆشوناڕەحەت نەبینێت. زۆر جار دەینارده کەژو کێوو دارستان و سەیرانگاکان، تا خەفەتنەخوات، هەتا ڕۆژێک بڕیاریدا ژنێکی بۆ بهێنێت.[102]

بوزا بەمە ڕازی بوو. باوکی زۆر دڵخۆشبوو. پێیوابوو هەرچەندە تەمەنی کوڕەکەی تەنیا شانزە ساڵە بەڵام پەیوەندی ژنومێردایەتی دەبێتە هۆکارێک، کە مێرد (پیاوی ماڵ) هەمیشە لەنزیک ژنومنداڵەکەی بژی، ئەمەش واتە ماڵ و دەسەلات بەجێ ناهێڵێت. بۆیە، کیژێکی نەشمیلی خانەدان و بە ناوبانگی ناو خێڵەکەی خۆی بەناوی (یاسودەهارا) لەئاهەنگێکی گەورەدا بۆ دەگوازێتەوە. بوزا، ئەم خێزانەی زۆر خۆشدەویست، بۆ ماوەی دە ساڵ پێکەوە خۆشترین ژیانیان بەسەر دەبرد. باوکیشی لەماوەی ئەم دەساڵەدا زۆر شادمان بوو. دڵنیا بوو لەوەی ئیدی کوڕەکەی ماڵ بەجێناهێڵێت و دەبێتە جێنشینی خۆی. بەڵام لەناکاو هەموو شتێک تێکدەچێت.

ڕۆژێک بوزا ناڕەحەت دەبێت، چونکە تا ئێستا هیچ ناوچەیەکی دیکەی نەدیوەو شاری نەدیوەو لەبەرزایی چیاکان و کۆشکەوە نەبێت، هیچ گوندێکی نەدیوە، لەگەڵ ئەوەشدا باسی شاروگوند.کارو کەسابەت، جوتیاریو بازرگانی و ئاژەڵداری و، و. دەکرێت. بۆیە داوایکرد بیبەنە شار. باوکی، کە ئەم هەواڵەی بیست، دڵی داخورپا. زۆر هەوڵیدا ئەم کارە

[102] هةمان سةرضاوةى ثيَشوو ص (130)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

سەر نەگرێت، بەڵام بێسوود بوو. ناچار لەگەڵ کەسێکی دڵسۆزی کەم دوو بەناوی (شانا) دەینێرێت و ڕەوانەی شاری دەکات.[103]

ئەم گەشتە، لەلای بوزا بە گەشتێکی مێژوویی دەژمێردرێت. بوزاش هەستی بەم گەورەییە کردبوو، پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوەی کۆشک، زۆر بە چاکی خۆی بۆ ئامادە کرد. دەیزانی کە بەرەو شوێنێک دەچێت نەیدیوەو هیچ شتێک لەبارەیانەوە نازانێت، لەبەر ئەوە پێویستی زۆری بە چاو کراوەیی‌و بیرئارامی هەیە.

ڕۆژێک دوای ئەوە، لەگەڵ شانا بەڕێکەوتن، هەتا گەیشتنە ناو شار. لەو گەشتەیدا، سێ دیمەنی نامۆی نەبیستراوی نەبینراوی بینی:

یەکەم: لەڕێگەدا چاوی بە کەسێکی دەموچاو چرچی بێهێزی پشت چەماوە، کەوت بە شانای گوت:

ئەو پیاوە بۆوایە ؟ بۆ ناتوانێت وەک ئێمە هەڵسوکەوت بکات؟!

شانا پێیدەڵێت:

-ئەوە تەمەنی پیریی مرۆڤە، کاتی خۆی، وەک ئێمە گەنج بووەو ڕێک ڕۆیشتوەو جوان بینیویەتی. بەڵام ئێستا، خەمو خەفەتی ژیان و هێزی سروشت ژیانی تێکداوەو ساڵەکانی تەمەن، جوانی و گەنجێتی لێسەندۆتەوە. من و تۆشوامان لێدێت.

دووهەم: هەر لەڕێگا کەسێکی دیکەی گەنج دەبینێت، پاڵکەوتووەو توانای هەڵسوکەوتی نییەو هاوار هاواریەتی. بەشانای گوت:

_ئەی ئەمە چییەتی ؟ ئەمەش دەردی پیرییە؟

-شانا ووتی:

نەخێر ئەوە نەخۆشییە، نەخۆشی وا لەمرۆڤ دەکات، کەهەر چوار پەلی لەجوڵە بکەوێت، ئازاری بۆ پەیدا دەکات، هەموو کەسێکیش نەخۆش دەکەوێت، هیچ جیاوازیەک لەنێوان هەژارو دەوڵەمەند، دەسەڵاتدارو

[103] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (135)



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بێدەسەڵات، زانا بێت یان گێل، نییە چونکە نەخۆشی، توانای هەیە بە هەموو کەسێکەوە بدات.

سێهەم: هەر بە ڕێگادا تەرمی مردوویەک دەبینێت، بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێوە دەرەچێت و خەڵکانێکی زۆری لێکۆبونەتەوەو ژن و منداڵەکانی دەگرین، بە شانا دەڵێت:

ئەمە چییە ؟!

– ئەمە مردنە، ئەو کەسە مردووەو دەیبەن لەشوێنێکی تایبەتدا دەیسوتێنن. ئەو ئافرەت و منداڵانەش خێزانی ئەو بوون. ئەمەش پاشە ڕۆژی هەموو کەسێکە بە دەوڵەمەندو هەژارو پیرو گەنج و نێرو مێ و پاشاو گەداوە، هەر کەسێک بە ژیان دەستپێبکات، دەبێت بە مردن کۆتایی پێبهێنێت. کەس لەمردن ڕزگاری نابێت.[104]

ئەم سێ ڕووداوە، بوە هۆی گۆڕانی ژیانی سەرتاسەری بوزا لەو ساتەوە ژیانی لێتێکچوو، بێ ئەوەی مەلە بزانێت، ئەوندەی دیکە لەناو گۆمی لێکدانەوەکانی خۆیدا نوقمبوو، ئەم بە شوێن شتێکیونبودا دەگەڕا، بەڵکو بیدۆزێتەوەو ئازارەکانی پێ کەم بکاتەوە، بەڵام ئەم ڕوداوانە ئەوەندەی دیکە باری شانی قورسترکرد، هەتا ئەو کاتە خۆی بە شارەزاو بلیمەت زانیوە، بەڵام وا دەرکەوت، کە نەک هەر شارەزا نییە، بەڵکو لەدەورو بەرو نزیکترین خەڵکی لای خۆیەوە هیچ نازانێت و تەنانەت لەژیانیش بێئاگایە، بێئاگایە لەوەی کە خەڵکی پیر دەبن، بێئاگایە لەوەی کەخەڵکی نەخۆش دەکەون و ئازار دەکێشن. بێئاگایە لەوەی کە خەڵکی، بێدەسەڵاتەولە ڕووی مردندا هیچ شتێکی پێناکرێت و ناتوانێن خۆی لێ ڕزگار بکات. کەواتە تانەیەک لەژیاندا هەیەو ئەم تانەیە کار لەهەموو شتێکی مرۆڤ دەکات. هەر لەدایکبوونیەوە تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت لەگەڵیدایەو لێی نابێتەوە،

بوزا، زۆر دەمێکە هەستی بەم تانەیە کردووە، بەڵام وەک ئێستا لێی

---

[104] الادب الهندي المعاصر، محي الدين الالوائي ص(242)

نزیکنەبۆتەوەو لێی تێنەگەیشتوە، جاران بە شوێنیدا وێڵ بوو بوو، بەڵام ئێستا کەمێک، بە پێوانەی بینین و بیستن و لێی نزیکبۆتەوە، ، هەرچی کتێب و چەمکی ئایین و ڕەهەندەکانی دیکە هەیە، ئەم لێی نزیک بۆتەوە. بەڵام هەتا ئێستا، وەک ئەم سێ ڕووداوە، سوودی لێنەبینیون و نهێنی ئەم ئازارانەی تیادا نەدۆزیونەتەوە.

دەکرا بوزا، وەک هەزارانی دیکە وەک کوڕە پاشایان، ژیانی خۆی لەناو خۆشترین حاڵەتی دەروونیدا بەسەر ببردایەولە هەموو جۆرە ئازارو حەژمەتێکی ئەم دنیایە دوور بکەوتایەتەوە، دەکرا گەنجێتی خۆی بە پیری و تێری خۆی بە برسێتی و تەندروستی خۆی بە نارەحەتی هەمیشەیی نەگۆڕیبایەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، بوزا وەک خەڵکی و کوڕە پاشایان، ملکەچی ئەم ئارەزووە خەفە کراوانە نەبوو، حەزی دەکرد نارەحەتترین و ناخۆشترین ژیان بباتە سەر، بە مەرجێک تێبگات و نهێنیەکانی بۆ دەربکەوێت.

یەکەم پرسیار کە بوزا بە شێوەیەکی زەق لەخۆی کردبێت ئەم پرسیارە بوو: (بۆچی گشت خەڵکی وەک خۆی ژیانێکی خۆش و کارامە نابەنە سەرو وەک ئەم بۆیان مەیسەر نابێت ؟).[105]

ئەو کات و شوێنەی بوزا تییدا دەژیاو بە شوێن نهێنیەکانی خۆیداوێڵبوو. دانیشتوانی هیند لەبەردەم کاریگەری ئایینی گەورەی هیندۆسدا بەسەر چوار چینی (گبقە) ی جۆر بە جۆردا دابەش ببوون. وەک لەوەو پێش باسمان لێوەکردون.

### یەکەم: بەرهەمییەکان

ئەم چینە پیاوە پیرۆزمەندەکانی ئایینی هیندۆسی دەگرێتەوە، بەپێی بۆچونی ئایینەکەیان ئەمانە جێگری خوان (خلیفە الله) و تەنهاویژدانی خۆیان سەرۆکیانەو هەموو جۆرە دەسەڵاتێکیان هەیە.

---

[105] فلسفة اليوغا /راماشاراكا / ترجمة: رشاد كاظم سعيد ص (121)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

**دووهەم: ئەکشتەرییەکان**

پاشاووەزیرو یاریدەدەروسەرۆک و سەرکردەو جەنگاوەرو، و. و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خاوەنی هێزو دەسەڵاتن و هەموو دەسەڵاتێکیان هەیە، بێجگە لەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی بەرهەمی

**سێهەم: ڤیشییەکان**

ئەم چینە، دەوڵەمەندو بازرگان و جوتیارو ئاژەڵداران و خاوەن مولّکەکان و، و، بەگشتی چینی ناوەندی کۆمەڵگای دەگرتەوە

**چوارهەم: شودراکان**

چینی خوارەوەی کۆمەڵ پێکدەهێنن، ئەم چینە بە پێی بۆچوونی ئایینی هیندۆسی نابێت خاوەنی هیچ شتێک بن و ئەگەر کەسێکیش توانی ببێتە خاوەنی مولّکێک یا سامانێک، دەبێت نەیکات و کۆی نەکاتەوە، لەبەرامبەر ئەوەدا دەبێت هەمیشە کار بکاو کار بکات، خزمەت بکات و زیادتر بچەوسێتەوە، بەو حاڵەی خۆشی ڕازیبێت و دڵسۆزبێت، چونکە بەو شێوەیە براهما (خوا) لێیڕازی دەبێت، خۆ ئەگەر جارێک لەجاران ناوی بەرهەمییەک (پیاوە ئاینییەکان) و ئەکشتەرییەک (دەسەڵاتداران) بە خراپە بهێنێت، ئەوە دەبێت ڕۆنی قرچاو بکرێتە ناو دەم و لوت و گوێیەوە.[106]

دابەشبوونی کۆمەڵگای هیندی بەسەر ئەم چوار چینەدا لەخۆوە نەهاتووە، بەڵکو لەکتێبی (ڤیدا)وەوەرگیراوەو ڤیداش کتێبی پیرۆزی هیندۆسییەو بەپێی بۆچونی خۆیان و تەواوی سەرچاوەکانی ئەو کتێبە، هی براهمایە (خوا) و بە شێوەی وەحی هاتۆتە خوارەوە.

سد دهارتا (بوزا) ئەم دابەشبوونەی بە ڕاست نەزانیوە، پێیسەیر بوو خەڵکی بڕوایان بە ڤیداو ئەم دابەشکردنە هەبوو، پێیوابوو هەموو کەس

---

[106] بگەڕێرەوە بۆ ئایینی هیندۆسی, بەشی چینایەتی ئایینی.

وەک یەک یەکسانن و هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە، بەڵام چۆن ئەم ڕاستییەی بۆ دەرکەوێت و ڕایگەیەنێت !! ئەوە نەی دەزانی.

ئازارو لێکدانەوەو بیرکردنەوەی بوزا، بەرەو گۆشەگیرییەکی کتوپڕی بردو چەند ساڵێک بەو ئازارەوە تلایەوە. باوکیشی بەم کارەی کوڕی زۆر ناڕەحەت دەبێت، بەڵام لەوە دڵنیا دەبێت کە کار لەکار ترازاوەو ئەوەی ئەو دەیویست مەحاڵەو نایەتە دی. بەڵام هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراوی پێگەیشت، گوایە ژنەکەی بوزا زکی پڕە، ئەم هەواڵە گەشاندییەوەو جارێکی دیکە هیوای بۆ پەیدا بووە. پێیوابوو بە لەدایکبوونی ئەو منداڵە، وەک پەیوەندییەکی توند لەنێوان کوڕەکەی و خێزانەکەیدا ڕێگەیەک لەبەردەم چوونەدەرەوەی کوڕەکەیدا درووستدەکات و بیر لەڕۆیشتن ناکاتەوە. هەر لەگەڵ منداڵەکە بوو، پاش ناو هێنانی یەکسەر لەسەر تەختی پاشایەتی دێتە خوارەوەو بوزا دەکاتە پاشاو بۆ ئەم مەبەستەش لەکۆبونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی کوڕەکەی ئەم بڕیارەی ڕاگەیاند. بەڵام ئەم هەزارەها تەختی پاشایەتی فڕێدەدات، بە مەرجێک نهێنییەکانی گەردوونی بۆ دەربکەوێت. بۆیە بڕیاریدا چیتر دوانەکەوێت و لەگەڵ یەکەم هەلدا ئەوەی خۆی نیازی پێیهەبوو، بیکات.

پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێک، شەوێک لەشەوان، ژنەکەی منداڵێکی بوو، پاش چەند ڕۆژێک ئاهەنگێکی گەورە ساز کرا تا ناوی بنێن (ڕاهوڵا) هەر ئەو شەوە، پاش ڕابواردنێکی زۆر تا درەنگانێک، کە بوزا تا ئەو کاتە لەژوورێکی نهۆمی دووەمدا بە تەنیا دانیشتبوو، هاتە خوارەوەو ماچی کوڕە تاقانەکەی کردو لەبڕیارێکی چاوەڕوان نەکراودا، هەر بەو شەوە لەگەڵ شانای تاکە هاوڕێی بە خۆی و کەلوپەلی جەنگەوە سواری ئەسپەکەیان بوون و بەرەو دەرەوەی شار ملیاننا. هەرچەندە هاواریان لێکردو لێپاڕانەوە، بەتایبەت باوکی بەڵام بێسوودبوو. لەگەڵ شانا ئەوەندە دوورکەوتنەوە، کە کەس نەیانبینێت. لەئەسپەکەی دابەزی و بە

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

یارمەتی شانا سمێڵ و برۆ و قژی پاک تاشی. هەرچی کەلوپەلێک هەیبوو، لەگەڵ شمشێرەکەیدا خستیە سەر ئەسپەکەو دایە دەست شاناو پێی گوت:

-تۆ بڕۆرەوە بۆ لایان و پێیان بڵێ: بوزا، هەتا نەگاتە ڕاستی و نهێنییەکانی بۆ دەرنەکەوێت، ناگەڕێتەوە.[107]

شانا دەگەڕێتەوەو بوزاش بە پێی پەتی دەڕوات، تا لەڕێگە چاوی بە سواڵکەرێک دەکەوێت، بانگی دەکات و لەگەڵیدا جلەکانی دەگۆڕیتەوە[108] بەم شێوەیە بوزا لەهەموو شێوەو شێوازێکی ڕابردووی خۆی دادەبڕێت. بە تەنیا دەکەوێتە ئەو شاخ و دەشت و دۆڵ و دارستانەی کەوڵاتی هیندی لێ هەڵچنراوەو تەمەنی ئەو کاتەی بوزاش بە 29 ساڵ مەزەندە کراوە.[109]

بوزا، لەم گەشتەیدا خۆیشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت، بەڵام پێیوابوو کە دەزانێت چی دەکات. لەبەر ئەوە زۆر هەوڵیدەدا زانست و زانیاری فێر ببێت. هەر کەسی بدیایە، دەیدواند. بەرێکەوت دووکەسی شارەزای هیندۆسی بینی و ماوەیەک لەلایان مایەوە، پاشان بۆی دەرکەوت کە لەلای ئەوان هیچی دەستگیر نابێت، بە جێیهێشتن و ڕۆیشت. جارێکیان پاشایەک بە ناوی ((مۆجاداە)) دەچێتە لای و پێیدەڵێت:

وەرە لای من بە، دەتکەمە ڕاوێژکاری خۆم، چیت ویست پێشکەشت دەکەم. بوزاش پێیدەڵێت:

من بە شوێن سامان و دەسەڵاتدا ناگەڕێم، ئەوانەم هەبوو، من، بە شوێن ڕاستیدا دەگەڕێم، دەمەوێت بزانم نهێنی ئەم گەردوونە لەکوێدایە.

پاشا پێیدەڵێت:

هەر کاتێک ڕاستیت بۆ دەرکەوت، وەرە بۆ لام و منیش تێبگەیەنە.[110]

---

107 بوذا الاكبر، الاستاذ: حامد عبدالقادر ص (43)

108 هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (49)

109 هەمان سەرچاوەی پێشوو (50)

110 ثقافة الهند وحياتها الروحية و.محمد عبد السلام الرامبوري ص (61)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



بوزا، لەم گەشتەیدا، زۆر لەزانایان و ڕاهیبەکانی ئەو سەردەمە دەبینێت ((ئالارا. ئەوداکا، و، هتد)) بەڵام سوود لەهیچیان نابینێت جارێکی دیکە چاوی بە پێنج راهیبی دیکە دەکەوێت، ئەمانیش وەک ئەوانی دیکە، بەڵام باشتر هاوڕێیەتی ئەمیان کرد. پێیان گوت:

ئەگەر دەتەوێت پێبگەیت، دەبێت خۆت برسی بکەیت، دانبەخۆتا بگریت و بە ئارامبیت، هەمیشە بە تەنیا بیت و هەموو دنیا پشتگوێخەیت، سەیری ئەو شتانە نەکەیت کە حەزیان پێدەکەیت، بۆنی ئەو شتانە نەکەیت کەحەزیان پێدەکەیت، تامی ئەو شتانە نەکەیت کە حەزیان پێدەکەیت، دەست، لە شتێک نەدەیت، کە هەستی خۆشیت ببزوێنێت، ئەوەی خۆشت دەوێت، وەلاوەی نێ و ئەوەی رقت لێیاندەبێتەوە، خۆشتبوێن، خۆت لەگەرمای هاوین و سەرمای زستان مەپارێزە، و..هتد. بوزا ئەم بۆچوونانەی پێباش بوو، لەوەڵامدا پێی گوتن، (ئەگەر ئەم کارە بمگەیەنێتە حەقیقەت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دوای دەکەوم).[111]

لەم پێگەیەوە بوزا، لەسد دهارتاوە ناوی دەگۆڕێت بۆ (گوتاما)واتە ڕاهیب. بەم شێوەی لەگەڵ پێنج کەسەکەی دیکەدا لەناو چۆڵەوانی و جەنجاڵی دارستانەکان و بەرزی و نزمی دەشت و دۆڵ و چیاکاندا، ژیانیان دەبردەسەر. گوتاما ((بوزای پاشە ڕۆژ)) لەهەموویان زیاتر خۆی هیلاک دەکرد. لەگەڵ ئەو هەوڵ و مەرجانەی کە پێنج کەسەکەی دیکە داوایان لێ کردبوو، کاری دیکەو گەورەتری ئەنجامدەدا، ئەوانەی دەخوارد، کە زەوی بەرهەمی هێنا بوون و هی کەس نەبوون، گەڵاوەریو و پوش و پەڵاشی دەخوارد، لەسەر ڕەقی و نەرمی، چەو، لم، خۆڵ، دار، بەرد، درک، دەخەوت، لەناو قوڕو لیتەدا دەگەوزا، ئەوەی لەبەریدا بوو، فڕێیداو تەنها بە گەڵا خۆی دادەپۆشی، وردەوردە، خواردنوخواردنەوەی لەبیربردەوە، لەشەو و ڕۆژێکدا تەنها ئێواران یەک مشت خواردن و یەک مشت ئاو، هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی بوو، لەگەرمترین ڕۆژەکانی

---

[111] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (69)

www.xwdakan.com net org



هاویندا، لەبەر خۆر، خۆیهەڵدەخست، لەساردترین ڕۆژەکانی زستاندا لەسەر سەهۆڵ و بەفر دەنووست، وایلێهات پێش ئاو خواردنەوە، جوان لەئاوەکەورد دەبۆوە نەکا زیندەوەرێکی تێدا بێت و ئەم بە هۆی خواردنەوەیەوە بیکوژێت، کە دەڕۆی بەڕێوە لەسەرخۆو بە ئاستەم هەنگاوی دەنا نەکا لەژێر پێیدا زیندەوەرێک بکوژێت، ئەوەی پێیخۆش بوو، لەبیری خۆیدا دەریهێناو ئەوەی ڕقی لێدەبۆوە، کردیو خۆشیویست. ئەم کارانە پتەوی لەش و هێزی لێ کەمکردەوە، وایلێهات، کە نەتوانێت هەڵسوکەوتی ئاسایی بکات و زۆر جار توشی حاڵەتێکی سەیر دەبوو کە هاوڕێکانیوایان دەزانی مردووە.[112]

حەوت ساڵ بە سەر ئەم حاڵەتەیدا تێپەڕی کرد، بێ ئەوەی هەست بە ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی بکات. لەبەر ئەوەواهات بە خەیاڵیدا کە ئێتروازلەو پیشەیەی بهێنێت و بگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی و ڕێگەیەکی دیکە بدۆزێتەوە، بەڵکو پێیبگاتە حەقیقەت. لەدوای ئەو بڕیارە، هاوڕێکانی بەجێهێشت.

گوتاما (بوزا)، هەرچەندە بڕوای بە ئایینی هیندۆسی نەبوو بەڵام ئەو ڕێگەیەی گرتبووە بەرو کاریگەری ئەو ئایینەی لەسەر بوو، هەربۆ ئەوەی بگاتە مەبەست. کەچی پاش حەوت ساڵ، یەک خاڵی گرنگی لەلا ڕوون بۆوە، ئەویش:

بوزا، دەیویست بەسەر ئارەزووەکانی خۆیدا زاڵ بێت و تێبگاو ئەو حەقیقەتەش بە پێگەیەکی نوێوە بگەیەنێتە خەڵکی، بەڵام بۆی دەرکەوت کە تێگەیشتن نایگەیەنێتە حەقیقەت، بەڵکو بە پێگەیشتن حەقیقەتی بۆدەردەکەوێت، ئینجا تێدەگات و دەگاتە حەقیقەت. لەوانەیە برسێتی و تینویەتی و ئەشکەنجەدانی لەش، هۆکارێکی چاک بن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خاوەنی بیرکردنەوەیەکی چاک بێت، تێگەیشتن و پێگەیشتن، دوو چەمکی جیاوازن، بەڵام لەیەک نەپچڕاو. بیرکردنەوەی

[112] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (78)

www.xwdakan.com net org



چاک لەلەشێکی چاکدا دروستدەبێت. پێویستە لەش نارەحەت نەکرێ تا مێشک جوان بیربکاتەوە. بۆیە پێویستە لەگەڵ ئەشکەنجەدانی لەشیدا بیریش بکاتەوە. بەلام وەک جاران خواردن و خواردنەوە لەخۆی حەرام نەکات. وە سەردانێکی ماڵەوەش بکات و چاوێکی بەکۆی ئەندامانی خێزانەکەی بکەوێت.[113]

ئەم بڕیارەی بوزا دوو چەمکی گەورە لەژیاندا دیاریدەکات و دوو خوێندنەوی تایبەتی دەبێت، چەمکێکیان ئاسانە، ئاسانە بەوەی لەشی خۆی لەبرسێتییەوە بۆ تێری ببات، لەسەرماوە بباتە گەرما، لەناخۆشییەوە بۆ خۆشی، . هتد. چەمکەکەی دیکەیش گرانە، گرانە بەوەی، حەوت ساڵی ڕەبەق، حەوت ساڵی پڕ لەئەندێشە لەپێناوی مەبەستێک دا بباتەسەروهەروا بە بڕیارێکی سادە لەبیری خۆی بباتەوە، ئاڵوگۆڕکردن بەسەر ڕووە مادییەکاندا ئاسانەو ئاساییە، بەلام ئاڵوگۆر بەسەر ڕووە مەعنەوییەکاندا گرانە، . ئەوەی بوزا دەیەوێت ماددە نییە، برسێتی و تێر بوون نییە، خەوتن و خۆگۆڕین نییە، سەرماو گەرما نییە، بەڵکو حەقیقەتە. حەقیقەتێک هەتا نەیزانی و نەیبینی و تامی نەکەیت نازانی چییە !،

ئەم حەقیقەتەش، حەوت ساڵە بەشوێنیداویڵەو بەهێزترین دەسەلات و خۆشترین ژیانی و خۆشەویستترین کەسی بۆ بەجێهێشتووە، لەچینی ئەکشتەرییەکان بووەو هەتامردن خزمەتدەکراو فەرمانەکانی جێبەجێدەکرا، بەلام پێگەیشتن، دەبێت تێگەیشتنی لەگەڵدا بێت، نەک خۆی برسی و نارەحەت بکات و ئەقڵی ئێشنەکات. لەگەڵ ئەوەی گوتاما(بوزا) دەستیکرد بە خواردن و خواردنەوە، کەچی لەو بڕیارەی خۆی بە گومان بوو، ئەم گومانە زۆر نارەحەتی کرد، بیری زۆری لێکردەوەو چەند ڕۆژێک پێوەی تلایەوە، هەتا ڕۆژێک لەدارستانی (ئۆرڤالا) لەسێبەری درەختێکدا دانیشت و بڕیارێکی زۆر گرنگیدا.

---

[113] اديان العالم الكبرى، حبيب سعيد ص (131)

بریاریدا بیرکاتەوە، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی چیکردووەو چی فێر بووە، هەر هەمووی بهێنێتەوە یادی خۆی، بەڵکو شتێک بدۆزێتەوە، ئەگەر هەڵە بوو چاکی بکات و ئەگەر چاک بوو پەرەی پێبدات، هەر ئەو شەوە گەیشتە ڕاستییەکی لەبن نەهاتوو، ئەویش بە شوێن هەر شتێکداویڵبێت، ئەو شتە، لەناو خۆیدایە نەک لەدەرەوەی خۆی. چ جای ئەگەر دانیشێت و بەوردی بیری لێبکاتەوە ئەوا دەگاتە حەق، بۆیە بڕیاریدا لەسێبەری ئەو درەختەدا نەجولێت تا دەگاتە حەق،

لەپێشدا، توشی حاڵەتێکی زۆر سەیر بوو، خۆیشی نەیدەزانی چییە! پلە گەرمی زۆر بەرز بۆوە، تەزوویەکی گەورە بە ناو لەشیدا تێپەڕ بوو، بەرەو بێئاگایی برد، بوزا بڕیاریدا ئەگەر پێستی لەشی پێوە نەمێنێت و ئێسکەکانی وردو خاش ببن لەو جێگەیە نەجولێت تا بزانێت چی ڕوو دەدات، حەوت ڕۆژ و حەوت شەوی دیکەی پێچوو، نە بخوات، نەبخواتەوە، بە شێوەیەک دانیشتبوو، ئێستا پێیدەڵێن (یۆگا)، توشی بێئاگاییەکی سەرسوڕهێنەر بوو، بەڵام لەدوا ڕۆژدا بە ئاگا هاتەوەو گوتی:

بەڵێ ڕاستە، لەچاک، چاکە دێت و لەخراپیش خراپە.[114]

بەلێ بوزا لەو کاتەدا گەیشتە هەقیقەت و هەموو نهێنییەکانی بۆ دەرکەوت و زۆربەی توێژەرەوانیش ئەم حاڵەتە بە سرووش (وەحی) دادەنێن.[115] لەوە بە دواوە کەزانی دەتوانێتوەلامی هەموو پرسیارێک بداتەوە، بڕیاریدا تێکەڵ بە خەڵکی ببێت و ڕێگای ڕاستیان بۆ ڕوون بکاتەوە، هەر وەک خۆی دەڵێت: لەو کاتەوە لەدەست ئارەزووەکانم ڕزگارم بووە، لەدەست خراپەکاری سەر زەوی ڕزگارم بووە. لەدەست هەڵە، لەدەست گێلی، لەدەست لەدایکبوونەوەی بەردەوام، ڕزگارم بووە.

[114] حضارة الهند /گوستاف لۆبۆن ص(52,51)

[115] فلسفة اليوغا /راماشاراكا / ترجمة: رشاد كاظم سعيد ص (214)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

باجی خۆمم داو جارێکی دیکە لەدایکنابمەوە، جارێکی دیکە ڕۆحەکەم ناچێتە ناو هیچ لەشێکی دیکەوە، بۆ هەتا هەتایی ڕزگارم بوو.[116]

کەوتە رێ و بۆ یەکەم جار چاوی بە پێنج هاوڕێ دارستانییەکەی خۆی کەوت، ، لێیان پرسی:

-ئایا گەیشتیتە ئەو حەقیقەتەی کە بە شوێنیداوێڵ بوبویت ؟

-بەڵێ دۆزیمەوەو پێیگەیشتم و لێی تێگەیشتم

– کەواتە چییە، پێمان بڵێ ؟؟!

-لە هەموو کارێکی چاک، چاکە دێت و لەخراپیش، خراپە.

هەر پێنجیان سەریان سوڕماو پێیان گوت:

– ئەموتەیە کۆنەو لەکتێبی ڤیدای پیرۆزدا نوسراوەتەوەو یەکێکە لەیاساکانی (منۆ) !

– -ئەوە ڕاستە، بەلام کەس وەک من لێی تێنەگەیشتوەو کاری پێنەکردووە

– -چۆن؟!

– ئەگەر ئێوە وەک من لێی تێبگەن و بڕوای تەواوتان بەم ڕاستیە هەبێت، ئەوە هەموو ئەو نوێژانەی بۆ خوای دەکەنوهەموو ئەو قوربانیانەی بۆ خوای دەدەن، بۆتان دەردەکەوێت کە هەمووی پڕو پوچ و گێلیە.

– چۆن؟

– هەمیشە ئاو لەبەرزیەوە بەرەو خوار دەچێت، ئاگر هەمیشە گەرمە، ئەگەر تەواوی تەمەنتان نوێژ بکەن بۆ ئەوەی پێچەوانە ببێتەوە، ئەوا ناتوانن. چونکە ئەو دوانە دوو سیفەتی سروشتییان هەیە، ئەگەر ئاوەکەت بەرزکردەوە، ئەوا خۆت کردووتە نەک خوا. ئەگەر ئاگرت بە خۆتەوە ناو نەسوتای ئەوە خۆت کردووتە، بەڵکو باشتر بڵێم ئیرادەی خۆت کردوویەتی نەک خوا، یاساکانی ئەم جیهانە سروشتی خۆیانوەرگرتوەو

---

[116] قصة بوذا / عبدالعزيز احمد الذكي ص (32)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

ئەوەی ڕوودەدات ناتوانرێت بەرهەڵستکاری بکرێت، ئەو دەسەڵاتەی ئێوە پەنای بۆ دەبەن، خۆتانن نەک خوا. چونکە تۆ بەشێکی لەم سروشتە پێویست بە نوێژ ناکات. بۆ شتێک نە لەسروشتدا هەیەو نەدەبینرێت و نەهەستی پێدەکرێت ؟؟، ئەگەر لەئەنجامی کاری باشە، باشە بێت و لەخراپەیش خراپە بێت، چ دەسەڵاتێک دەتوانێت ئەم ئەم یاسایە تێک بدات، ئەگەر یاسای سروشت من و تۆی لەم شێوەیەدا دروستکردووە، چ نوێژێک و چ قوربانیەک دەتوانێت شێوەمان بگۆڕێت ؟ کتێبی ڤیداش ئەگەر داوای نوێژ و قوربانیت لێدەکات. ئەوا ئەو کتێبە پیرۆز نییەو نەیزانیوە، کە لەچاکە، چاکەو لەخراپە، خراپە دێت.[117]

دوای گفتوگۆیەکی زۆر، هەرپێنجیان بڕوایان پێهێناو دوایکەوتن. لێرە بەدواوە دەبێت بە (بوزا). بوزا دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی، شوێنکەوتوانی زۆر بوون، دەنگی دایەوە، ناوبانگی دەرکرد، ڕوی بکردایەتە هەر شوێنێک، پێشخۆی ناووناوبانگی لەوآ هەبوو.، بەماوەیەکی کەم هەزاران کەسی لێکۆبوەوە. کەسوکارەکەی بەم هەواڵەیان زانی و چەندین کەسیان ناردە شوێنی تا بیدۆزنەوەو بیبەنەوە بۆ لای خێزانەکەی، دۆزیانەوە، بوزا لەگەڵ سەدان کەسدا، بەرەو سودهانای باوکی ملینا. پاش هەشت ساڵ ئاوارەیی و غەریبی گەڕایەوە ناو ماڵومنداڵی، بەهەموویان دڵشاد بۆوە، بەلاَم بوزا بۆ پێشوو نەچووبوو، لەوێش دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی و کەسوکار لیی کۆبونەوەو پێیان گوت، کەهەرچییەکی بوێت، دڵی هەرچییەک بگرێت، دەیدەنیَ، ئەگەر هەموو سەروەت و سامانی ئەو ناوچەیەشی بوێت، بۆی دێنن. بەمەرجێکواز لەبانگەوازەکەی بهێنێت، بوزاش پێی گوتن: ئەگەر بەقورسایی هیمالآیا ئاڵتونی بۆ بهێنن، واز لەبانگەوازەکەی ناهێنێت. لەناو ئەم خێزانە گەورەیەدا، ئامۆزایەکی هەبوو بە ناوی (دیڤاداتا)، ئەم ئامۆزایەی، هەمیشە لەدانانی پلاَندا بوو تا ملی بوزای پێبشکێنێت. لەڕوو، خۆی زۆر چاک

---

[117] عشرون قرنا في موكب التأريخ ص(89)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

نیشاندەدا. بەڵام لەژێرەوە مارێکی حەوت سەر بوو. دژایەتییەکی زۆری بوزای کرد، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دەسەڵات بوو، هیچی پێنەکرا. ڕۆژان ڕۆیشت و تەمەنی بوزایش لەگەڵیا دەڕۆی،[118] گەڕایەوە بۆلای هاوڕێکانی و بۆ ماوەی چلوسێ ساڵ بانگەوازی کرد،[119] ئەم بانگەوازەش ناونرا (یاسا) هەندێک لەتوێژەرەوەکانیش دەڵێن لەتەمەنی چل ساڵیدا ڕاستییەکانی بۆ دەرکەوتووەو چل ساڵیش بانگەوازی کردووە.[120] ئەوەی لەگەڵ بوزا دەبێت، خۆشەویستی هەموو لایەک دەبێت و جێی گومانی هیچ کەس نابێت. نەرمونیانیی و ئارامیی و دانبەخۆداگرتن، سیفەتی هەموو یەکێک لەشوێنکەوتوانی دەبێت.[121]

ڕۆژێک ((بوزا)) دەیەوێت بچێتە ناو خێڵی ((سروتابرانتا))بۆ ئەوەی بیانهێنێتە سەررێگەی ڕاست. یەکێک لەقوتابییەکانی بانگدەکات و پێیدەڵێت:

– ئەم خێڵە، وا پێدەچێت دڵڕەق و شەڕانیبن، ئەگەر جنێویان دایتێ و لێت تورەبوون چی دەکەیت ؟

– بەدڵنیاییەوە دەڵێم، خێڵێکی باشن، چونکە لێیان نەدام و بەرد بارانیان نەکردووم.

– ئەی ئەگەر لێیان دایت و بەرد بارانیان کردیت ؟

– دەڵێم دڵیان نەرمە، چونکە بە دارو شمشێر لێیان نەدام.

– ئەی ئەگەر بەدارو شمشێر لێیان دایت ؟

– دەڵێم، دڵیان باشە، چونکە نەیانکوشتووم.

– ئەی ئەگەر تۆیان کوشت ؟

– دەڵێم سوپاسیان دەکەم. چونکە ڕۆحی منیان لەم لەشە پیسەمدا ڕزگار کرد.

---

118 قصة بوذا / عبدالعزيز احمد الذكي ص (29)

119 هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو ص (31)

120 اديان العالم الكبرى، حبيب سعيد ص (142)

121 الادب الهندي المعاصر، محي الدين الالوائي ص (259)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

- بوزا پێیدەڵێت: چاکتکرد. هەربەئارامی و هێمنی و خۆشەویستیەوە بچۆرە ناویان و چاکەوڕاستی بڵاوکەرەوە هەر چۆن ڕۆحی خۆت ڕزگار دەکەیت، ئاواش ڕۆحی ئەوان ڕزگار کە.[122]

## داستانی مردن

بوزا لەکۆتاییەکانی ڕۆژانی تەمەنیدا، بۆ یەکەمین جار، باس لەمردنی خۆی دەکات، بە قوتابییەکانی دەڵێت:

هەموو شتێک دەگۆردرێت، چونکە هەمیشە ئاڵوگۆڕ بەردەوامە، لەبارێکەوە دەچێتە سەر بارێکی دیکە. هەروەها ئێستا منیش پیر بووم و لەساتەکانی مردنمدام، بۆیە پێتان دەڵێم:

بەهەموو تواناتانەوە هەوڵبدەن خۆتان ڕزگار بکەن، من کردم و پاش چەند ڕۆژێکی دیکە پاداشتی ئەو ڕزگار بوونەموەردەگرم، بیرتان نەچێت من یەک چاکەم کردووە، ئەویش ڕزگاربوونی ڕۆحمە لەو هەموو کۆت و زنجیرانەی چواردەوری تەنیوین. پێویستە ئێوەش چاوکراوەو ئامادەبن. با بیرکردنەوەتان چاک بێت، ئاگاداری ئارەزووەکانی دەروونتان بن، خەڵکیش لەبیر مەکەن و ڕاستیان تێبگەیەنن، ئیرادەتان هەبێت و بەبێ پەشیمانیی بەناو دەریای ژیاندا مەلە بکەن و بپەڕنەوە.[123]

شوێنکەوتوانی بوزا. لەموتانە باش تێدەگەیشتن، بۆیان دەرکەوت ئیتر بوزا تەواو!!! بۆیە کەوتنە چاودێریکردنی. بوزا خۆشی هەولێدەدا شوێنەگشتییەکان جێبهێڵێت و بەرەو چۆڵەوانی بڕوات. هەتا ڕۆژێک ئانەندای خۆشەویست و نزیکترین کەسی پێیدەڵێت. :

گەورەم. تۆ بەرەو شوێنێک دەچیت، کەپرێک و چەند درەختێک و چەند بەرزاییەک نەبێت، هیچ شتێکی ترت لێوە دیار نییە، منوابەشایستەی

---

[122] فلسفة اليوغا /راماشاراكا / ترجمة: رشاد كاظم سعيد ص (150)

[123] بوذا الاكبر، الاستاذ: حامد عبدالقادر ص (71)

دەزانم، بچیتە شوێنێکی بەرز و گونجاو تاشوێنکەوتوانت تۆ و ڕۆحی تۆ و مردنی تۆ، لەبەرزاییدا ببینن.

بوزا پێیدەڵێت: -

- ئانەندای خۆشەویست، ئەم شوێنە چۆڵەی تۆ بەدڵت نییە، تێیدا هەستم بە پاکترین و قووڵترین ئارامیی و باری دەروونی کردووە ! لەسایەی ئەم درەختانەدا ڕۆحم پاکبۆتەوەو لەژێر سێبەرەکانیاندا گەیشتومەتە حەق.[124]

پاشان دەڕوات تا لەشوێنێکدا دەگیرسێتەوە، کە تەنها بەرزاییە پڕلەبەفرەکەی هیمالایای لێوە دیار بێت، هەر لەوێ و لەژێر کەپرێکدا لەگەڵ ماندوبوونی چەندەها ساڵەی خۆیدا، پاڵدەکەوێت و ڕەنگ و ڕووی بەرەو تێکچون دەچێت.

ئانەندا دەگری و بوزا پێیدەڵێت:

- من پێمنەوتن: هەرچییەکتان خۆشویستوەڵای نێن ؟ ئەو گریانەش دەبێتە ئارەزوو، کە ئارەزووت هەبوو ناگەیتە مەبەست.

- ئینجا ڕوو دەکاتە کۆمەڵەکەو دەڵێت:

- ئەم ئێوارەیە هەندێکتان دەڵێن: ئەوا گەورەمان مردو ئێستا بێ گەورەو مامۆستاین، نەخێروامەڵێن، من گەورەی ئێوەنیم و ئێوەش تەنیا نین. چونکە یاسا هەیە.

- پاش کەمێک لەگەڵ دوا هەناسەیدا دەڵێت. :

- ئەی لەخۆبوردوینە، ئەم ڕاستییەی ئێستا دەیڵێم لەبیری مەکەن، هەموو شتێک دەچێت. وەک هەور دێت و وەک هەوریش دەچێت. سەربەرز و ئازاد بن، کۆیلەی هیچ کەس و شتێک مەبن، لەدوورەوە بڕواننە کۆتاییەکان.

ئینجا پاڵدەکەوێت و توشی بێئاگایی دەبێت، هەناسەی تێدا نامێنێت و لەشی تەواو خاودەبێتەوەو دەمرێت.[125] ساڵی مردنیشی بە (470)ی پێش زایین مەزەندە کراوە.[126]

---

[124] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (75)

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

- ئانەندا، مردنی بوزا ڕادەگەیەنێت، هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی باوەڕناکەن، بەڵام لەدوایدا دەبێتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر. لەسەر زەوییەکی لماوی و لەپاڵ کەناری ڕوبارێک، لاشەکەی دەسوتێنن و تۆز و خۆڵی لاشە سوتاوەکەی کۆدەکەنەوەو دابەشی هەشت بەشی دەکەن، هەربەشەی دەنێرنە ناوچەیەکی دوورو ئێستاش هەر یەکێک لەو شوێنانە، پەرستگایەو خەڵکی لەکاتی خۆی و پێویستدا، ساڵانە وەک (حەج) سەردانی دەکەن.

## (دامایادا) کتێبی پیرۆزی بوزییەکان

**یەکەم:**

دامایادا، ناوی کتێبی پیرۆزی بوزییەکانە، نوسەری ئەم کتێبە بوزا خۆیەتی و هیچ کەسێکی دیکەو هیچ پشتێکی دیکە لەباگراوندی ئەم کتێبەدا نییە.[127]

بوزا، هەر لەو کاتەوەی بە قسەی خۆی، کە دەگاتە حەقیقەت هەتا دەمرێت بەهیچ شێوەیەک باسیوەحی نەکردووەو خۆی گوتەنی هەر چییەکیوتووە یاخود هەر چییەک دەڵێت، لەبیرو هۆشی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت. بوزا بەبێ یارمەتی گەیشتۆتە حەقیقەت و بە بێ یارمەتی دەستیکردووە بە بانگەواز و بەبێ یارمەتیش بیریکردۆتەوەو بە بێ یارمەتیش قسەی کردووە. بوزا خاوەنی سەرەکی ئەم کتێبەیەو هەموو

---

[125] قصة الديانات / تأليف: سليمان مظهر ص(80)

[126] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (137)

[127] الادب الهندي المعاصر /تأليف: محي الدين الالوائي ص(264)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

شوێنکەوتوانی زۆر بە باشی ئەم حەقیقەتە دەزانن و هەتا ئێستای ئەم سەدەیەش، شوێنکەوتویەکی بوزا یاخود مێژوونوسێک، یاخود کەسێک نەبووە پێچەوانەی ئەم بۆچونەی هەبێت و ڕایگەیاندبێت. لەبەر ئەوە گومان لەخاوەنداریەتی بوزا بۆ ئەم کتێبە ناکرێت.[128]

**دووهەم:**

کتێبی دامایادا دەستکردی مرۆڤە، و بە پیرۆزترین و گەورەترین کتێبی بوزی دادەنرێت و بەهایەکی زۆری هەیەو تەنانەت لەکاتی پاکوخاوێنیشدا دەستی بۆ نابەن، کردنەوەو خوێندنەوەی ئەم کتێبە تەنها لەلایەن پیاوە ئایینیەکانەوە پیادە دەکرێت.[129]

**سێهەم:**

مێژووی نوسینەوەی ئەم کتێبە تەنها بەیەک قۆناغدا تێپەڕ بووەو تەنها یەک جار نوسراوەتەوە. بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر دوای مردنی بوزا ئەم کارە کراوە. ئەم هۆیەشوای لێکرد کەم تا زۆر دەستکاری بکرێت. چونکە لەدوای مردنی بوزا جیاوازی کەوتە نێو دەقەکانەوە، بوزییەکان لەساڵی 483 پ. ز لەناوچەی ((ڕاجا جدها)) کۆبونەوەیەکی گەورەیان کرد، تا ئەو هۆکارانە یەکلایی بکەنەوە، کە بونەتە هۆی جیاوازیی دەقەکان.

لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر ڕێککەوتنی خۆیان بوون بەسێ بەشەوە:

**کۆمەڵەی یەکەم، کاسی یاپا**

ئەم کۆمەڵەیە، زیادتر شارەزای بۆچونە میتافیزیکییەکان بوون و هەرچییەکیان زانی، باسیانکردو لەسەر یەک حکایەتخوان ڕێککەوتن.

[128] فلسفة الهند القديمة ص(92)

[129] دروس في تأريخ الفلسفة / للمؤلفين:-د.ابراهيم مدكور و د.يوسف كرم ص(69)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

**کۆمەڵەی دووهەم، ئەو پاڵی**

ئەم کۆمەڵەیە، شارەزایی لایەنە یاساییەکان بوون و لەسەر بۆچونەکان هیچ گرفتێکیان نەبوو. چونکە هەر کەسێک لەکاتی ژیانی بوزادا ببوایە، دەبوایە دەقی یاساکانی لەبەر بکردایە، بۆیە وەک خۆی بێدەستکاری مایەوە.

**کۆمەڵەی سێهەم، ئانەندا.**[130]

وەک پێشتر باسمان لێوەکردووە، ئانەندا هاوڕێیەکی نزیک و خۆشەویستی بوزا بوو، هەمیشە لەگەڵیدا بوو. ئاگاداری ئەو بەسەرهاتانە بوو کە بەسەر بوزا هاتبوو، لەگەڵ ئەو بەسەرهاتانەی کە بوزا خۆی بۆی گێڕاوەتەوە، ئەم لایەنەش لەهەموو زیادەیەک پاککرایەوە. بەڵام هەڵەیەکی زۆر گەورە لەو کۆبونەوەیەدا ڕوویدا، ئەویش هەندێکیان پێیانوابوو دەبێ دەقەکان بنوسرێنەوە تا لەبیر نەچنەوەو هەتاهەتایە بمێننەوەو نەوە لەدوای نەوە سوودی لێوەربگرین، هەندێکیشیان پێیانوابوو:وتەو بەسەرهاتەکانی بوزا زۆر لەوە پیرۆزترن کە بنوسرێنەوە، بەڵکو دەبێت لەبەربکرێت و هەمیشە لەبیرو هۆشی بوزییەکاندا بێت، نەک نوسراوێک دەستی پیسی مرۆڤ بەری کەوێت و لەکەلینێکدا هەڵگیرێت.

ئەم حاڵەتەش درێژەی خایاند، تا دەرکەوتنی پاشای گەورە (ئاسۆکا) (لەساڵی 242 پ. ز) لەساڵەکانی دەسەلاتداریتی ئاسۆکادا بە شێوەیەکی زۆرباش وەک ئایینێک هەناسەی بەبەردا کردەوە، کە لێکۆڵەرەوان وەک (پۆڵس)ی مەسیحی تەماشای دەکەن.[131] کەم لەئەفسانەی نابەجێ و بیرو بۆچونی خورافە کەوتەوە ناو دەقەکان. بە فەرمانی پاشا بۆ جارێکی دیکە دەقەکان پاکوپوخت کرانەوەو لەسێ بەشی جیاوازدا دایانڕشت و نووسییانەوە.

[130] اديان الهند الكبرى – د.احمد شلبي ص(67)

[131] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (179)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

**بەشی یەکەم: عەقیدەکان**

Abhi Dhamma Pitakas

**بەشی دووهەم: شەریعەتەکان (یاساکان)**

Vinaya Pitakas

**بەشی سێهەم: چیرۆکەکان**

Sutta Pitakas [132]

## پوختەی ئایینی بوزی[133]

### 1- یەکەم: دوانزە پەیوەندییەکە:

دەستپێکردنی پەژارەکان،

بە هۆی نەزانینەوە، تاکرەوی دروستدەبێت.

بە هۆی تاکرەوییەوە، دەرککردن دروستدەبێت.

بەهۆی دەرککردنەوە، ناووێنە دروستدەبێت.

بە هۆی ناووێنەوە، شەش هەستیارەکە دروستدەبن.

بەهۆی دەستلێدانەوە، هەستپێکردن دروستدەبن.

بەهۆی هەستپێکردنەوە، ئەڵها (التلهف) دروستدەبێت.

بەهۆی ئەڵها کردنەوە، هوشیاریی دروستدەبێت.

بە هۆی هوشیارییەوە، کیانی خود دروستدەبێت.

بە هۆی ئەم کیانەوە، بوونی دنیایی دروستدەبێت.

بە هۆی بوونی دنیاوە، مردن و لەناو چوون دروستدەبێت.

بەم جۆرە زنجیرەی خەمباری و پەژارەیی و بێئومێدی پێکدێت.

---

[132] تأريخ الاسلام في الهند /د.عبدالمنعم النمر ص(98)

[133] تەواوی ئەم بەشە لەم کتێبەوەرگیراوە (حكمة الاديان الحية / جوزيف طايير /ترجمة المحامي: حسين طيلاني، الجزء الاول والثاني والثالث (في مجلد واحد) سنة 1969 الطبعة الثالثة )



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

**2ـ دوانزە پەیوەندیدارەکە:**

دوا هاتنی پەژارەکان،
بەڕاگرتنی نەزانین، تاکەکان کۆتاییان دێن
بە دوا هاتنی تاکرەوی، دەرککردن کۆتایی دێت
بەدواهاتنی دەرککردن، جیاوازی ناووویێنە کۆتایی دێت
و ، ..
و ، ..
تا کۆتایی زنجیرەی خەمو پەژارەو بێئومێدییەکانی دوانزە پەیوەندییەکەی یەکەم

**3- چوار ڕاستییە باڵاکە:**

یەکەم:
پیری، مەینەتییە، نەخۆشی، مەینەتییە، مەرگ، مەینەتییە، جیابوونەوە لەخۆشییەکان، مەینەتییە، بەڕوودا چوونی ناخۆشییەکان، مەینەتییە، سەرنەکەوتن لەبەجێهێنانی مەبەستێک، یا نیازێک، مەینەتییە.
دووهەم:
سەرچاوەی ئەم مەینەتییانە ئارەزووە، خواستی (بوون)ە هەر لەمنداڵییەوە هەتا زیندووبونەوە، سەرچاوەکەی هەموو ئەو خواست و ئارەزووانەیە، کە دەتوانرێت دەستەمۆ بکرێت. سەرچاوەی حەزکردنە لەخود، لەدەسەڵات، لەفەرمانڕەوایی لە.. و، . ئەمانەش هەموویان سەرچاوەی تیاچوونن.
سێهەم:

دەتوانرێت بەسەر تیاچوون و نەماندا زاڵببین، ئەویش بە لەناو بردنی ئارەزووەكان

چوارەم:

دەتوانرێت هەموو ئارەزووەكان كۆت بكرێت، ئەویش بە گرتنەبەری ئەم هەشت ڕێگایە، كە پێیدەوترێت ((ڕێگای ناوەڕاست)).

1. باوەڕی ڕاست، بەوەی كە ڕاستگۆیی ڕێنیشاندەری مرۆڤە.
2. جەختی ڕاست، لەسەر ئەوەی كە هەمیشە بە ئارام بیت و بە هیچ شێوەیەک ئازاری گەورە تا بچوكترین گیانلەبەر نەدەیت.
3. وتەی ڕاست، درۆ نەكەیت و بوختان هەڵنەبەستیت.. و..
4. ڕەفتاری ڕاست، دزی نەكەیت و كەس نەكوژیت و شتێک نەكەیت، كە شورەیی و پەشیمانی لێبكەوێتەوە.
5. كردەوەی ڕاست، هیچ كارێكی خراپ و نالەبار هەڵنەبژێرێت.
6. هەوڵی ڕاست، لەخراپە دوور بكەویتەوەو هەوڵی چاكە بدەیت.
7. بیری ڕاست، بە هێوری و سەلیقەیی بیر لەڕاستیە باڵاكان بكەیتەوەو بیری لەسەر كۆ بكەیتەوە.
8. ژیانی ڕاست، بە ڕاسترین شێوە ژیان ببەیتە سەر.

ئەم هەشت ڕێگەیەش دەبنە هۆی دروستبوون و گەیشتن بە ئاشتی و ئارامی یەكجاری.

**چوارهەم: (دە)وەسیەتەكەی بوزا:**

1ـ خوێن مەڕێژە.
2ـ شتێک مەبە كە پێتناشێت.
3ـ داوێنپیسی مەكە.
4ـ درۆ مەكەو فێڵ لەكەس مەكە.

دەروازەكانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

5ـ سەرخۆش مەبە.
6ـ ئاسایی بخۆ و پاش نیوەڕوان هیچ مەخۆ.
7ـ سەیری سەماو شانۆ مەکەو گوێ لەگۆرانی مەگرە.
8ـ خشڵ لەخۆت مەدەو بۆن بەکارمەهێنەو خۆت مەڕازێنەرەوە.
9ـ لەناو جێگای ڕازاوەو نەرم و نیاندا مەخەوە.
10ـ ئاڵتون و زیو لەکەسوەرمەگرە.

ئەم (دە)وەسیەتە، پێنجی یەکەمیان لەسەر هەموو بوزییەک ئەرکەو دەبێ جێبەجێی بکات، پێنجەکەی دیکە لەکاتی ڕۆژو گرتندا جێبەجێدەکرێت. دەبێ ڕاهیبەکانیش هەمیشە پەیڕەوی تەواوی لێبکەن.

**پێنجەم: (دە) شێوەی کامڵبوون**

1. بەخشندەیی، وەک دەفرێکی چاکەخوازی بەخشندەی بەلاّدا هاتوووابیت، بەبێ سڵەمینەوە.
2. ئەرک، هەر وەک چۆن مانگایەکی تووک درێژ، مردنی خۆی پێباشترە لەوەی زیان بە تاڵە موویەکی بگات، تۆش دەبێت لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانتاوابیت.
3. پشتگوێخستنی دنیا، هەر وەک زیندانییەک چۆن دەزانێت بەختەوەری ژیانی تەنها لەدەربازبوون دایە، دەبێ تۆش ئاوا سەیری دنیاو لەشت بکەیت و هەمیشە لەخولیای دەربازبووندا بیت.
4. چاوەڕوانی و سەرناسی، هەر وەک چۆن ڕاهیبێک بۆوەرگرتنی پارچەنانێک گوێ ناداتە ئەو کەسەی کە دەیداتێ، گێل بێت، یا دانا، درێژ بێت یان کورت، دەبێ تۆش هەمیشە لەسۆراخی زاناکاندا بیت و قسەیان لێوەربگریت، دوور بن یان نزیک، کەم زانبێت یان زۆرزان.
5. بوێری (الجراوە). وەک چۆن شێر بوێرو ئازایە، تۆش دەرهەق هیچ کێشەیەکی خۆت نەوێر نەبیت و شێرانە لەگەڵ خۆتا بەرخورد بکەیت

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

6. خۆڕاگرتن، وەک چۆن زەوی، هەموو ئەوەی لەسەر سنگیتی هەڵیگرتوە، دەبێت تۆش چاکەوخراپە بەبێ جیاوازی هەڵگریت و ڕوبەڕوی بیتەوە
7. ڕاستگۆیی، هەر وەک چۆن هەسارەکانی ئاسمان لەستونی خۆیان لانادەن، دەبێت تۆش ئاوا ڕاستگۆبیت.
8. سۆز و بەزەیی، چۆن ئاو، چاکوخراپ، فێنک دەکاتەوە تینوێتیان دەشکێنێت و پاکیان دەکاتەوەو جیاوازییان ناکات، دەبێ تۆش لەنێوان هاوڕێ و ناحەز و دۆست و دوژمنتدا، جیاوازی نەکەیت و سۆز و بەزەییان بدەیتێ.
9. بڕیار، هەر وەک چۆن کێو، بەهیچ گێژەڵوکەیەک نالەرزێت، دەبێت تۆش لەسەر بڕیاری خۆت سوور بیت.
10. بێدەنگی و ئارامی، چۆن زەوی بە بێدەنگی دەڕوانێتە هەموو چاکەو خراپەیەک، تۆش هەروەها بە بێدەنگی و ئارامی بڕوانیتە خۆشی و ناخۆشییەکان، بۆ ئەوەی بگەیتە پلەی دانایی.

## لە گوتەکانی بوزا

1. ئەوەی ئێمە پێیگەیشتووین، دەرئەنجامی بیر کردنەوەی خۆمانە. هەر لەبنەڕەتەوە لەبیر کردنەوەی ئێمەوە دەستیپێکردوە، بەردەوام بوونیشی هەر لەسەر بیرکردنەوەی ئێمەوەستاوە.
2. کەسانی ژیر ئەوانەن، کە تێدەگەن و ژیانێکی مامناوەند بەسەر دەبەن و بەهەموو توانایان تێدەکۆشن لەپێناو مانەوەی هەمیشەیی (نیرڤانا) کە چڵە پۆپی بەختەوەریە،
3. هەر کەسێک ئاسودەبێت و ببێتە مایەی ئازار بۆ خەلک لەدوای مەرگ ئاسودە نابێت،
4. بیرکردنەوە بەرەو نەمریت دەبات. گێلی، ئەتتەپێنێت.



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

5. ڕق بە ڕق نارەوێتەوە، بەڵکو بە خۆشەویستی. ئەمەش یاسایەکی هەمیشەییە.
6. کەسی ڕەوشتبەرز، لەهەردوو دونیا دڵخۆش و شادمان دەبێت.
7. ئەوەی بیر دەکاتەوە نامرێت. بەڵام هەڵەشەکان هەر زوو دەمرن.
8. ئەگەر باوەڕی مرۆڤ لەرزۆک و شلّە ژاو بوو ئەوا هەرگیز ناتوانێت زانیاری تەواو بەدەستبهێنێت.
9. بۆنی گوڵ بە پێچەوانەی ڕەشەباوە ناگات. بەڵام بۆنی مرۆڤی چاک بە پێچەوانەی ڕەشەباوە دەگات.
10. ئەگەر کەسێکت پێگەیشت و توانی ڕێنمایت بکات و زانی چۆن سەرزەنشتت بکات، ئەوە دوای کەوە، وەک ئەوەوایە کەسێکی بلیمەتت دۆزیبێتەوەو گەوهەرێکی شاراوەت پێدەبەخشێت
11. پیاوی ئاقڵ وەک کێو وایە. سەرزەنشت و پیاهەڵکێشان کاریتێناکات.
12. تەنها وشەیەک گوێگر ئاسودە بکات لەهەزار وشە باشترە. شیعرێک گوێگر ئاسودە بکات لەهەزار قەصیدە باشترە.
13. ئەو کەسە براوەیە، کە بە سەر خۆیدا زاڵە. نەک بەسەر هەزار جەنگاوەردا.
14. یەک ڕۆژ بژیت و ڕێسای گەردوون تێبگەیت، باشترە لەوەی سەد ساڵ بژیت و بێئاگا بیت.
15. ئەوەی کەم فێر بێت، وەک (گا) گەورە دەبێت. لەش زل و نەفام دەبێت.
16. ترس و خەفەت لەخۆشییەکانەوە دێن، ئەوەی لەدەستخۆشییەکان ڕزگاری ببێت ناترسێت و خەفەت ناخوات.
17. نەبوەو نابێت، کەسێک هەتاسەر، جێگای ستایش یاخود سەرزەنشت بێت.
18. هەر کەس لەگەڵ ژنی دراوسێکەی دەست تێکەڵبکات، توشی (چوار) شت دەبێت.



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

أ – هەستکردن بەکەمی ب- تێکچوونی پێخەفی ژن و مێردایەتی
ج- ناوبانگ زڕاندن د- لەدایکبونەوە.
19. زانست، هەوڵی مرۆڤ ئاوێزانی سەرکەوتن دەکات.
20. ژنی بێ مێرد، وەک شاری بێ پاشاوایە.
21. سەرەتا لێهاتووی خۆت بسەلمێنە. ئەوجا ببەرە فێرکار.[134]

## خودا لەبۆچوونی بوزیدا

گرنگیدان بە ماناکانی خواو گرنگیدان بە تێگەیشتنی خوایەتی و مانا شاراوەکانی ئەو دیو سروشت، یەکێکە لەغەریزە هەرە گەورەو نهێنییەکانی مرۆڤایەتی، ئەم غەریزەیەش پەیوەندی و تێکەڵی بە هەموو ڕەگەزێکی مرۆڤەوە کردووە، یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی کە ئەم غەریزەیە دەجوڵێنێت، جیاوازیی هێزەکانی سروشت بووە، هەرچەندە، دیاردە سروشتییەکان وەک باران، ڕەشەبا، بورکان، بومەلەرزە، خۆر، مانگ، هتد لەیەکجیاواز بوون و هەر دیاردەیەک بۆ خۆی سیفەتێکی تایبەتی هەبووەو هێزی هەندێکیان بە پێی ناوچەو ژینگە لەبەرزی و نزمیدا بووە، کەچی مرۆڤ لەبەردەم بێهێزترین دیاردەی سروشتدا، هەر بێهێز بووەو خۆی بە کەمزانیوە. سوپاسی هەموو یەکێ لەو هێزانەی کردووەو قوربانی بۆ داوەو لێیان پاڕاوەتەوەو گەورەترین سۆزو خۆشەویستی دەربڕیوە. بە جوانترین شێوە شوبهاندویەتی و نەیوێراوە دوور لەپاڕانەوەو قوربانیدان ژیانی بەسەر بەرێت.

ناوچەی هیند، بە زۆر لەو قۆناغە نادیارانەدا تێپەڕبووەو وەک مێژوو نووسان لێوەی دەدوێن، چوار هەزار ساڵ پێشزاین لەقۆناغێکدا ژیاون چەندەها خوای تێدا بووە، بۆ هەر یەکێک لەدیاردەکان خوایەکیان هەبووە ئایینی هیندۆسی یەکێک بوو لەو ئایینانەی کە چەندایەتی خوای

134 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو, نموونەی زۆری تێدایە.

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

لەسیانەکردن (التثلیث) دا کۆکردەوەو سێ سیفەتی گەورەیان لەیەک ناودا بۆ تواندبۆوە سێ سیفەتی جیاوازیان بۆ دانابوو:

**یەکەم**: براهما. ئەزەلییە، هەر بووەو هەر ئەشبێت، دروستکەری گەردوون و بونەوەرە.

**دووهەم**: ڤیشنۆ، ئەزەلییە، هەر بووەو هەر ئەشبێت. پارێزەرە.

**سێهەم**: سیڤا. ئەزەلییە، هەر بووەو هەر ئەشبێت، تێکدەرە.[135]

ئەم سێ ناوە، ئەم سێ بۆتەیە، لەیەک چەمکدا دەبینرانەوە، ئەویش براهمایە(خوا) هەرچەندە براهما سیفەتێک بوو لەسیفەتەکانی دیکە، بەڵام لەلای ئەوان چونکە لەبنەڕەتدا هەر سێکیان هەبوون و هەر دەشمێنن، ئەوا ڤیشنۆ و سیڤاش لەبراهما دا دەتوێنەوەو پێیانوابوو هەر کەسێک یەکێک لەو ناوانە یا سیفەتانە بپەرستێت، واتە هەر سێکیانی پەرستوەو هەرسێکیشیان یەک شتن. کەواتە براهمای پەرستووە، سیانەو لەیەکدا کۆبونەتەوە، چەندایەتییە بەڵام لەچۆنیەتیدایە.

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە بارودۆخی ژیانی هیندی و ئەو سایکۆلۆژیا ئاڵۆزەی کەسێتی ئەو کاتە تێیکەوتبوومەحاڵبوو بەبێ خوا یاخود بەبێ پەرستگا بەڕێوەبچوبایە، هیندۆسی کە گەورەترین ئایینی هیندییەکانە، باسی یەکانەیی خوای دەکردو هەموو سەرچاوەکان و کۆتاییەکانی دەبردەوە بۆ خوا. لەسەدا نەوەدی هیندی لەو کاتەدا، هیندۆسی بوون، خوا شتێک بوو بە ئاسانی قسەی لەسەر نەدەکرا، هەموو ڕەهەندێکی بە خۆیەوە شەتەک دابوو، پێگەیەک بوو هەروا بە ئاسانی نەدەناسرایەوە، بەڵام بەهاتن و دەرکەوتنی بوزا، هەموو شتێک پێچەوانە بۆوە. ئەگەر بەوردی سەرجەم ژیان و کتێبوتەکانی بوزا بخوێنینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بوزا بڕوای بە خوا نەبووە، بوزا، نە ئایینی هێناوەو نە عەقیدەو مەزهەبی دروستکردووە!! گرنگی بوزاو بانگەوازەکەی لەوەدا دەردەکەوێت، کە پێش خۆی (دەورو بەری زیاتر

---

[135] پێشتر لە ئایینی هیندۆسیدا بەدرێژی باسمان لێوە کردووە.

www.xwdakan.com net org



لەدوو هەزارو پێنج سەد ساڵ)هیندۆسییەکان باسی خوا دەکەن، کەچی بوزا ڕەتیدەکاتەوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو زۆر بە ئاشکرا دەیگوت:(نە من پەیامبەرو نێردراوی خوام، نەوتەکانیشم ئاسمانین)[136] زۆر بە ئاشکراو ڕوونی دەیگوت، کە بە هیلاکی و ماندوبوونی زۆری خۆی گەیشتۆتە ڕاستییەکان و هیچ کەسێکی دیکەو هیچ شتێکی دیکە لەپشت ئەم ڕاستییانەوە نین و کەس پێینەبەخشیوە. هەمیشە ئەوەی دوپاتدەکردەوە، کە کەس بیر لەخواو پەیامبەر نەکاتەوە، بەڵکو بیر لەکۆیلایەتی خۆی بکاتەوە، بیر لەوە بکاتەوە چۆن ڕزگاری دەبێت، خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت و لەهیچ شتێک نەترسێت و تێبکۆشێت تا خۆی ڕزگار بکات، بوزا پێیوابوو، مرۆڤ لەهەر کاتێکدا بێ و لەهەر شوێنێکدا بێت و لەهەر بوارێکدا بێت، دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات و ملی خۆی لەژێر شمشێری جەورو ستەمی ڕۆژگارو ژیانی ماددی دەربهێنێتو وەک خۆی ڕاستییەکان بپێکێت.

بوزا پێیوایە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو مرۆڤ لەهەر چینێک و لەهەر ڕەگەزێک و لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت، توانای هەیە خۆی ڕزگار بکات هەر خۆیشی ئەو توانایە دروستدەکات نەک پێیبەخشن، باش بێت یان خراپ، دەوڵەمەند بێت یان هەژار، کۆیلە بێت یان سەردار، بچوک بێت یان گەورە، دوور بێت یان نزیک، هتد. خۆی بۆ خۆی سەربەستەو هیچ هێزێک ناتوانێت ئەو سەربەستییەی لێزەوتکات یا ڕێگری لێبکات، یاخود یارمەتی بدات.

، ئەو ئایین و کەسایەتییانەی باس لەدونیایەکی دیکە دەکەنوویێنەی بەهەشت و دۆزەخ دەکێشن و خەڵکی پێدەترسێنن و مرۆڤ بە دەردەسەری و کۆیلایەتی، ڕازیدەکەن، بەرژەوەندی تایبەتییان هەیەو ئەوەی لەخەڵکی حەرام دەکەن بۆ خۆیان حەڵاڵە، بەهەشت و دۆزەخیش، تەنها خەیاڵەو ئەوانەش کە پشتگیریان دەکەن گێل و نەفام و خۆشباوەڕن

---

[136] حكمة الاديان الحية / جوزيف طايير /ترجمة المحامي: حسين طيلاني ص(142)

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

و زۆر بە زوویی دەستە مۆ دەکرێن و ئەو بۆچونانەش، کە لایان دروستدەبێت، لەبەرهەمی تاقیکردنەوەی گیانی خۆی و لەشی خۆی و بیر کردنەوەی خۆیدا دروستدەبن پاشان بەرجەستەی دەکات و ئەوەندە دەیلێتەوە هەتا خۆیشی بەوە قایلدەبێت، کە حەقیقەتێکە لادان لێی کارێکی مەحاڵەو ترسناکەو بەو دۆزەخە ئاشنا دەبێت، کە خۆی بۆ خۆی دروستیکردووە.[137]

بوزا لەئامۆژگارییەکانیدا، داوای گرتنەبەری ئەو ڕێگایەی کردووە، کە خۆی پیایدا ڕۆیشتوەو تیایدا حەقیقەتی بۆ دەرکەوتوە، تا ئەوانیش ئەو حەقیقەتەیان بۆ دەر بکەوێت و بزانن حەقیقەت هەر لەناو خۆیاندایەو هەر خۆیشیان دەتوانن لێکیبدەنەوە. بوزا، لەتەواوی ژیانیدا، نە بۆ خۆی، نەبۆ فەلسەفە، باسی بوونی خودای نەکردووەو خۆی پێوە خەریکنەکردووە.

ڕۆژێک یەکێک لەڕاهیبەکانی لێی دەپرسێت: ئایا ئەم گەردوونە کاتییە، یان هەمیشەییە؟

بوزا پێیدەڵێت:

من هیچ کاتێک بە کەسم نەوتووە وەرنەلام تا فێری نادیارو تەمەنی گەردوون و شتی خەیاڵیتان بۆ بکەم، نەخێر ئەی قوتابییەکانم، وەکو خەڵکی بیر مەکەنەوە، وەک من بیر بکەنەوە، ئێوە بە هۆی ئازارێکەوە دەناڵن، کە نازانن چییەو من سەرچاوەی ئازارو شێوەی کوشتنی ئازارو هۆکاری کوشتنی ئازارتان فێردەکەم، دوای هەندێک پرسیار مەکەون، کە ڕاستییەکانی تێدا دیار نەبێت!!. ڤیدا دەیەوێت پێمانبڵێ کە براهما(خوا) خەڵک و خێڵ و گەردوونی دروستکردوە، دەبێت ئێمەش بیپەرستین و قوربانی بۆ بدەین، نەخێر وا نییە، یاسای ژیان وا نالێت. چونکە دابەشبوونی چاکەو خراپە، زۆری و کەمی، و، و، هتد، بەسەر مرۆڤدا، لەلایەن هیچ کەسێکەوە دابەشنابێت و چاک هەر چاکەو خراپیش هەر خراپ. براهما (خوا) هیچ شتێکی دروست نەکردووەو ئەم جیهانە هەر

[137] فلسفة اليوغا / راماشاراكا / ترجمة: رشاد كاظم سعيد ص(15)

بووەو هەتا سەر هەیەو تەواو نابێت، هەر شتێکیش تەواو نەبێت، سەرەتای نییە.[138]

بوزا بڕوای بە خوا نەبوەو گاڵتەشی بەوانە هاتووە، کە باس لەبوونی خودا دەکەن، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان پێنییە.[139]

بوزا پێیوایە: ئەو کەسانەی باس لەخوا دەکەن، باس لەشێک دەکەن نەیانبینیوەو نایبینن. وەک عاشقێکوان، خۆشەویستەکەیان نەدیبێ و نەناسیبێت، وەک کەسێکوان، بە سەر پەیژەدا سەر دەکەون و خۆیشیان نازانن بۆ کوێ دەچن و لەکوێ کۆتایی پێدێت. وەک کەسێکوان بێئەوەی مەلە بزانن لەناو دەریای قوڵدا پەلە قاژەیانەو لەترسی خنکاندن هاوار لەکەنارەکەی دەکەن تا بێت بە هانایانەوە.[140]

ڕەتکردنەوەی خوا لای بوزا، وایکرد کەمینەی بوزی، بە تایبەت دوای مردنی بوزا، بەرەو ئایینی هیندۆسی و خوای هیندۆسیدا بچن. زۆرینەی بوزییەکانیش، هەمیشە لەبیری ئەوەدا بوون، بۆ چی بوزا بڕوای بە خودا نەبوە! بۆیە ئەم بۆچونانەی بوزاوای لەهەندێکیان کرد، کە بوزا خۆی بە خوا بزانن، ئینجا چەند پەیکەرێکیان دروستکردو ناویان نا(بوزا) و کڕنوشیان بۆ برد.[141] بارودۆخی ئەو کاتەی هیندیش پەرستنی پەیکەرێک یان کەسێک زۆر بە باشترو لەبارترو گونجاوتر دادەنرا وەک لەوەی پێیبڵێیت خوا نییە، بۆیە تا ئێستاش لەزۆربەی پەرستگاکانی هیندیدا پەیکەری زۆرو جۆراو جۆر دەبینرێن.

لە گەڵ ئەم پێداگرتنەی بوزا لەسەر نەبونی خواو لەبەر نەبونی نوسراوێکی سەرتاسەری لەو دەمەدا. ئاڵوگۆڕ بە سەر یاساو شەریعەت و چیرۆکەکانیدا هات و بۆچونەکانی بوزا بوون بە ئایین. نەک هەر ئەوەیش

---

[138] فلسفة اليوغا / راماشاراكا / ترجمة: رشاد كاظم سعيد ص(26)

[139] تأريخ الاسلام في الهند /د.عبدالمنعم النمر ص(17)

[140] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (19)

[141] غوستاف ليبون. ص(102)



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بەڵکو چەند مەزهەبێکیشی لێدروستبوو، کە ئێستا لێیان دەدوێین.

**مەزهەبەکانی بوزی**

ئەوەی لەمەوپێش باسمان لێوەکرد، وێنەیەکی گشتی بوو، بۆمان دەرکەوت، کە بوزا لەجیاتی ئایین، یاسایەکی نوێی ڕەوشت و ڕێچکەیەکی نوێی پەروەردەیی بۆ ئەو کاتە هێناوە. بەڵام ئەم یاساو ڕێچکەیە تەنیا تا مردنی بوزا لەسەر نەزمی خۆی بەردەوام بوو، هەر بە چەند ساڵێک پاش مردنی بوزا، گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی نوسراوەکان و تەفسیر کردنی جۆراوجۆر، کەوتە فەلسەفەکەوەو هەندێک مەسەلەی خودایی هاتە ئاراوەو بەو توێژینەوانەش بانگەوازەکەی بوزا بوو بە ئایین و پێگەکانی خوا وەک توێژەرەوەیەکی ژیارییوردەوردە سەریان هەڵدا. بوزای کۆن و بوزای نوێ پەیدابوو، بوزای کۆن، بوو بە ئایین و خۆپاککردنەووپەروەردەکردن و خۆناسین و ڕۆح رزگار کردن، بوزای نوێش بوو بە فکرو فەلسەفە.

ئەم گۆڕانکارییە بە پێی ناوچەو ژینگەو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کۆمەڵگاو جوگرافیای، لێکدانەوەی جۆربەجۆری دروستکردو هەر کۆمەڵێک بۆخۆی مەزهەبێکی نوێی دارشتن. پاش دارشتنەوەی نوسراوەکانی بوزا، هەموو بۆچونەکان لەیەکنزیک بونەوەو لەسەریەک نوسراو ڕێککەوتن کەلە سێ بەش پێکهاتبوو. شەریعەتەکان، عەقیدەکان، چیرۆکەکان، بەڵام لەبواری تێڕوانین بۆ خوا بوون بە (سێ) بەشەوەو هەربەشە بۆ خۆی دەیڕوانیە بوزاو خواو بە پێی تێپەڕبوونی چەند قۆناغێک هەریەک لەوانە بوونە مەزهەب.

**مەزهەبی یەکەم، (یەکەی بوون)ی کۆن**

ئەم مەزهەبە پێیوایە: ئەم گەردوونە، لەڕۆح پێکهاتووەو ڕۆح تێیدا بزوێنەرێکی سەرەکییەو لەبنەڕەتدا لەیەک هەگبەدا بووە. پاشان کەم کەم،



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

رۆح لەو هەگبەیەدا هاتۆتە دەرەوەو چۆتە ناو یەکە یەکەی سروشت بونەوەرەوە بە تایبەت ئەو بونەوەرانەی کە زیندوون وەک مرۆڤ، ئاژەڵا، پەلەوەر، ماسی و جۆرە ئاویەکانی دیکەو ڕ وەک پاش تیاچونی لەش رۆحەکە دەگەڕێتەوە ناو هەگبە. کەواتە، ڕۆحی هەموو پاش یەکگرتنەوە دەبنەوە خوا. بوزاش وەک سیفەتێک هاتۆتە بوون. نەک وەک ئەوەی نێردرابێت. بەڵکو وەک ئەوەی سیفەتی پەیامبەری هەیە بێ ئەوەی باس لەپەیامبەریتیخۆی بکات، بە کاری خۆی هەڵساوە.[142]

**مەزهەبی دووهەم ((یەکەی بوون)) ی نوێ**

ئەم مەزهەبەش هەمان بۆچونی مەزهەبی یەکەمیان هەیە، بەڵام بوزا بە پەیامبەر نازانن بەڵکو بە کەسێکی لێهاتووی دەزانن و بەشێکی زۆر سیفەتەکانی یەکەیبوونی هەڵگرتووە بۆتەیەکە (بەسیفەتە مادییەکەی، توخمێکە) لەبۆتەکانی خوا.[143]

**مەزهەبی سێهەم، خودایی بوزا**

ئەم مەزهەبە پێیوایە، هەموو چەند ساڵ جارێک، خوا دەچێتە شێوەیەک لەشێوەکانی مرۆڤ و تیایدا دەتوێتەوەو وەک مرۆڤێک دەردەکەوێت. بوزا یەکێکە لەو مرۆڤانەی کە خوا لەناویدا تواوەتەوەو دەرکەوتووە، کەواتە بوزا خوایە.[144]

ئەم (سێ)مەزهەبە. بێجگە لەدابەشبوونی خۆیان چەند چالاکییەکی دیکەیان ئەنجام دا لەوانە: ئەو درەختەی کە بوزا بۆ دواجار لەژێریدا دانیشت و لەسێبەریدا گەیشتە حەق، پیرۆزیان کردو ناویاننا درەختی

---

[142] دروس في تأريخ الفلسفة ص(71)

[143] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (92)

[144] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (99)

زانست، یا درەختی پیرۆز. ئەوەندەیان لەسەروت و نوسی، بووە پەرستگایەک و بەعەقیدەی خۆیان دەبێت بەلایەنی کەمەوە ئەوەی توانای هەبێت ساڵی یەک جار سەردانی بکات. هەر لەبەرئەوەش چواردەوری درەختەکەیان تەلبەند کرد تا حاجییەکان دەستی پیس و بۆگەناوییان نەگاتە درەختەکەو خۆیانی تێهەڵنەسوون، ناوی دارستانەکەش لەبەر پیرۆزی جێپێکانی بوزا لەناوی ((ئۆرڤالا))وە گۆڕدرا بۆ ((داگیا)).[145]

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو بارودۆخەی ناوچەی هیندی تێدا بوو، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کەسێتی هیندی تێدا دەژیا گۆڕانی کتوپڕی ڕوداوەکان کارێکی ئاسایی بوو. بە هاتنی ئاریەکان 3000 ساڵ پێش زایین، لەگەڵ خۆیاندا چەندەها خواو پەیکەرو دابونەریت و ئایین و پەرستگایان هێنا بوو. وەک کاری هەمیشەیی هەموو گەلێکی چەوساوە، سات لەدوای سات. هەمیشە چاوەڕێی فریاد ڕەسێکی نوێیان دەکرد، تا لەو بارودۆخە ناهەموارە کۆمەلایەتی و ئابورییە رزگاریان بکات و بیرێکی نوێ و بەهایەکی نوێیان پێ ببەخشێت بۆیە داهێنان و دروستکردنی ئایین و مەزهەب، کارێکی گران نەبوو. هەر ئەم هۆیەشوایکرد خەڵکی مل بۆ ئەو بۆچونانە کەچبکەن. ئەگەر کەمێک بۆ دواوە بگەڕێینەوەو بچینە سەدەکانی پێش زایین، دەبینین کۆتاییەکانی سەدەی پێنجی پ. ز لەگەڵ خۆیدا کۆتایی بە دوو کەسی ناوداری جیهانی هێنا، یەکەمیان بوزا بوو، دووەمیان سوکرات، ئەم دووانە هەر یەک لەلایەن خۆیەوە بەو شێوەیەی دەیویست، بە گژ هەموو ئەو بۆچونە کۆنانەی سەردەمی خۆیان ببنەوە. بوزا باسمان لێوە کردو باسی لێوە دەکەین، سوکرات دوو کاری گەورەی‌ئەنجامدا:

**یەکەم**: هەموو بۆچونێکی چینایەتی هەڵوەشاندەوەو پلەی مرۆڤی بە هەموو ڕەگەزێکەوە لەیەک ئاستا دانا.

**دووهەم**: کتێبی پیرۆزی هیندۆسی (ڤیدا)ی ڕەتکردەوەو بە بەرهەمی خوای نەزانی. بوزا هیچی لەسوکرات کەمتر نەبوو نەبڕوای بە چین و توێژەکانی

[145] محمد عبدالسلام الرامبوري ص (81)



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

کۆمەڵگا هەبوو، نە بڕوای بە ڤیداو خوای ڤیداش هەبوو.[146] بەڵام بوزاو سوکرات دوو شێوە ژیانی جیاوازیان هەبوو، سوکرات چەندەها گیروگرفتی تووش بوو. دەسگیر کراو ئەشکەنجە دراو دادگایی کراو لەسێدارە دراو سەرکەوتنی نەدی. بەڵام بوزا لەخۆشیدا لەدایکبوو لەئارامییدا ژیاو بە چاوی خۆی سەرکەوتنی بینی و لەبەرزی و پیرۆزی و بێدەنگیدا مرد. تێڕوانینی خودی بوزا بۆ یەکسانی مرۆڤ و بەرزبونەوەی چینەکانی خوارەوە بۆ ئاستی یەکسانی، فاکتەرێکی زۆر گرنگ بوو، تا لەڕێیەوە بانگەوازەکەی سەربکەوێت. لەناوبردنی چەمکی چینایەتی کۆمەڵگاو نەمانی نایەکسانی تاکەکانی کۆمەڵا، هیوای نەک هەر کۆمەڵگای هیندی بەڵکووهیوای سەرجەم مرۆڤایەتی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا زاناکان زۆر بە جوانیوێنەی کەسێتی بوزایان کێشاوە بە کەسێکی خۆڕاگرو سروشت قورس و ژیانپاک و سنگفراوان و داناو خۆشەویست و بەبەزەیی و ڕاستگۆ داویانە لەقەڵەم و دووژمنی توندڕەوی و داپڵۆسین و دنیا پەرستی و دەسەڵات و ڕق بووەو سەر سەخترین دوژمنیش لای بوزا ئەو کەسانەن لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتدا قسە بکەن و کار بکەن.[147]

دەگێڕنەوە جارێکیان ڕاهیبێکی خۆی پێیدەڵێت:

گەورەم، من کەسێکی گەورەو دڵپاک و ڕاستگۆ و لەخۆبردوو و ئازاو، و.وی وەک تۆم هەرگیز نەدیوەو نەبیستوەو بڕواش ناکەم هەبوبێت یا پەیدا بێت.

بوزا دەڵێت: ئایا تۆ پیاو چاکانی پێش منت دیوەو ناسیوە ؟

– نەخێر گەورەم.

– چەند هەزار ساڵی دیکەیش دەژین تا دڵنیا بیت لەوەی یەکێکی دیکەی وەک من نابینیت و ناناسیت ؟

– نازانم گەورەم.

---

[146] قصة بوذا / عبدالعزيز احمد الذكي ص(32)

[147] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (25)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

– ئایا بەڕاستی تۆ منت ناسیوەو هەموو شتێک دەربارەی من دەزانیت ؟
– نەخێر گەورەم.
– کەواتە نەمن گەورەی تۆم و نەتۆیش ڕاستتکرد.[148]

## فەلسەفەی بوزا

فەلسەفەی بوزا، زیاتر بەلای رەوشت و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا ڕۆیشتووەو بڕێکی زۆر لەمیتافیزیک دوورکەوتۆتەوە، تا ڕادەیەکی زۆریش عەقیدەی بوزا، وەک بوزا خۆی نەک بوزییەکان بە ئاڵۆزی ماوەتەوە.

بوزا، ئەوەندەی پێیکرابێت گرنگی بە بابەتە میتافیزیکییەکان نەداوە. چونکە پێیوابووە ((بانگەشەکردن و تێگەیشتن بۆ ڕێگای ڕاستی ژیان، زۆر زۆر لەمیتافیزیک گرنگترە)).[149]

لە یەکێک لەچیرۆکەکانی، مەبەستەکەی لەم چەمکەدا کۆدەکاتەوە ((ئەگەر بڕێک گەڵا لە(مشت)دا بێت، ئاشکرایە کە ڕێژەی گەڵاکان زۆر لەرێژەی درەختی دارستانێک کەمترە)).[150]

لێرەوە دەردەکەوێت، کە ئەوەی بوزا سەبارەت بە میتافیزیک دەیزانێت، بە پێوانەی گەڵای درەختەکانی دارستانەو ئەوەی دەیڵێت و باسیدەکات مشتی دەستێکە. بێگومان ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە بوزا زانیاری میتافیزیکی بە گرنگ و پێویست و سوودبەخش نەدەزانی.

[148] الله في المسيحية / تأليف:د كاظم يعقوبي ص(66)
[149] دروس في تأريخ الفلسفة ص (147)
[150] الله في المسيحية ص (77)



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

لەچیرۆکێکی دیکەدا چەمکێکی ترمان دەستدەکەوێت، کە ((ئەگەر کەسێک بە تیرێکی ژەهراوی بریندار ببێت، لەجیاتی ئەوەی چارەسەری برینەکەی بکات، دەچێت پرسیاری دوژمنەکەی دەکات، کە کێ بووەو لەچ خێڵ و لەچ تیرەیەک بووەو باوک و دایکی کێن. لێرەدا پێش ئەوەی بگاتە لای پزیشک، برینەکەی دەیکوژێت)).[151]

لەمەوە دەردەکەوێت، کە میتافیزیکییەکان، بۆ دەربازبوون لەبەدبەختی ژیانیان بیر لەهیچ جۆرە چارەسەرێک ناکەنەوەو هەمیشە بە دوای کەسێک و شوێنێک و شتێکدا دەگەڕێن، کە هەتا ژیان هەبێت نایگەنآ. بۆیە کەسی بەدبەخت بیەوێت ڕزگاری بێت، ئەوە نییە پرسیاری بێسوود لەجەوهەری ژیان و بنەماکانی ژیان بکات. بەڵکو گرتنەبەری ڕێگای ڕاستە، کە ئەویش چارەسەرکردنی بەدبەختییەکەیە. بەم جۆرە بابەتە میتافیزیکییەکانی بوزی تا ڕادەیەک بە ئالۆزی دەمێننەوە. لەم دواییانەدا بڕێکی زۆر لەشارەزایان و تایبەتمەندان، بە تایبەت ((ڕۆزن بۆرگ))کە زانایەکی سۆڤیەتی کۆنەو پسپۆڕە لەفەلسەفەی بوزیدا، ڕۆشنایی زۆر دەخاتە سەر فەلسەفەی بوزی و پێیوایە، کە بوزا زۆر بە ئاشکرا باس لەمیتافیزیک دەکات، نەک وەک ئەوەی دروستکرابێت، بەڵکو وەک ئەوەی کە دروستدەکرێت و هۆکاری دروستکردنیش بە ڕێژەی یەکەم بیرکردنەوەیە، بەڕێژەی دووەمیش (دارمایە)یە.[152] دەنا بوزا دان بە یەکێتیی ڕۆحی مرۆڤەکاندا نانێت، پێشیوانییە، کە(نەمر) بن، هەروەها پێیوانییە، کە ڕۆح بنەمای دەرونیی ژیانی مرۆڤ بێت. ئەوەی کە بنەمای ژیانی دەروونیی مرۆڤە، شتێکە پێیدەڵێن(دارما). بەواتای هەڵگری تایبەتمەندییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ.(مرۆڤ خاوەنی چەند (دارما)یەکە (توخم، ڕێسا، پێکهاتە، بۆتە) بە بڕوای ئاینزادەکانی بوزیی، هەموو مرۆڤێک لە75 وە بۆ 84 تا 100 دارمای هەیە. لەناو ئەم دارمانەشدا هەستی توانای

---

[151] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (78)

[152] دروس في تأريخ الفلسفة ص (99)

پەیپێبردن بە لایەنە مادییەکان هەیە، بینین، بیستن، بۆن، تام، لەمس، هەروەها هەستیوێنەکردنی ڕوت (ڕوونبینی)هەیە. هەندێک دارماش هەن کە نایەنە سەر شانۆی ژیان، بەڵکو هەوڵی متبوونی ئارەزووەکان دەدەن، ئەم دارمانە کە کەسایەتی مرۆڤ پێکدەهێننولەکاتی سەرەمەرگدا هەڵدەوەشێن. هەر لەڕێی ئەم دارمانەوە کە بە هۆی چالاکیی مرۆڤەکە خۆیەوە لەژیاندا دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکان دروستبوون. جارێکیدیکە بە جۆرە شێوازێکی دیکە یەکدەگرنەوە. بەڵام بە پێکهاتەیەکی دیکەو چالاکیەکی ترەوە بۆ ئەوەی سەرەتایەکی دیکە بۆ کەسایەتیەکی دیکە دروستبکات، بەم پێیە، ڕەوتی بەردەوامبوون و کۆتانەهاتنی دارماکان بەردەوام دەبن. ئەم ڕەوتە سەختە داخراوەی (بوون)(وجود) تەنها لەڕێگەی پەیڕەوکردنی ئامۆژگارییەکانی بوزاوە مرۆڤ دەتوانێت لێیان ڕزگار ببێت. بیرۆکەی(سوڕی)یان خولانەوەی(دارما) کان لەوەختێکی زۆر خێرادا ئامادەیی میتافیزیکی پێدرا).[153] واتە ئەم تێڕوانینە هەر زۆر زوو لەمیتافیزیکیی بوزیدا جێگیربوو. بۆیە، (لە دوانزە ئامۆژگارییەکەی (نیدانا)دا، کە پوختەی ئاینەکەی دەگرێتەوە زۆر، بە ڕوونی زنجیرە بە زنجیرە، بەش بەش، یەک لەدوای یەک و زۆر بەوردی داڕێژراو باسیلێوەکرا، کە بە نەزانین (الجهل) دەستیپێکردووەو بە پیری و مەرگ کۆتایی پێهاتووە. بێگومان چەندین توخمی دیالەکتیکیشی تێدایەو ئەنگلس بە خۆڕایی نەیوتووە کە بیری دیالەکتیکی سەرەتا، لەبوزی و یۆنانییەکانەوە سەریهەڵداوە).[154] هەرچەندە ئامۆژگارییەکانی بوزا بە ئایینی هەڵگەڕاوە یا بەئایینی کوفرو بێبڕوایی ناوزەد دەکرێت. بەڵام ئەمە تەواو ڕاست نییە، چونکە لای بوزا ئەگەر خوا هەبێت، ئەوا ناتوانێت هیچ هاوکارییەک پێشکەش بە مرۆڤ بکات، بەڵکو مرۆڤ تەنها خۆی و لەڕێی تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە دەتوانێت خۆی دەرباز بکات دیارە ئەم

[153] فلسفة الهند القديمة ص (91)

[154] دروس في تأريخ الفلسفة ص (60)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئامۆژگاریانە هەر لەسەرەتادا بانگەشە بۆ ئیرادەی ئازادو چالاکی سەربەخۆیی ناو مرۆڤەکان دەکات.

## لە فەلسەفەکانی بوزا

### یەکەم
### ڕێسای سروشت

ڕێسای سروشت بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە. هەر(ئەو)ە نایەڵێت نارەحەتی و ناخۆشی و ئازارەکانی ژیانی دۆزەخ و خۆشی و دڵشادیەکانی ژیانی بەهەشت هەتا سەر بەردەوام بێت. هەرچەندە درێژە بکێشێت هەر دەبێت کۆتاییان پێبێت، چونکە پەیوەندیەکی توندو تۆڵی لەگەڵ ڕێسای سروشتدا هەیەو لەژێر کاریگەریی یاساکانیدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.[155]

چۆن و کەی؟؟! ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، پێویستە هەموو جوڵێنەرێکی خراپ بوەستێنین. هەموو ئیرادەکان کۆبکەینەوەو ڕێکیانخەین.. هەموو لاوازییەک پشتگوێخەین و بەسەر یەکە یەکەی

[155] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (40)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org



لاوازیدا سەرکەوین. ئەمەش بەوە نا چاومان لەئاست سەرجەم ئازارەکانی مرۆڤ بنوقێنین، کە پێیانوایە خوا بۆ ئەوەی دروستکردون و شایستەی ئەو نارەحەتییەن، بەڵکو دەبێت هاوکاری و هاوپشتی ئازارەکانیان بین، ئەوەی پێپڕازی نەبوو ئەوا ڕێسای سروشت بە توندترین شێوە سزای دەدات، چونکە ئەو کاتە، مرۆڤ بڕوای‌وایە، خوا بە بەزەیی خۆی ڕزگاری دەکات نەک ئازارەکانی خۆی. هەر کەسێکیش بڕوای بە ڕێسای سروشت هەبوو، لەوە دڵنیا دەبێت، کە تەنها ئاکارەکانی خۆی ڕزگاریان دەکات و ڕێسای سروشت پاداشتی ئەو ئاکارەی دەداتەوە. دەبێت سەرجەم بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیش ئەوە چاک بزانێت، کە ڕێسای سروشت شتێک نییە پیرۆز بێت. بەڵکو یاسایەکە هەروا بووەو هەرواش دەبێت. هەموو شتێکی پیرۆز کراویش لەبەردەم سۆزی دروستکراوی ناو مرۆڤدا بێ قوربانیدان ناوەستێت و هەموو کاتێک ئامادەیە گەورەترین قوربانی‌وەربگرێت، تا بسەلمێنرێت پیرۆزمەنترین پێگەیە. ڕێسا، سەربەخۆیەو لەژێر کاریگەری هیچ دەسەڵاتێکدا نییەو هیچ دەسەڵاتێکی دیکەیش ناتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت. لە بچوکترین بونەوەرەوە تا گەورەیی گەردوون، بە یاسای لەبننەهاتووی نەگۆڕی ئەم سروشتەوە دەچێت بەڕێوەو لەکاتی نەمانی ئەو یاسایەدا هەموو شتێک تێکدەچێت و ئێمەی مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکەش لەناو دەچین.[156]

**دووهەم**

**دۆناودۆن**

مرۆڤ پێکهاتەیەکە، هێزێکی ناوەکی هەستپێنەکراو دەیبزوێنێت. ئەم هێزە شاراوەیە، ژیان بەخشەو پێیدەوترێت(دارما) (ڕۆح). مرۆڤ بێ دارما

---

[156] فلسفة الهند القديمة ص (101)

www.xwdakan.com net org



ناژی، نەک هەر مرۆڤ بەڵکو هەموو زیندەوەرێک دارمای تێدایە. ئەگەر باشتر روونی بکەینەوە، هەر بونەوەرێک لەخۆڵ و هەواو ئاو و ئاگر پێکهاتبوو، ئەوا دارمای تیادایە. ئەم دارمایە، خاوەنی هێزێکی لەبننەهاتووە، هەست بە خۆشی و ناڕەحەتی دەکات. ئەو هۆکارانەش کە دەبنە مایەی خۆشی و ناڕەحەتی، هەستیارەکانی لەشە، لەمسکردن، بینین، بیستن بۆنکردن، تامکردن، ئەم هەستیارانەش بە هۆی لەشەوە دەبزوێن و داواکارییان هەیە، مێشک، بەهۆی ئەم پێنج هەستیارانەوە پەیوەندی بە دەرەوەی لەشی خۆی دەکات و ئارەزووەکانی جێبەجێدەکات، هەتا چەند ئارەزوەکانی بهێنێتەدی، ئەوا دارما ناڕەحتتر دەبێت. هەتا چەند ئارەزووەکانی خەفە بکرێن و جێبەجێ نەکرێن، ئەوا دارما لەخۆشیدا دەبێت و بەرەو ڕزگار بوون دەچێت. دارمای هەموو لەشێک، کە ئێستا لەژیاندایە، کاتی خۆی لەلەشێکی دیکەدا بووەو ئەو لەشە مردووەو ئێستا لەلەشێکی دیکەدا لەدایکبۆتەوە. خۆشی و ناڕەحەتیی ژیانی ماددی ئێستای پەیوەندی بە چاکەو خراپەی ژیانی پێشوترەوە هەیە. ئەگەر کاتی خۆی ژیانێکی ناڕەحەت و ناخۆشی هەبوبێت و ئارەزووەکانی جێبەجێنەکردبێت، ئەوا لەم ژیانەیدا تەمەنێکی خۆش و ئاسایی، دوور لەناڕەحەتی دەبێت. بەڵام ئەگەر لەژیانی پێشویدا تەمەنێکی پڕ لەخراپەکاری و ڕقوکینەی هەبوبێت و بێجگە لەدرۆکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، هیچ سودێکی بۆ بونەوەر نەبوبێت، هەمیشە شوێنکەوتوی ئارەزووەکانی بوبێت، ئەوا لەم ژیانەیدا تەمەنێکی ناخۆش و نا ئاسایی و پڕ لەناڕەحەتی دەبێت. هەتا چەند لەش چاک و باش بێت، لەتەمەنی ئاییندەیدا ژیانی چاک و باشتر دەبێت هەتا چەند لەش خراپەکار بێت، لەژیانی ئاییندەیدا خراپتر دەبێت. ئەگەر ئەم ژیانەت ناڕەحەتە، چاکە زۆر بکە تا لەژیانی ئاییندەدا ژیانێکی خۆشترت هەبێت. هەتا چاکە کردنت زیاتر بێت ژیانت خۆشتر دەبێت، لەم ژیانەی ئێستادا ئارەزووت بچێتە هەر شتێک و ئارامت گرت و نەتچێشت، ئەوە لەژیانی ئاییندەدا دەیچێژیت. بەڵام ئەگەر لەم ژیانەتدا

خراپەتکردو خراپەکارییەکانت لەچاکە کردنت زۆرتر بوون، ئەوا لەژیانی ئاییندەدا ژیانێکی نارەحەتت دەبێت. تا چەند خراپتر بیت، ژیانی ئاییندەت خراپتر دەبێت.

ئەم پاداشتە، دارما دەیبەخشێتە لاشە نەک هێزێکی دیکە. تەنها یارمەتیەکیش ئەگەر لەلایەن دارماوە هەبێت دەرخستنەوەی ئەو هۆکارانەیە، کە بە هۆی دابونەریتەکانەوە توشی تاکە کەس ئەبن. بە کردنیان یاخود نەکردنیان ئازاریویژدان دەدەن، چونکە زۆرینەی دابونەریت و ئاکاری مرۆڤ و کۆمەڵگا، جگە لەزنجیرەیەک خەیاڵ و سۆز و ئارەزوو، هیچی دیکە نییەو لەگەڵ مردنی لەشدا ئەو خەیال و سۆزە ماوەییانەش دەمرن و جارێکی دیکە لەدایکنابنەوە. بزوێنەری ژیان ((دارما- رۆح)) هەرگیز نامرێت و هەر دەمێنێت. بە مردنی لاشە، دارما جیادەبێتەوەو کەم تا زۆر لەبۆشایی گەردووندا دەمێنێتەوە تا هەلێکی دیکەی بۆ دەڕەخسێت و لەکاتی لەدایکبوونی زیندەوەرێکدا، لەگەڵ یەکەم هەناسە هەڵمژینیدا، دەچێتە ناو لەشیەوەو هەر ئەو چونە ناو لەشەیە کە زیندەوەر فێری هەناسەدان دەکات. لە کاتی لەدایکبونەوەیدا هەموو ئەو کارەسات و ئارەزوانەی پێشتر هەیبوە، لەبیری دەچێتەوەو بەردەوام دەژی هەتا دەمرێت. کە مرد، جارێکی دیکە دەچێتەوە ناو لەشێکی دیکەو بەم شێوەیە بەوێنەی خولانەوە بە دەوری بازنەدا، لەم لەشەوە دەچێتە ناو لەشێکی دیکەو کۆتایی نییە.[157]

## بەهەشت و دۆزەخ لە بۆچوونی بوزیدا

بە هۆی تێگەیشتنمان لەپێگەی دۆناودۆنەوە (التناسخ) بۆمان دەردەکەوێت، کە بەهەشت و دۆزەخ لەلای بوزا لەسەر زەوییە. ئەگەر هاتوو ژیانی تاکەکەس خۆش بوو، ئەوە لەبەهەشتایە. ئەگەر ناخۆش بوو،

[157] قصة بوذا / عبدالعزيز احمد الذكي ص(78)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

ئەوا لەدۆزەخدایەو بەردەوام دەمرێت و لەدایکدەبێتەوە. لەگەڵ هەموو لەدایکبونەوەیەکدا بەهەشت و دۆزەخی پێدەبەخشرێت.

بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەش بوزا چەند پرسیارێک دەکات

1- منداڵ، لەیەکەم ڕۆژی تەمەنیدا هەتا دەگاتە شەش ساڵان بەلایەنی کەمەوە لەهیچ شتێک تێناگات و هیچ شتێک نازانێت و هیچ جۆرە ئارەزوویەکی نییەو توانای هیچ خراپەیەکی نییە، کەچی لێی دەدرێت و ئازار دەدرێت، دەکەوێت و ئازارێکی زۆری پێدەگات، دەسوتێت و ئازارێکی زۆری پێدەگات، ئاوی کوڵاو بە لەشیدا دەڕژێت و نەخۆش دەکەوێت.. هتد. ئەگەر خوای هیندۆسی هەیەو بە بەزەییە، بۆچی منداڵێکیوا ساویلکە چ گوناهێکی کردووە تا توشی ئەو ناڕەحەتی و ئازارانەی دەکات ؟؟! ئەگەر خوای هیندۆسی هەیە بۆ دەهێڵێت منداڵێکی ئاوا پاکوپوخت، کە مانای هیچ جۆرە خراپەکاریەک نازانێت، توشی ئەو ئازارانە ببێت ؟؟!ئەگەر خوای هیندۆسی، دۆزەخی داگیرساندووە، بۆچی هەر لەمنداڵییەوە توشی ئەو دۆزەخەی دەکات؟؟!.

2- زۆر جار منداڵێک لەدایکدەبێت، بەکەمئەندامی لەدایکدەبێت، یا شوێنێکی پەڵەیەکی ناشرینی پێوەیەو ئەو منداڵە هەتا دوا ساتەکانی تەمەنی بە ئازاری ئەو ناشرینیەی خۆیەوە دەتلێتەوە، ئایا ئەمە بەڵگە نییە بۆ ئەوەی لەژیانی پێشویدا کەسێکی خراپ بووەو ئێستا سزاکەی دەچێژێت ؟؟! ئەگەروا نییە، گوناهی منداڵێکی بەسەزمان چییە، تاخوای هیندۆسیوای لێدەکات.[158]

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەشی نوسراوە پیرۆزەکانی بوزی بەشی چیرۆکەکان، یەکێکە لەبەشە سەرەکییەکانی کتێبی پیرۆز و ئانەندای نزیکترین هاوڕێ و خۆشەویستی بوزا، زۆرینەی چیرۆکەکانی لەدەم بوزاوە گێڕاوەتەوە، زۆر لەو چیرۆکانە، باس لەدۆناودۆنی دارما (رۆح) دەکەن. ئەمەش یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە بوزا پێشتر لەگیانی باڵندەیەکدا

[158] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص(57)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بووە بە ناوی بودیستا:

- لە قولایی دارستانێکدا باڵندەیەک بە ناوی بودیستا دەژیاو دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەو باڵندانەی دیکەدا هەبووە، کە نزیک درەختە گەورە پڕ لق و پۆپەکەوە دەژیان. درەختەکە ئەوەندە گەورە بوو، چاو لەیەک شوێنەوە هەمووی نەدەبینی. بەیانییەک باڵندەکان ڕووبەڕوی‌وەرین و تەپوتۆزی لقەکانی درەختەکە بوونەوە، لقەکان دەجوڵان و خۆیان لەیەک دەخشاندو تەپ و تۆز وەک دوکەڵ بەرز بۆوە. بۆیە ترس و لەرز کەوتە گیانی هەموو باڵندەکان، بودیستا هەڵوێستەیەکی کردو بیری کردەوەو لەدڵی خۆیدا گوتی:

بێگومان ئەم لق و پۆپانەی ئێستا بەو شێوەیە خۆیان لەیەک دەخشێنن وا دەگەیەنێت، کە خراپە کارییەک لەئارادا هەیە ئەگەر ئەم خراپەکارییە ڕویدا، ئەوا گڕ بەردەبێتە گەڵاوەریوەکان و لەوەشەوە درەختە گەورەکەش دەسوتێت. جا ئەگەر ئێمە بمانەوێت بژین، پێویستە لێرە دوور بکەوینەوەو زۆر بە خێرایی بچینە شوێنێکی دیکە

بودیستا، بە جریواندن هەموو باڵندەکانی دیکەی تێگەیاند:

((درەخت کچی زەوییە

ئەو زەویەی کە ئێمەی ئاسمانی پەنای بۆ دەبەین

ئەم درەختە خەریکە دەست بە سووتان دەکات

ئەی باڵندەکان دوور بکەونەوە، دوور، لەئاسمانەکاندا

نیشتیمانی ئێمە ئەوێشە

ترسناکی ڕوی لێناوین، مردنیش، .))

زۆر لەباڵندەکان گوێیان بۆ دەنگی بودیسا شلکردبوو، بەحیکمەتیان زانی و بەگوێیان کردو لەگەڵیدا فڕین و دوور کەوتنەوە. بەڵام هەندێکیان گوێیان نەدایە ئەم پەندەو هیچ گرنگییەکیان پێنەدا. زۆر گێلانە لەشوێنی خۆیان مانەوەووتیان: بودیستا، هەمیشە تیمساح لەدلۆپە ئاوێکدا دەبینێت. زۆری نەبرد ئەو ناوە گڕی گرت، هەر بەو شێوەیەی بودیستا پێشبینی بۆ

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

کردبوو، ڕوویدا، درەختەکە سوتاو کڵپەو گڕو دوکەڵی بەرز بۆوە. چاوی ئەو باڵندانەی لەوآ مابونەوە، کوێر بوون، نەیانتوانی هەڵبێن و دەکەوتنەوە ناو ئاگرەکەوەودەسوتان. بۆدیستا لەدوورەوە ئەم دیمەنەی دەدی و زۆری پێناخۆش بوو. لەسوچێکدا هێلانەیەکی بەدیکرد، کە سێ بەچکەی بێباڵی تیا بوو، بڕیاریدا ڕزگاریانکات. هاوڕێیانی پێیان گوت: ئەگەر بچیت دەسوتێیت. وەلامی دانەوە: ئەو بەچکانە نەفامن و باڵیان نییە تا خۆیان ڕزگار بکەن. سوتانی من زۆر باشترە لەوەی بەچاوی خۆم سوتانیان ببینم. بۆدیستا بەچکەکانی ڕزگار کرد، بەلام نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات، سوتاو مرد. کاتێک لەدایکبووەوە، دەبینێت پاشای‌ولاتێکەو هەتا مردن خزمەتکرا.[159]

## سێهەم
## چۆنیەتی ڕزگار کردنی ڕۆح
## لە یاسای دۆناودۆن (التناسخ)

وەک زانیمان ژیان لەدایکبونەوەی بەردەوامە. بەلام ئەم ژیانە پڕە لەناخۆشی. ژیان ئەگەر پاشایەتیش بێت، بێ خەموخەفەت نابێت. هەمیشە ژیان کڵپەو ئاگرە، ئاگری دۆزەخە. ئەو هۆکارانەی‌وا لەمرۆڤ دەکەن ئەم لەدایکبوونەوەیە بەردەوام بێت شەش هەستیارەکەی مرۆڤە چاو، گوێ، لووت، دەم، دەست، دڵ[160] چاو دەبینێت و ئارەزووی مرۆڤ دەجولێنێ. گوێ، دەنگ و قسەی خۆش دەبیستێت و ئارەزوو دەبزوێنێت. لووت، بۆنی خۆشدەکات. دەم، تامی خۆشدەکات. دەست و شوێنەکانی دیکەی لەش، لەمسی شت و شوێنی دیکە دەکەن و ئارەزووی مرۆڤ دەبزوێنن. دڵ، سەرچاوەی زۆر لەحەز و ئارەزوەکانە، ئەم شەش هەستیارە، شەش

---

[159] هەمان سەرچاوەی پێشوو ص (122)

[160] لەلای بوزا (دڵ) هەستیارێکی دیکەیە.

کۆیلەی ملکەچکراوی ئیرادەی مرۆڤن. هەموو ئارەزووەکان لەڕێی ئەم شەش هەستیارەوە داوا دەکرێن و هەر لەڕێی ئەم شەش هەستیارەشەوە خەفە دەکرێن و لەناو دەبرێن. لێرەوە ئەگەر مرۆڤ توانی لەرێی ئەم هەستیارانەوە ئارەزووەکانی بکوژێت، ئەوا لەیاساو سزای دۆناودۆن (لەدایکبونەوەی بەردەوام) ڕزگاری دەبێت. ڕێگەی کوژاندنەوەی ئاگری ئەم ئارەزووانە، سەرەتاکەی پڕە لەئازارو ئێش و بیرکردنەوەو برسێتی و دابڕان لەهەموو کاریگەرە خۆشەکانی دەوروبەر، کۆتاییەکەشی پڕە لەخۆشی و ئاشتی و خۆشەویستی و گەیشتن بە هەموو هیواو ئامانجێک. ڕزگار بوون لەدنیای ماددی و ڕزگاربوونیش لەم دنیایە، ڕزگاربوونە لەدەست هەموو ئازارو حەژمەتێکی تەمەن، بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکەوە.

ئەمەش یاسای ژیان نییە. یاسای ژیان وا هاتووە کە مرۆڤ بە پێوانەی مرۆڤایەتی خۆی وەک ئاقڵترین بونەوەر، پێویستە پاک و چاکبێت و لەهەموو خراپەکارییەک بە دوور بێت. بەڵام ئەم خراپە نەکردن و چاکە کردنە لەدۆناودۆن ڕزگاری ناکات، ئەگەر کۆیلە بوو، بە چاکە کردن لەدوای مردنی لەناو کەسێکی دیکەدا لەدایکدەبێتەوە، کە کۆیلە نەبێت. بەڵکو کەسێکی دەوڵەمەند بێت. یاخود هەر کۆیلە بێت و خاوەنەکەی خۆشی بوێت، لەوانەیە هەر بە چاکە کردن بگاتە لەشی کەسێک، دوا پلەی خۆشی ژیان بچێژێت. بەڵام چاکە کردن هەرچەندە گەورەو باش بێت و بگاتە دواپلە، بەڵکو ئەگەر بێت و بگاتە دوا لوتکەی چاکە کردنیش، ئەوە لەدەست دۆناودۆن ڕزگاری نابێت. تەنها کارێک لەدۆناودۆن ڕزگاری بکات کوشتنی ئارەزووەکانی لەشە. ئەوەی چاو دەیەوێت بیبینێت، دەبێت خۆی لەئاستیدا کوێر بکات. ئەوەی گوێ دەیەوێت بیبیستێت، دەبێت لەئاستیدا خۆی کەڕکات، ئەوەی لووت دەیەوێت، ئەوەی دەم دەیەوێت و هەستی لەمس دەیەوێت، دەبێت لەئاستیاندا کوێرو کەڕو بێزمان بێت و بێهەست و بێحەز و بێکینەو بێترس بێت. تەنها بەم ڕێگایەش دەتوانرێت

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

خۆی لەدەست لەدایکبوونەوە یا دۆناودۆن ڕزگار بکات.

لەگەڵ ئەوەی کە رۆح پێویستییەکی زۆری بە کوشتنی ئارەزووەکانە دەشبێت ئەو لەشە خاوەنی مێشکێکی باش بێت. چاک بیر بکاتەوەو چاک بڕیار بدات، زیرەک و لێهاتوو بێت. تێبگات و گوتەی چاک بڵێت. چەند دەیەوێت لەڕێی هەستیارەکانیەوە لەدنیای مادده دوور بکەوێتەوە، دەبێت دە ئەوەندە هەوڵبدات لەنهێنییەکانی ئەم گەردوونە نزیک بێتەوەو ڕاستییەکانی بۆ دەربکەوێت. بیرکردنەوەی چاک، پێویستی بە لەشی چاک هەیەو لەشی چاکیش بیرکردنەوەی چاکی لێدەبێتەوەو تەنها دوانن، نەدەبن بە سێ و نەدەبن بە یەک.[161]

## چوارهەم
## نێرڤانا

ئەگەر ئەم بەشەی پێشوترمان بەوردی خوێندبێتەوە، دوو خاڵی زۆر گرنگمان بۆ دەردەکەوێت، یەکەمیان: بەچاکە کردن رۆح رزگاری نابێت و هەمیشە لەشگۆڕکێ دەکات. لەم لەشەوە دەچێتە ناو ئەو لەشی دیکە، دووهەم: لەڕێی کوشتن و لەکار خستنی داواکارییەکانی لەش، رۆح رزگاری دەبێت و لەدایکنابێتەوە. لێرەدا پرسیارێک دروستدەبێت.

- ئەگەر رۆح لەیاسای دۆناودۆن رزگاری ببێت و لەدایکنەبێتەوە. ئایا ڕۆح چی بەسەر دێت ؟؟!

-بۆوەڵامی ئەم پرسیارە بوزا دەڵێت رۆح دەچێتە ناو نێرڤانەوە.

بوزا لەبەشی نوسراوەکانی عەقیدەدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە(نێرڤانا،

[161] ئەم ئەزموونە بەوردی لە ژیانی (بوزا)دا باسکراوە.

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

شوێنێکە نەزەوی تێدایە نە ئاسمان، نە(با)ی تێدایە نەئاو، نەتاریکە نەڕوون، نەنزیکە نەدوور، ئەوەندە دوورەوادەزانیت هەر نییە، ئەوەندەش نزیکەوادەزانیت لەناو خۆتایە، باس ناکرێتووێنەی ناکێشرێت، نەچاو دەتوانێتوێنای بکات، نەگوآ دەتوانێت بیبیستێت. نەلوت دەتوانێت بۆنی کات، نە زمان دەتوانێت تامی کات، خۆشە، بێ دەنگە، بێ خۆرو مانگە، بێ ڕق و کینەیە، پڕە لەدەسەڵات، پڕە لەئارەزوو، پڕە لەوەی کە مرۆڤ دەیەوێت، خاڵییە لەوەی کەمرۆڤ نایەوێت. هەتا لێی دوورکەویتەوە، ئازیزترو خۆشەویستتر دەبێت، ، هەتا لێی نزیک ببیتەوە، دووردەکەویتەوەو پرشنگت بۆ هەڵدەدات. کە دەچیتە ناوی، ڕابردووت لەبیر دەچێتەوەو نازانی کێ بویت، هەر ئەوەندە دەزانی کە هەبوویت و هەیت و هەر ئەشبیت. هیچ شتێک وەک نیرڤانا نییە، تەنها ڕۆح دەیناسێت. چونکە لەوەوە هاتوەو بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە، بەپاکی لێی هاتۆتە دەرەوەو هەر بە پاکیش دەچێتەوە ناوی.[162]

تەنها نیرڤانا دەتوانێت پاداشتی ئەو کەسانە بداتەوە، کە ڕۆحی خۆیان لەدەست ئارەزووەکانیان ڕزگار دەکەن. نیرڤانا، شایستەی ئەو کەسانەیە کە خۆشترین ژیانی خۆیان دەخەنە ناخۆشترین حاڵەتەوەو هەموو حەزەکانی خۆیان خەفە دەکەن و چەند ساڵەی تەمەنیان دەکەنە قوربانی بۆ یەک ساتی نیرڤانا. هەر کەسێکیش پێیبگات هەتا هەتایە تێیدا دەژی.

دکتۆر جۆرج ریس لەکتێبی ((من لەودیو سروشتەوە)) دەڵێت: بۆی هەیە ئەو نیرڤانایەی کە بوزا باسی لێوە دەکات، فەنابوونی سۆفییەکان بێت، یاخود رۆحی پیرۆز ((الروح القدوس))ی مەسیح بێت.[163]

نیرڤانا، دوا پلەی بەهەشت و خوایەتی بوزایە. لە نیرڤانا بەرزترو پیرۆزتر نییە. ئەگەر هەبێت، بوزا باوەڕی پێناکات. چونکە وەک لەوەو پێش لەبەشی (خوا لەبۆچونی بوزیدا) باسمان لێوە کرد بوزا بڕوای بە

162 فلسفة اليوغا ص (140)

163 الله في المسيحية، د كاظم يعقوبي ص(63)

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

خوا نەبوەو گوتویەتی:

(ئەگەر شتێک لەسەرووی نیرڤاناوە هەبێت، دەبوایە بمبینیایە).[164] وە (هەر کەس بگاتە ئەم پلەیە، جارێکی دیکە لەدایکنابێتەوەو ژیانی هەتا هەتایی دەباتە سەر).[165]

ئەگەر بەوردی ژیانی بوزا بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زیاتر لەحەوت ساڵ خەڵوەتی کێشاوە. ئەو حەوت ساڵە بە ڕێژەی یەک مرۆڤی ئاسایی نان و ئاوی نەخواردووە. ئەوەی مەرج بوبێت لەچەمکی ئایینە کۆنەکاندا ئەم بە زیادیشەوە جێبەجێی کردوە، لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا دەیان جار لەگەل هاوڕێکانیدا توشی چەند ڕوداوێکی فکری و فەلسەفی و جەستەیی بوون، لەسەرەتادا پێیانوابوو، کە نیرڤانا، قۆناغێکە لەقۆناغەکان و دەبێت ببڕدرێت، تا قۆناغی لەنیرڤانا گەورەتر دەرکەوێت، هاوڕێکانی ئەمەیان بەچاک نەدەزانی، پێیانوابوو: گەیشتن بە پلەی لەو شێوەیە لەتوانای زۆر کەسدا نییە. بەڵام بوزاوازینەهێناوە بەبەردەوامی هەولی بێسنوری لەگەڵ دەدا، تا لەکۆتاییدا سێ خاڵی گرنگی سەرەکی بۆ دەرکەوت و هەموو بۆچوونەکانی یەکلایی کردەوە

1. ڕۆح ڕزگار دەکرێت.
2. دەچێتە ناو نیرڤانەوە. ئیتر ئەم نیرڤانایە هەر ناوێکی دیکەی هەبێت وەک بەهەشت و ڕۆحی خواو، هتد گرنگ نییە.
3. بێجگە لەنیرڤانا هیچ شتێکی دیکە (وەک خوا)نییە.

پاشان، هات ڕێگایەکی نوێی داهێنا تا مرۆڤ پێش ئەوەی بمرێت، بتوانێت بگاتە نیرڤاناو هەر لەژیانی ماددی و ئاساییدا نیرڤانا بە زانستی خۆی و بە چاوی خۆی ببینێ و بەزمان و هەستیارەکانی دیکەی بچێژێت. ئەویش جۆرەوەرزشێکی رۆحییەو ناوی یۆگایە. یۆگا وەک زن و تەسەوف و جۆرەکانی دیکە هەتا ئێستا بەکار دەهێنرێت و بەشێوەیەکی

---

[164] قصة بوذا / عبدالعزیز احمد الذكي ص(75)

[165] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (98)

www.xwdakan.com net org



زۆر لەوڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا تەشەنەی سەندووەو بڵاوبۆتەوە.

ئەم هاتنە دەرەوەیە لەناو لەشی. یاخود گەیشتن بە پلەی نیرڤانا، لەلای بوزییەکان پێیدەوترێت دەرباز بوون (الخلاص).[166] لەلای ئایینەکانی دیکەیش ئەم پێگەیە هەبووەو هەر یەکەیان ناوێکی تایبەتیان لێناوە. بۆ نموونە: هیندۆسییەکان پێیدەڵێن: دەرچون (الانطلاق).

هێنانە کایەی یۆگا تەنها بۆ ئەوە بوە، کە مرۆڤ بتوانێت لەژیانی ئاساییدا ڕۆحی لەلەشی خۆی دەربهێنێتە دەرەوەو لەهەندآ نهێنی تێبگات و لەبەردەوامبوونی ئازار کوشتن و ڕۆح ڕزگار کردنیشدا یاریدەدەرێکی چاک بێت.[167]

کەواتە هەموو کەسێک دەتوانێت یۆگا بکات. کەیۆگای کرد، دەتوانێت بگاتە ڕاستییەکان، کەگەیشتە ڕاستییەکان، دەگاتە حەق، کە گەیشتە حەق، ڕزگاری دەبێت.

## شتێک دەربارەی نێرڤانا

پێشتر، باسمان لەدەرچوونی هیندۆسی کرد. لەلای بوزا، لەسەر نێرڤانا دەدوێین. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە یاسای پاداشت و سزا (کارما) و دۆناودۆن (التناسخ) بنەمای ئایینەکانی هیندین و تاکە ڕێگەیەک لەناو هەموو ئایینەکانی هیندا بۆ ڕزگار بوون لەدەست لەدایکبوونەوە (التناسخ) ئەوەیە کە مرۆڤ بگاتە بەرزترین پلەی بەختەوەری و لەدنیای ماددە داببڕێت، ئەویش بە کوشتنی هەموو ئارەزووەکانووەستانی هەموو ئەو هەستیارانەی کە پەیوەندییان بە کاری چاک و خراپ، گەرم و سارد، حەرام و حەڵاڵ، تاد هەیە. جا ئەگەر مرۆڤ توانی بەم ڕێچکەیەدا تێپەڕێت،

[166] اديان العالم الكبرى ص (45)

[167] د.احمد شلبي ص (65)

ئەوا دەگاتە دەربازبوون، یا ڕزگاربوون، یا دەرچوون، کە لەئایینەکانی دیکەدا هەن بەڵام لەلای بوزا پێیدەوترێت نیرڤانا.

ئەگەر بیرمان بێتەوە باسی بوزامان کرد، کە لەژێر درەختەکەدا چۆن ڕاستییەکانی بۆدەرکەوت، بوزا لەکۆتایی ئەو ئەزمونەدا دەڵێت: -

ئارەزوو بنەمای غەم و پەژارەیە، دەروون هۆکارێکە بۆ هێنانە کایەی زەحمەتییەکان. لەبەر ئەوەیە، کە مرۆڤ خۆی لەبەر چاوەو دەڵێت (من، من، . ژنەکەم، منداڵەکانم)کە ئەوانیش هەر دەبنەوە بە (من). چونکە (من)، بێ ژن و منداڵ، بێ کەسانی خۆشەویست، ئاستی بوونی خۆی لەدەستدەدات. بۆیە ئەوانیش دەبنە بەشێک لە(من). لەکۆتایی دەرکەوتنی ڕاستییەکەداو لەژێر درەختەکەدا گوتی:

ئەگەر شوێن قسەت بکەوم، ئازادی بە دەستدەهێنم ؟ ئەویش لەوەڵامدا پێیوت :

- بەڵێ، بەڵێ، ئازادی بەدەستدەهێنیت.[168]

کەواتە نیرڤانا گەیشتنە بە حەقیقەت. تێپەڕاندنی خۆپەرستی و دونیاویستنەو پشتگوێ خستنی هەموو ئارەزووەکانە. بەڵام ئەوەی کە زۆر مەبەست بێت، ئەوەیە: مرۆڤی گۆشەگیر تەنها لەڕێی لەشەوە ناگاتە نێرڤانا !! بەڵکو دەبێت رۆشنبیرییەکیشی لەمەڕ ڕاستییەکانی ئێستاو ڕابردووش هەبێت و لەپانتایی گەمە رۆحییەکاندا یاریزانێکی باش بێت. هەموو ئەمانەش کە زەحمەتێکی زۆر بۆ کەسی گۆشەگیر درووستدەکەن، دەبنە ڕزگاربوویەک، کە چێژی نیرڤانا بکات.

- فێرخوازەکانی لای بوزا هەمان ڕێچکەی ئەویان گرتە بەرو زۆرینەیان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی، کە هەموو چەمکەکان و پێگەکانی خواو بەهەشت لەنێرڤانادا کۆدەبنەوەو هەموو چەمک و پێگەکانی دۆزەخ و شەیتانیش لەسەر زەوی کۆدەبنەوە.[169] بوزا هەمیشە ئامۆژگاری فێرخوازەکانی

[168] حبیب سعید ص(47 )

[169] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (48)

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

کردووە، کە ئەوەندە بیر لەباوەڕ (عەقیدە) و تیۆرەکان نەکەنەوەو باس لەدوای مردن نەکەن و ڕووبەڕووی ژیان و ئارەزوەکانیان ببنەوە. پێیدەوتن:

ئەی فێرخوازان. پرسیاری لەو جۆرانە مەکەن. چونکە هەموو ئەو جۆرە پرسیارانە لەهەموو سوودێک بەدوورەو کەس ناتوانێتوەڵامیان بداتەوە. ئایا رۆژێک لەڕۆژان مردوویەک قسەی کردووە ؟!! پرسیار لەغەیبانییەت و نوێبونەوەی ژیان، هیچ سوودێک ناگەیەنێت، ئەوەی بەختەوەرتان دەکات، ئێستایە ؟ نەک دوای مردن).[170]

لێرەوە نێرڤانا، ئەوەندەی دیکە پڕ دەبێتەوە لەنهێنی و بەشێوەیەکی زۆر کەمیش بوزا باسی لێوەکردووەو لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت:

((ئەی موریدەکان، نیرڤانا جۆرێکە، نە زەوی تێدایە، نە ئاو، نەڕوناکی تێدایە، نە هەوا، نەجێگایەکی بێکۆتایی و نەبۆشاییەکی ڕەها، نەبەرزبونەوەی دەرک و نە نادەرکی تێدایە. نێرڤانا، نەئەم دونیایەو نەئەو دونیا، مانگ و خۆری تێدا نییە. جۆرێکە، نەهیچی تێدەچێت، نەهیچی لێدێتە دەرەوەو نە هیچی تێدا دەمێنێتەوە. نەدەمرێت و نە لەدایکدەبێتەوە. ئەم حاڵەتە بێبنەمایە تێپەڕ نابێت و کەرت نییە. کۆتایی پەژارەکانیشە)).[171]

ئەگەرورد لەکۆی گوتەکانی بوزا بڕوانین، کە دەربارەی نێرڤانا چی گوتوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بوزا زۆر بە کەمی باسی لەنیرڤانا کردووە زۆر جاریش بە ئەنقەست باسی لێوە نەکردووە. هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی، کە مرۆڤ خۆی بە چەمکەکانی میتافیزیکەوە نەبەستێتەوە. بۆیە ئێمەش ناتوانین وەک ئەوەی بوزا لێیتێگەیشتوە باسی‌نێرڤانا بکەین. یاخود لەوانەیە، بوزاو زمانی مرۆڤ نەتوانێت باس لەو چەمکە بکات. بەڵام بە هۆی هەندێک زانیارییەوە دەتوانین لەبەئاسانی کەمێک لەنێرڤانا بگەین.

[170] فلسفة اليوغا رشاد کاظم سعيد ص (69)

[171] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (169)



www.xwdakan.com net org

لەوانە، ئەگەر بە قۆناغەکانی مێژووی تێگەیشتنی بوزا بۆ خوا بگەڕێینەوە، دەبینین یەکەم جار چەمکی نێرڤانا لەلای بوزا ئەوە دەگەیەنێت، کە تێکەڵ بوونەوەی رۆحی مرۆڤ و خوایەو توانەوەی هەردووکیانە لەناو یەکتردا. بەڵام پاش ئەوەی تێگەیشتنی بوزا بۆ خوا گۆڕدراو هاتە سەر ئەوەی، کە بڵێت خوا نییەو (بە شێوەیەکی زۆر توند خوای ڕەتدەکردەوە).[172] چەمکی نێرڤانا تێگەیشتنێکی قووڵتر بە دوور لەخوا هەڵدەگرێت. بەڵام نەبوونی خوایەک، کە تا ئەو کاتە ناسراو و باو بووە، هاتووە لەژێر ناوێکی دیکەدا خوای هێناوەتەوەو مرۆڤی وا تەماشا کردووە، کە دەتوانێت بگاتە بەرزترین پلەی پاکی و زاڵبوون بەسەر هەموو پەژارەو ئارەزووەکاندا. ئەمەش ئەوەمان لەلا دروستدەکات، ئەگەر یەکێکویستی ژیانی خۆی ڕزگار بکات و ببێتە خوا، ئەوا دەبێت ژیانی ماددی خۆی ڕزگار بکات و ببێتە خوا، دەبێت ژیانی ماددی خۆی بدۆڕێنێت و لەدەستیبدات، تاببێتە خوا. ڕزگار بوونیش لە(کارما) (قانون الجزاء) بەشێکی دیکەیە لەچەمکەکانی بوزا بۆ نێرڤانا.

کەواتە مرۆڤ هەر لەم دنیایەداو هەر بە زیندوێتی، پێش ئەوەی بمرێت، دەتوانێت بگاتە نیرڤاناو ببێتە ئەو خوایەی کە بوزا مەبەستێتی و دەشتوانێت هەر لەناو نێرڤانادا بمێنێتەوە، ئەوەشواتا مردنی لاشەو مانەوەی رۆح، کە بوزا بە دارما ناوی هێناوە.

## پێنجەم
## لەبارەی ئافرەتەوە

بوزاو بوزیی، لەبارەی ئافرەتەوە هیچ گرفتێکیان نەبوە. بوزا لەگوتەو لێکدانەوەکانیدا، بەهیچ شێوەیەک باسی نێرو مێی نەکردوە. شێوەی ئاخاوتنی زمانی هیندیش، جیاوازی لەنێوان نێرو مێ ناکات وەک لەزمانی

[172] دروس في تأريخ الفلسفة ص(68)



www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

عەرەبیدا ئەو جیاوازییە هەیە. بوزا پاش ئەوەی دەگاتە حەق و بەرەو لای خێزانەکەی گەڕایەوە، بێپشوودان لەناو کۆشکەکەدا نێرو مێ کۆدەکاتەوەو قسەیان بۆ دەکات و بانگهێشتیان دەکات و داوایان لێدەکات ببنە ڕاهیب.

شاژنیووڵات (باجاباتی) دێتە لایەوەو پێیدەڵێت:

-هیندۆسی ئایینی سەرەکی ئێمە بووە، بەرهەمییەکان، پیاوانی ئایینی ئێمەبوون، هیچ کامێکیان نەیان هێشتوە ئافرەت بچێتە ناویانەوە.

-بوزا دەڵێت:

زانست و زانیارییەکانی من، بۆ هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵە، نێرو مێ، هەژارو دەوڵەمەند. چاک و خراپ. گەورەو بچوک.

-کەواتە بۆ ئێمەی ئافرەتیش !؟

-بەڵێ،

- کەواتە دەبێت وەک چۆن پیاوی ڕاهیب هەبووە ئاواش ژنی ڕاهیب هەبێت.

-بەڵێ

پاش ئەم وتوێژە، بوزا بە یارمەتی (باجاباتی) ڕێکخراوێکی بچوکی بۆ ڕاهیبەکانی ژنان دروستکردو (یوسود هارا)ی ژنی بوزا، یەکەم ژن بوو، کە ببێتە ڕاهیب.[173]

هەرچەندە لەژیانی حەوت ساڵەی ناو دارستانەکەیدا بە هیچ شێوەیەک سەیری ئافرەتی نەکردو لێی نزیک نەدەبۆوە بە هاوڕێکانیشی گوتبوو، کە(قسەیان لەگەڵ نەکەن. ئەگەر ئەوانیش قسەیان کرد ئەمان بەتەواوی ئاگایان لەخۆیان بێت).[174] بەڵام پاش ئەوەی بانگەوازیکرد، بۆچوونی گۆڕاو هەموو مرۆڤێک بە (نێر) و (مێ)وە، بەگەورەو بچوکەوە، لەیەک پلەو ئاستدابوون. ئەم بۆچونەی بوزا هەتا ئێستاش بەردەوامەو بە هەزاران ئافرەتی ڕاهیب لەهیندستان و یابان دا هەن و کار دەکەن.

---

[173] اديان الهند الكبرى – د.احمد شلبي ص(140)

[174] ثقافة الهند وحياتها الروحية والاخلاقية والاجتماعية ص (72)



دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

## گۆڕانکاری فکری و
## پێشکەوتنی فەلسەفی بوزا

بەوەی کە پێشتر لێیدواین، بۆمان دەرکەوت، کە بوزیی، لەسەرەتادا یاسایەکی ئەخلاقیو ئاراستەیەکی پەروەردەیی بووە. بەڵام پاش مردنی بوزاو سەدە لەدوای سەدە گۆڕانکاری تێکەوت و چەند مەسەلەیەکی خوایی و گەردوونی هاتنە ناو بۆچونەکانیەوە.

بوزا وەک خۆی، ئەو هەموو باسانەی رەتکردۆتەوەو داواشی لەموریدەکانی کردووە کە فکری لێنەکەنەوە. بەڵام پاش خۆی تێڕوانینێکی زۆر سەیریان بۆ کەسێتی خۆی کردو بوزایی بوو بە مەزهەبێکی فکری و لێکۆڵینەوەیەکی ئەقڵی. بوزایی کۆن و بوزایی نویێ لێک جیابونەوە. بوزایی کۆن، خۆپاککردنەوەو پەروەردەکردن بوو، بوزایی نوێش، بووە فکرو فەلسەفە. بە شێوەیەکی گشتیش هەروا دەردەچێت. بەڵام ئەم کارە پەیوەندی بە بڵاوبوونەوەیەکی بەرفراوانی بوزییەوە هەیە، کە توانی بچێتە زۆر لەوڵاتانی دراوسێیەوە. شوێنکەوتوانی لێرەو لەوی، چەندین قیاس و تەفسیری جیاواز جیاوازیان بە پێی ئەقڵ و ڕۆشنبیری خۆیان بۆ بوزی کرد. بە شێوەیەک، کە بنەماکان بە تەواوەتی بشێوێنرێن. لەوانە،

<u>یەکەم:</u> دروستبوونی گروپێک کە باوەڕیان بە یەکانەیی خوا هەبێت. بە شێوەیەک ئەو خوایە لەسەرەتادا چەند ڕۆحێکی بەرهەم هێناوەو پاشانوازی لێهێناون تا گەردوون بهێننە ئاراوەو یاسایەک بۆ بەڕێوەچوونی ئەم گەردوونە پێکبهێنن!! هەر لەناو ئەم رۆحانەشدا، ڕۆحی چاک و خراپ هەیە.

<u>دووهەم:</u> گروپێکی دیکە. وا دەبیینن، کە خوا لەناردنی ئەو ڕۆحانەدا بەئاگابووەو ڕۆحەکان توانایان لەجیاکردنەوەی کاری خراپەدا هەیەو پێویست ناکات دەخالەت لەجیاکردنەوەی چاکەو خراپەدا بکات.

سێیهەم:- گروپێکی دیکە پێیوابوو لەو کاتانەی پێویست دەکات خوا کاری خۆی بکات، دێت و کەماڵیبوونی خۆی لەمرۆڤێکدا دەتوێنێتەوەو لەشێوەی مرۆڤێکدا دەردەکەوێت. ئەو مرۆڤەش لەهەموو خۆشییەکانی ژیان دوور دەکەوێتەوەو سیفەتەکانی خوا مومارەسە دەکات. بوزاش کە مومارەسەی سیفەتەکانی خوای کردووە بۆتەیە لەبۆتەکانی خوا

چوارەم: - گروپێکیدیکە، زۆر لەوە دوورتر ڕۆیشتن و بوزایان کردە جەوهەری خوا.[175]

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەر هەموو گرووپەکان باوەڕیان بە دۆناودۆن (التناسخ) و کارما (قانون الجزاء) هەیە. پێیانوایە، هەموو جۆرێک لەجۆرەکانی بونەوەر لەناو خۆیاندا ڕۆحگۆڕکێ دەکەن، مرۆڤەکان لەناو خۆیانداو ئاژەڵەکانیش لەناوخۆیانداو.تاد. هەندێکی دیکەیشیان پێیانوابوو (وەک هیندۆسییەکان) ڕۆحی پاشا دەچێتەوە لەشی پاشایەک،. ڕۆحی گەدا، دەچێتەوە لەشی گەدایەک، وە هەروەها.

## بوزا
## لەنێوان و ئایین و فەلسەفەدا

جیا کردنەوەی بوزا لەنێوان ئایین و فەلسەفەدا، پەیوەندی بە تێگەیشتنی تاکە کەس بەرامبەر بە بانگەوازەکەی بوزاوە هەیە. ئەگەر ئایین بڕواهێنان بێت بە هێزێکی دەرەکی. ئەم هێزەش نادیار لەپشت پەردەوە توانای بەردەوامی هەبێت و هەر بووەو هەر ئەشبێت !!چارەنووس بگۆڕێت !!حەڵاڵ حەرام بکاو حەرام حەڵاڵ بکات !!سنور بۆ ڕەفتارەکانی سروشت دابنێت !! باران بە فەرمانی ئەو بباریێت !! بومەلەرزە بە فەرمانی ئەو ڕوودات !! زەوی بە فەرمانی ئەو شەق بباو ببێت بە دوو کەرتەوە !! هەموویان، شاخ، دەشت، ئاژەڵا، ماسی، ئاو، ژیان، و.. و.لە ژێر

[175] حكمة الاديان الحية / جوزيف طايير /ترجمة المحامي: حسين طيلاني ص(75)



www.xwdakan.com net org
دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org



فەرمانەکانی ئەودا بن هەموو چاکەو خراپەیەک هەر لەوەوە دەرچێت !! هەموو بونەوەری دروستکردبێت، بۆ ئەوەش دروستیکردبن هەتا بیپەرستن و قوربانی بۆ بدەن !! بێ ئەو دەست نەکەن بە ئاوداو پێڵوی چاویان نەجوڵێنن !! ئەگەر کۆیلەکانیشی لەژێر فەرمانی دەرچوون، ئەوا پەیامبەرێک دەنێرێت تا ئەو خەڵکە نەفاموهیچ نەزان و سەر لێشێواوانە بخاتەوە سەر ڕێی ڕاست و ڕێی پەرستن و کڕنوشبردنی بەردەوام و سوپاس و ستایشکردنی !! ئەگەر نا دۆزەخی هەیەو سزای ئەو گێل و نەفامانە دەدات کە ناپەرستن و نایناسن !! ئەگەر ئایین، ئەم بۆچونانە بێت، ئەوە بانگەوازەکەی بوزا ئایین نەبووە.

بوزا نە بڕوای بە خودا هەبووە نە خۆیشی بە پەیامبەر زانیوە، لەهیچ یەکێک لەدەقەکانیدا ئاماژەی بەوە نەکردووە، کە نێردراوە ئەگەر پرسیاریشیان لێکردبێت، وەڵامی بە بوونی نەداوەتەوە. بگرە چەندەها جاریش باسی کردووە، کە خودا نییەو ئامۆژگاری فێرخوازانی کردووە کە پشت بە ئیرادەکانی خۆیان ببەستن نەک شتێک کە نەیاندیوەو نەیان ناسیوەو نایبینن و نایناسن. ئامۆژگاری کردوون، کە عاشقی شتێک نەبن کە لێی دەترسن. یەکێکیان خۆشنەوێت کە داوای کڕنووشیان لێبکات. لەیەکێک نەپاڕێنەوە لەبەرامبەریدا خێرو قوربانی داوا بکات. بە چارە نووسی خۆیان ڕازی نەبن و داوای بچوکترین و سادەترین مافی خۆیان لەبچوکترین کەس و گەورەترین کەس بکەن و لەپێناویدا خۆیان بەختکەن.

(د. ابراهیم مدکور) دەڵێت:

(بوزا فەیلەسوف بووە نەک پەیامبەر. بوزا توێژینەوەی لەسەر خوا نەکردووەو هەوڵیداوە چارەسەری گرفتەکانی مرۆڤ بە ئیرادەی مرۆڤ بکات. هەر لەسەرەتاوە هەتا مردنی، ڕۆژێک لەڕۆژان پشتگیری خوای نەکردوە).[176]

لەسەردەمی بودییەکاندا باس لەخواو ڕەوشتی دینی کارێکی ئاسان

[176] دروس في تأريخ الفلسفة ص (47)

دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

بووە. پێش بوزا هەموو دیاردەیەک خوایەکی هەبووە، ساڵان تێپەڕین و ئایینی هیندۆسی خواکانی خۆی کەمکردنەوەو کردنی بە سێ خوا لەخوایەکدا (التثليث) سیانە کردن، . ئەم چەندایەتییە هەر چۆنێک بوایە بە لای خەڵکیەوە ئاسان بوو، گرنگ ئەوە بوو خوا هەبێت. جا ئەکەر یەکێک یادوان یا سیان یا هەزار. بەڵام گرانی کاری بوزا لەوەدا بوو کە هیچ خوایەکی لەخواکانی ئەوان نەویست و هەموویانی ڕەتکردەوەو بگرە ڕاشیگەیاند لەبنەڕەتدا خوا نییە. زۆر جاریش بەگژ ئەوانەدا دەچۆوە کە دەیانوت خوا هەیە. پێیوابوو، درووستکردنی خوا، بەرژەوەندی دروستکەرەکەی و شوێنکەوتوانی نەبێت هیچی دیکە نییە. کەواتە هەر کەسێک باسی بونی خوا بکات بەرژەوەندی هەیەو باجەکەشی خەڵکی ساویلکەو دواکەوتوو دەیدەن.

بە پێی بۆچوونی زۆرینەی توێژەرەوان، بوزیی بە ئایین و بوزا بە پەیامبەر نازانن. بەڵکو بوزا بە فەیلەسوف و بانگەوازەکەشی بە فەلسەفە دەزانن. بەڵام شوێنکەوتوانی بوزا، بانگەوازەکە بە ئایین دەزانن نەک بە فەلسەفە. چونکە پاش مردنی بوزا بە پێی بۆچونی مەزهەبەکان ڕوکەشێکی ئایینی وەرگرت و ئەوەندەی شوێن ڕواڵەت کەوتن ئەوەندە شوێن ناوەڕۆک نەکەوتن، ناوەرۆک بوو بە کتێبێکی پیرۆز و کەس نەیدەوێرا دەستی بۆ ببات، بوزایان کرد بە خواو پەرستگایان بۆ دروستکرد، چەند پەیکەرێکیان بۆ داناو کڕنوشیان بۆ برد. ساڵ لەدوای ساڵ بە تەواوی عەقیدەیان لەنەبوونی خواوە گۆرا بۆ هەبوونی خواو بوزا بو بە خوا.

کەواتە لەناوەڕۆکدا فەلسەفەیەو لەڕواڵەتدا ئایین. توێژەرەوانی ڕۆژئاواش، هەندێکیانوای بۆ دەچن کە ئایین بێت. لەبەر ئەوەی، کە بەرنامەکەی، بەرنامەیەکی ئایینیە، گوناهی تێدا دەسڕێتەوەو لایەنە ڕۆحییەکان لەئامێز دەگرێت و شوێنکەوتوانیش وەک عەقیدە بۆچوونەکانی

بوزایان وەرگرتووە، ئەم پێشوازییەش تەنها لەڕوی ئایینەوە دەبینرێت.[177]

بوزا دەڵێت:

بەشیکردنەوەی تیۆر هەق ناناسرێت. بەڵکو بە گرتنەبەری ڕێگای ناسین. حەق لەناو(خود) دایەو شتێک نییە بە پەنجە ئاماژەی بۆ بکرێت. گرنگ ئەوەیە تێبگەین. کارەکانم موڵکی خۆمن، کارەکانم میراتی خۆمن، کارەکانم ئەو (بەزەیی)یانەن کە هەڵیانگرتووم، کارەکانم ئەو (پەناگا)یەن کە پەنایان بۆ دەبەم. لەهەموو چاکێک چاک دێت لەهەموو خراپێکیش خراپ دێت.[178]

کەواتە بنەمای یاساکان لەئەنجامی کارکردنەکاندا دەردەکەون. نەک عەقیدەیەک لەلایەن خواوە هاتبێتونەگۆڕ بێت. بوزا هەتا ئەو کاتەی، کە دەمرێت فەرمانی پەرستنی هیچ شتێکی نەدا هیچ عەقیدەیەکی نەگۆڕی، یا دروستینەکردووە. هەرچی لایەنە ڕۆحییەکانیشە، کاریگەری دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی ڕۆشنبیری و شارستانیەت لەناوچەکەدا. دانبەخۆداگرتنی و پشتگوێ خستنی دونیاو ڕەتکردنەوەی سامانیش هەمان ئەو کارانە بوون کە دەوروبەر داوای دەکردن. بەڵام نەک وەک هیندۆسی، بەڵکو وەک ئەوەی لەڕێی ئەم بۆچونەوە ڕۆح ڕزگاری بێتوکاریگەری ئەم بانگەوازەش لەدوای بوزاوە دەردەکەوێت. بۆ نمونە جارێکیان گەنجێکی دەوڵەمەند دەیەوێت ببێتە مەسیحی، مەسیح پێیدەڵێت:

بڕۆ چیت هەیە بیفرۆشەو بەسەر هەژاراندا دابەشیکە، بەم شێوەیە گەنجینەیەکەت لەئاسماندا دەبێت، ئینجاوەرەو دوامکەوە، .، کوڕە گەنجەکە گوێی لەمە بوو دڵتەنگ بوو ڕۆیشت، مەسیح بە قوتابییەکانی گوت:-

ڕاستیتان پێدەڵێم: شتێکی گرانە بۆ دەوڵەمەند بچێتە پادشاهیتی ئاسمانەوە. دیسان دەڵێم چونە ژوورەوەی وشترێک بە کوونی دەرزیدا،

[177] عشرون قرنا" في موكب التأريخ ص(141)

[178] فلسفة الهند القديمة ص(75)



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

www.xwdakan.com net org

ئاسانترە لەچونە ژوورەوەی دەوڵەمەندێک بۆ پادشاهێتی ئاسمان.[179]
هەروەها لەئیسلامیشدا وا هاتووە کە:
يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ وَإِنْ تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ. إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ.[180]

بوزا بڕوای بە داپڵۆسین و دەسەڵات و هێز و هەڕەشەو.هتد نەبووەو چل ساڵ بانگەوازی کرد هیچ کامێک لەمانە نەبونە میوانی. خۆپاک کردنەوەو ڕێز گرتن و خۆشەویستی زیندەوەر، مرۆڤ، ئاژەڵ، یان هەر شتێکی دیکە، لەگرنگترین ڕەوشتی بوزا بووە. لەبەرئەوە، وڵاتێکی وەک یابان، کەهیچ ئایینێک و هیچ پەیامبەرێکی تێدا دەرنەکەوتووە، بەلایەوە هیچ گرنگ نییە پەیوەندییەکی رۆحی نێوان مرۆڤ و سروشت وەک لەچەمکەکانی بوزا هاتووە، وەربگرێت و بوزی لەوڵاتەکەیدا بکاتە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت.[181] بوزییەکانیش بۆ خۆیان دوو پەیکەری گەورەی بوزایان لەئەفغانستان لەسەدەکانی پێش زاییندا دروستکرد. گەورەیی ئەم دوو پەیکەرە، لەنێوان (28) و (39) مەتردا بوو. بەڵام لە(2001/3/1) دەسەڵاتی تاڵیبان لەژێر کاریگەری ئایینی ئیسلامدا، بڕیاریاندا، ئەو پاشماوە دێرینە مێژوویەو پەیوەندییە کلتورە کۆمەڵایەتییە گەورەیە بڕوخێنن. زۆر لەڕێکخراوە جیهانییەکانیش هەوڵی سەرنەگرتنی ئەم کارەیاندا، بەڵام لە(3-3-2001) دا پەیکەرەکە کەوتەبەر بڕیارە بێبەزەییەکەی تاڵیبان و لەپرۆسەیەکی یەک هەفتەییدا بە تیَ ئێن تی لە(2001/3/18) خاپووریان کرد.

[179] متى: 16:19و 24 مرقوس 10: 17و 25
[180] سورة (التغابن) الآية (14و 15).
[181] عشرون قرنا في موكب التأريخ ص (121)



دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

www.xwdakan.com net org

دەروازەکانی ئاین ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی

## سەرچاوكان


١- أ- التوراة ب- الاناجيل ج- القرأن

٢- الچلبي, د. احمد الچلبي: اديان الهند الكبرى. الطبعة الرابعة 1972 مكتبة النهضة المصرية.

٣- الچلبي, د. احمد الچلبي: الحياة الأجتماعية في التفكير الديني، دار النشر. مصر / الطبعة الثانية / 1975

٤- الألوائي, محي الدين الألوائي: الأدب الهندي المعاصر. الطبعة الثالثة 1974سوريا, دمشق.

٥- حبيب سعيد محمود: اديان العالم الكبرى, الطبعة العاشرة 1980, مكتبة النهضة المصرية.

٦- كريشنا, راما كريشنا: فلسفة اليوگا. ترجمة: رشاد كاظم سعيد, الطبعة الأولى 1988, منشورات مؤسسة بيروت, لبنان.

٧- الرامبوري, د. محمد عبدالسلام الرامبورى: فلسفة الهند القديمة. الطبعة الثانية 1953, القاهرة.

٨- الرامبوري, د. محمد عبدالسلام الرامبورى: ثقافة الهند وحياتها الروحية والأخلاقية والأجتماعية. الطبعة الثالثة 1970 منشورات مؤسسة بيروت, لبنان.

٩- گوستاف ليبۆن: حضارة الهند. الطبعة الثانية 1982بيروت, لبنان.

١٠- مظهر, سليمان مظهر: قصة الديانات. الطبعة الثانية 1998, مكتبة مدبولى.

١١- بوذا الأكبر، الأستاذ ـ حامد عبدالقادر، دار النشر ـ مصر / الطبعة الثالثة / 1972

١٢- قصة البوذا، عبدالعزيز احمد الذكى، سوريا ـ دمشق / الطبعة الأولى / 1989

١٣- حكمة الأديان الحية، جوزيف غاير / ترجمة ـ حسين الغيلانى، الجزء الأول والثانى والثالث (في مجلد الواحد) ط الثالثة / 1979

١٤- /كرم, د. يوسف كرم,و مدكور, د. ابراهيم المدكور: دروس في تاريخ الفلسفة، الطبعة الأولى 1971 بيروت, لبنان.

١٥- عشرون قرنا في موكب التاريخ، حبيب سعيد، دار النشر / القاهرة / 1991

١٦- ايران في عهد الساسانيين، كريستنسن. ترجمة. يحى الخشاب، الطبعة الأولى / 1981

١٧- الفارحي, د. هلال الفارحى: اساس الدين, الطبعة الثانية / 1985, مكتبة مدبولي, القاهرة

١٨- اليعقوبي, د. كاظم اليعقوبي: الله في المسيحية , الطبعة الخامسة 1992بيروت, لبنان.

١٩- محمد رسول الله، جوين سيرز. ترجمة عبدالحليم محمود، دار الأرقم. كويت / 1983

٢٠- الحدادو د. عبدالوهاب الحداد، المجتمع الأسلامي، دار العلم. قاهرة / 1975

٢١- العقيدة والشريعة، علي المحفوظ، مصر / 1985

٢٢- ويل ديورانت، قصة الحظارة، مجلد الثاني / الجزء الثالث والرابع / قسم / الهند وجيرانها

٢٣- فلسفة الخليقة، كاظم ناصر الحسن، مطبعة سلمي الفنية الحديثة / الطبعة الأولى

٢٤- الفصل في الملل واللأهواء والنحل، للأمام. ابي محمد علي بن حزم الظاهري / الجزء الأول والرابع

٢٥- اوضح التفاسير، ابن الخطيب، الطبعة السادسة / 1964

٢٦- النمر, عبدالمنعم النمر: تأريخ الأسلام في الهند. الطبعة السادسة 1978مكتبة النهضة المصرية.

٢٧- الهندوس المقدس، ويش، ترجمة / الأمام. سعيد الخاوي، منشورات دار العلم/ القاهرة الطبعة الأولى 1982

٢٨- اضواء على المسيحية، متولي يوسف، دار الكويتية للطباعة والنشر / الطبعة الثانية1973

٢٩- اعلام الفكر السياسي، موريس كرانستون، دار النهار/ بيروت لبنان / الطبعة الثانية1981

٣٠- دراسات في التاريخ الأوروبي الحديث، د. سعد زغلول عبد ربه، دار المعرفة الجامعية1983

٣١- المسيحية والعلوم الأجتماعية، د. وجيه الكوثراني، دار التعارف للمطبوعات / الطبعة السادسة / 1993

٣٢- نضام الحكم والأدارة الغربية، د. مهدي توفيق، القاهرة / الطبعة الثانية / 1991

٣٣- كرم, د. يوسف كرم: تاريخ الفلسفة اليونانية, الطبعة التاسعة 1994, بيروت ,لبنان.

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org

٣٤- التوراه ـ تاريخها وغاياتها، ترجمة / سهيل اديب، دار النفائس / بيروت / 1972
٣٥- القدس، سمير جرجيس، مؤسسات فلسطنية، بيروت / 1989

دەروازەکانی ئاین لە نێوان زەوی و ئاسماندا .. بەرگی یەک و دوو مەریوان هەڵەبجەیی
www.xwdakan.com net org
www.xwdakan.com
مەریوان هەڵەبجەیی
Mariwan Halabjaee
www.xwdakan.com